# ڕۆشنبیر و دەسەڵات



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڕۆشنبیر و دەسەڵات

حەمەسەعید حەسەن



کتێب: ڕۆشنبیر و دەسەڵات
نووسینی: حەمەسەعید حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٣٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٩٦٦)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# ڕۆشنبیر و دەسەڵات

(لە تەنگانەدا، ئەوە تەنیا تۆی بە هانامەوە دێیت، کە جێ نییە تێیدا بسرەوم، ئەوە تەنیا تۆی داڵدەم دەدەیت، ئەی وشەی جوان و بوێر! ئەگەر تۆ نەبای، چۆن بەرگەی تەنیایی و غەریبیم دەگرت؟ ئەگەر تۆ نەبای، بە چی سەنگەرم لە دەسەڵات گرتبا، بە چی تۆڵەی میللەتم لە حیزب کردباوە؟)

حەللاج چونکە خاوەنی خودی خۆی بوو، چونکە ئەوەی دەگوت، کە دەبوو بیلێیت، دەسەڵات هەردوو دەست و هەردوو لاقی بڕییەوە. حەللاج وەک سیمبۆلی گوتنی ڕاستی، بە نەمریی مایەوە، وەلێ ئەو خەلیفەیەی فەرمانی کوشتنی ئەوی دەرکرد، هیچی جوانی لە پاش جێ نەما. ڕۆشنبیر بڕوای بە چی هەبێت، ئەوە دەنووسێت، بێ ئەوەی گوێ بە زەبری دەسەڵات بدات. ڕۆشنبیر مەرج نییە فەیلەسووف یان بیرمەند بێت، بەڵام مەرجە بە پلەی یەکەم، ئازادیی ئینسانی بە لاوە مەبەست بێت. ڕۆشنبیر کەسێکە بوێر، لە ڕێی لێکدانەوە و ڕەتکردنەوەی واقیعەوە، بۆ گۆڕانکاری هەوڵ دەدات، بڕوای بە دیالۆگ و هەبوونی جیاوازیی هەیە و دەزانێت ئەوە دەسەڵاتە کە ئیدیۆلۆگیی (پیرۆز!) بەرهەم دەهێنێت، بۆیە لە کن وی ئینسان پیرۆزە، نەک ئەم یان ئەو فیکر.

ئەوی بیر و بۆچوونی خۆی بە پیرۆز بزانێت و هەر کەس وەک خۆی بیری



نەکردەوە، بە نەزان، ناپاک یان کافری نێوزەد بکات، هەر چییەک بێت، ڕۆشنبیر نییە. خانی، حاجی قادری کۆیی، جەمیل سائیب، قانیع، عەبدولخالیق مەعروف و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، چونکە ڕێبواری کاروانی حەقیقەت بوون، چونکە ڕەخنەیان دەگرت و قسەی دڵی خۆیان دەکرد، بۆیە دەتوانین بێ دوودڵی بە ڕۆشنبیریان لە قەڵەم بدەین. ئەوی لە بوارێکی دیاریکراودا شارەزایی هەبێت و ئەو شارەزاییەی خۆی لەبری پۆستێک و بڕێک دراو، لە قازانجی ئەم حیزب یان ئەو دەسەڵات بخاتە گەڕ، ئەوە ڕۆشنبیر نییە، کەسێکی پیشەوەرە و هیچی تر. ترۆتسکی باسی شۆڕشی بەردەوامی دەکرد، هیچ شۆڕشێک بە بەردەوامی نامێنێتەوە، ئەگەر ڕۆشنبیر بخوازیت هەر بە ڕۆشنبیر بمێنێتەوە، پێویستە هەمیشە لە شۆڕشدا بێت.

ڕۆشنبیر لە بازنەی هیچ دەسەڵاتێک و لە قەفەزی هیچ حیزبێکدا گیر ناخوات. لەسەر ئەو هێڵە ناڕوات کە زۆربە لەسەری دەڕۆن، جیاواز دەژی و جیاواز دەپەیڤێت، داب و نەریتی سەروەر ڕەت دەکاتەوە، پێش ڕووداو دەکەوێت، دوور لە پۆل دەخوێنێت و مێگەل تووشی حەپەسان دەکات. لە هەر شوێنێک لیستی (تاریک) هەبێت، ناوی (ڕۆشن)بیری تێدایە. ئێشت چییە؟ ڕۆشنبیرم! کە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری بوو بە پیشە، ئیدی جیاوازی لە نێوان (شاعیر) و (تاجیر)دا نامێنێت. ئەوە ئەو (شاعیرانەی) گۆرانییان بە باڵای سەددام حسێندا هەڵدەگوت، کە ئەو قارەمانە (مەزنە)یان لەو کونە (بچووکە)دا بینی، چۆن یەکسەر لاڵ نەبوون؟

ڕۆشنبیر، کەسێکە شارەزاییەکەی لە پێناوی سوودی خەڵکدا و بۆ جوانترکردنی ژیان تەرخان بکات، بێ ئەوەی گوێ بە قازانجی خۆی بدات. ڕۆشنبیر کەسێک نییە زەندەقی لەم دەسەڵاتدار یان ئەو سەرکردە چووبێت، کەسێکە چونکە چەکی مەعریفەی پێیە، دەسەڵاتداران لێی دەترسن.

ڕۆشنبیر نە خاوەنی پۆستی باڵایە، نە خەرمانی دراو، تەنیا وشەی جوان و بوێر شک دەبات، وەلێ وشەکانی دەسەڵاتێکی هێندە کاریگەریان هەیە، دەسەڵات و دراوداران ئێرەیی پێ دەبەن. ئەم و ئەو لە ڕێی دەسەڵاتەوە دەبنە خاوەنی سامان و ئەگەر خاوەنی سامانیش بن، دەسەڵات پەیدا دەکەن. دەسەڵات و سامان، دوو ڕوخساری یەک دراون. ئەگەر ڕۆشنبیر بە دراو بچوێنین، ئەوا دوو ڕوخسارەکەی ئەو، بریتین لە مەعریفە و بوێری. ڕۆشنبیر بە زمانێکی باڵا بانگ دەدات، ئاخر بە زمانێکی ڕووت و ڕەجاڵ، ژیان دەوڵەمەند ناکرێت، ئاخر فیکری ڕەخنەگرانە، پێویستی بە زمانێکی جوانە.

هەنریک هاینە گوتوویەتی: (لە هەر جێیەک کتێب بسووتێنرێت، ئینسانیش دەسووتێنرێت.) هیتلەر سەرەتا کتێبی سووتاند و دواتر کەوتە سووتاندنی ئینسان. سەرەتا کولتووری ئەڵمانیای لە کتێبی (زیانبەخش و نامۆ) پاکژ کردەوە، دواتر بۆ خاوێنراگرتنی خوێنی ئەڵمان، کەوتە سووتاندنی جوولەکە و قەرەج. هیتلەر کتێبی هەموو ئەوانەی سووتاند کە شیاوی ئەوە بوون و ئەوەن، ئەڵمانیا شانازییان پێوە بکات، هەر لە کتێبەکانی مارکس، هاینە و تۆماس مانەوە تا ئەوانی ڕیمارک، برێخت و توخۆلسکی. سەددام حسێن کتێبی نەدەسووتاند، داهێنەرانی وڵاتبەدەر دەکرد و مافی هاووڵاتیبوونی لێ دەسەندنەوە. هەموو ئەو شاعیر و نووسەرانەی شیاوی ئەوە بوون، عێراق شانازییان پێوە بکات، لە کۆماری بەعسدا جێیان نەدەبووەوە. کۆماری بەعس لە (وڵاتێکی دوو قات دەچوو، قاتی ژێرەوەی کۆقەبر و قاتی سەرەوەی زیندان بوو.) ئەو نووسەرانەشی لە چنگی بەعس قوتار ببوون و هەڵاتبوون، چونکە داوی پێوەندییان بە خوێنەرانیانەوە پسابوو، گوڵی بەهرە و توانایان، لە تاراوگە سیس هەڵگەڕا، ئاخر ئاو چەند پێویستە بۆ ماسی، خوێنەریش هێندە بۆ نووسەر پێویستە.



دەسەڵاتداری تاریکبیر، تەنیا ئەوانە بە ڕۆشنبیر دەزانێت کە زوڕنای بۆ لێ دەدەن، هەر کەس وەک ئەو بیر نەکاتەوە، بە نەزان و تەنانەت بە ناپاکیشی نێوزەد دەکات. لە ڕوانگەی دەسەڵاتداری تاریکبیرەوە، ئەگەر کۆلکە نووسەرێک وابەستەی دەسەڵات بێت، هەم خاوەنی مەعریفەیە و هەم نیشتمانپەروەریشە، وەلێ ئەگەر نووسەرێکی مەزن سەربەخۆ بێت، هەم نەزانە و هەم ناپاکیشە. لای ئەو نووسەری یاخیبوو، جاهیلە و ناپاک، نووسەری کەوی، زانایە و دڵسۆز. ئەگەر دەسەڵاتدار، خۆی بە دەمڕاستی ئیسلام بزانێت، ئەوا نووسەری یاخیبوو، جاهیلە، ناپاکە و کافریش، وەلێ نووسەری وابەستە، زانایە، دڵسۆزە و موسڵمانیش. دەسەڵاتدارێک بڕوای بە جیاوازی، فرەدەنگی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێت، نە پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی ڕۆشنبیریی دەبێت و نە هەوڵی کەویکردنی ڕۆشنبیران دەدات.

ئەوانەی دژی هیچ تاوانێکی دەسەڵات، دەنگ هەڵنابڕن، دەشێت چیرۆکنووس یان شاعیر بن، وەلێ ڕۆشنبیر نین. ئەوی خوازیار بێت بە ڕۆشنبیر بمێنێتەوە، دەستکەوت و پۆست لە خشتەی نابەن. نیازی دەسەڵات ڕوونە، بە مەبەستی کەویکردن، پۆست و دەستکەوت پێشکەشی ڕۆشنبیر دەکات. دەسەڵات دەخوازێت، پێوەندیی لەگەڵ ڕۆشنبیردا، وەک پێوەندیی نێوان دەنگ و دەنگدانەوە وابێت، ڕۆشنبیر ئەوە بڵێت، کە دەسەڵات دەیخوازێت. کە دەسەڵات ڕۆشنبیرانی کەوی کرد، ڕۆشنبیریی هەرەس دەهێنێت، ئاخر ڕۆشنبیر کە کەوی کرا، دەنگی خۆی بزر دەکات، دەنگی دەبێتە زایەڵەی دەنگی دەسەڵات و ڕۆشنبیرییەکی تێکشکاو بەرهەم دەهێنێت. ڕۆشنبیر با وابەستەش نەبێت، ئەگەر بێدەنگیی هەڵبژارد، بەشداری لە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی تێکشکاودا دەکات. ڕۆشنبیر دوور لە دەسەڵات و بە شێوەیەکی سەربەخۆ، ڕەخنە دەگرێت و لە بەرانبەر پرۆژەی دەسەڵاتدا، پرۆژەی خۆی پێیە، لە بەرانبەر پرۆژەی

کۆنەپارێزاندا، پرۆژەیەکی ڕادیکالی پێیە، بەرانبەر پرۆژەی دەوڵەمەندان، پرۆژەیەکی پێیە داکۆکی لە خواستی هەژاران دەکات، لە بەرانبەر پرۆژەی پاشکۆیەتی بۆ عێراقدا، پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانی پێیە، لە بەرانبەر پرۆژەی بەستنەوەی دەوڵەت بە ئایینەوە، پرۆژی قوتارکردنی دەوڵەت لە ئایینی پێیە. ئەندریە مالرۆ ئەو ساڵانەی کە وەزیری ڕۆشنبیری بوو، کە بەشێک بوو لە دەسەڵات، هەم (وەزیر) و هەم (ڕۆشنبیر)یش بوو، ئەدی بۆچی دەڵێن: ڕۆشنبیر شەکرە، هەر کە لە پەرداخەئاوی دەسەڵات نزیک بووەوە، تێیدا دەتوێتەوە؟ ئاخر ئەوی بە مالرۆ دەکرا، ناڵێم مەحاڵە، بەڵام ئەستەمە بە ڕۆشنبیرێکی دیکە بکرێت. ڕۆشنبیر کەسێکە هەست بە نامۆیی دەکات و هەرگیز لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا کە تێیدا دەژی، ناگونجێت و هەمیشە خەو بە کۆمەڵگەیەکی جوانترەوە دەبینێت.

هەیە لاقێکی لە مزگەوت و لاقەکەی دیکەی لە مەیخانەدایە، بەشێکی گرنگ لە خۆ بە ڕۆشنبیرزانانی کوردیش، پێیەکیان لای دەسەڵاتە و پێیەکەی تریان لە سەنگەری دژایەتیکرنی دەسەڵاتدایە. یان بە گوتار لایەنی کولتووری ئەورووپا دەگرن، کەچی وەک خێڵەکییەک ڕەوتار دەکەن، دروست وەک لە قورئاندا هاتووە، ڕەوتاریان لەگەڵ گوتاریاندا ناکۆکە، شتێک دەڵێن و شتێکی دیکە دەکەن.(١) بەشێکی باش لە ڕێبەرانی حیزبە کوردییەکان، تا بەعس هەرەسی نەهێنابوو، هەمان تاکتیکیان پیادە دەکرد، بە ئاشکرا شۆڕشگێڕ بوون و بە نهێنی دەستیان لەگەڵ دوژمندا تێکەڵ کردبوو.

ئەو ڕۆشنبیرانەشی لە تاراوگە گیرساونەتەوە، هەست بە نەبوونی ڕەگوڕیشە دەکەن، ئاخر وەک زێدی خۆیان لە کیس چووە، نیشتمانێکی دیکەیان نەبینیوەتەوە، بۆیە وێڕای لە خۆ بێگانەبوون، وێڕای غەریبیی کولتووری، دەروونی و فیکری، نامۆییەکی دیکەش، کە نامۆیی جێگەیی، یان دوورەوڵاتییە، چنگی لە ڕۆحیان گیر کردووە.



لەم دنیایەدا غەریبم،
غەریبم و غەریبی دەردێکی سەختە
من لە خودی خۆم غەریبم،
غەریبم و بۆ زێدی خۆم،
هەموو دنیام تەی کرد و نەمدۆزییەوە،
غەریبم و دنیا گەڕام
بەڵام تووشی کەسێک نەهاتم بمناسێت.[٢]

فارابی دەڵێت: ( ئەوی لەنێو خودی خۆیدا بێت، خاوەنی خودی خۆیەتی، ئەوی لەنێو ئامێرێکدا بێت، خودی هی خۆی نییە، هی کەسانێکی دیکەیە.) حیزب ئامێرە، ئەوی لەنێو حیزبدا بێت، خودی خۆی لە کیس دەچێت و لە خۆی نامۆ دەبێت. ئینسان پێش ئەوەی سەر بە خێزانێک، خێڵێک، حیزبێک، دەسەڵاتێک، ئایینێک یان وڵاتێک بێت، پێویستە سەر بە خودی خۆی بێت. نەففەری دەڵێت: (ئەگەر تایبەت وەک تایبەت ڕەوتار نەکات، دەفەوتێت.) دەبێت ڕۆشنبیر کە کەسێکی تایبەتە، هەمیشە ئەو مۆچیارییەی نەففەری ڕەچاو بکات، ئەگەر نا تایبەتبوون لە دەست دەدات و دەبێت بە یەکێک لە عەوام. گەییشتن بە پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتیی بڵند، بێ ئەوەی شکۆمەندیی خۆت لە دەست بدەیت، ئەستەمە، ئاخر بۆ ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، سەر لە هەور بسویت، دەبێت داوێنت لە زەلکاودا بێت، دەبێت ناپاکیی لە هەموو ئەو بەها بەرز و جوانانە بکەیت کە ساڵانێک داکۆکیت لێ دەکردن، ئاخر بۆ ئەوەی سامان ببەیتەوە، دەبێت ویژدان بدۆڕێنیت.

ڕۆشنبیر کە ڕەخنە لە واقیع دەگرێت، بەوە ڕاستەخۆ بە گژ دەسەڵاتدا دەچێتەوە، ئاخر فۆکۆ گوتەنی: (ئەوە دەسەڵاتە کە واقیع بەرهەم دەهێنێت.) لە هەر کوێیەک چەوساندنەوە هەبێت، بەرەنگاربوونەوەش

دەبێت، یان وەک فۆکۆ دەبێژێت: (لە هەر جێیەک دەسەڵات هەبێت، بەرەنگاربوونەوەش دەبێت،) بۆیە چیرۆکی ململانێی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر، ئەگەر ڕۆشنبیر مل بۆ دەسەڵات کەچ نەکات، چیرۆکێکە بێ کۆتاییی، ئاخر وەک چۆن مێژوو بریتییە لە ململانێی نێوان چینەکان، مێژووی 〈ڕۆشنبیر〉یش، بریتییە لەو شەڕانەی لەگەڵ دەسەڵاتدا دەیانکات.

من ئەوەندە هۆگری تۆم
گەر تەمەن قەرز کرابا
عومرێکی دیم قەرز دەکرد
ئەویشم هەر
لەگەڵ تۆدا بەسەر دەبرد
ئەی وشەی ناسک و ئازا!

2005. 04. 25

---

(١) یقولون ما لا یفعلون.

(٢) جوبران خەلیل جوبران.



## دیوانێکی بێ شیعر

(تا ماتەمی گوڵ، تا خوێنی فریشتە)(*) بریتییە لەو کارە (شیعر)ییانەی بەختیار عەلی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ تا ٢٠٠٤ بەرهەمی هێناون. لە (دیوان)ەکەدا کە لە ٥٥٠ لاپەڕە پێک دێت، ڕوو بە ڕووی زۆر شت دەبیتەوە، تاقە شتێک کە بێ ویژدانی و زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم تووشی نابیت، شیعرە. کێشەکە ئەوە نییە، من دژی نوێکردنەوەی شیعر بم، کێشەکە ئەوەیە لەو بەرهەمە ئەستوورەدا، نە هەستم بە هەبوونی پەخشانەشیعر کرد، نە بە هەبوونی پەخشانی ئەدەبی. جێی سەرنجە لە ڕۆمانی بەختیار عەلیدا شیعر هەیە، کەچی لە دیوانیدا ئەوی نەبێت، شیعرە.

لە دیوانی (تا ماتەمی گوڵ، تا خوێنی فریشتە)دا، بۆ سیاسەت بگەڕێیت، نائومێد نابیت، بۆ فیکر بگەڕێیت، بێ هیوا نابیت، بۆ ئایین، قسەی نەستەق و فەلسەفەش بگەڕێیت، کەم و زۆر تووشیان دێیت، بۆ دەربڕینی عەرەبی یان فارسی بگەڕێیت، لە هەموو لاپەڕەکانی دیوانەکەدا هەنە، بۆ هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس بگەڕێیت، بە دەگمەن تووشی دێڕێک دێیت، هیوابڕاوت بکات، وەلێ ئەگەر بۆ زمانی شیعری، وێنەی شیعری و ڕستەی شیعری بگەڕێیت، ئەوا بە درێژایی دیوانەکە، نائومێد دەبیت.

ئەگەر هەڵەی ڕێنووس بەسەر بکەمەوە، دەبێت سەرلەنوێ دیوانەکە بنووسمەوە، بۆیە ئەو لایەنە فەرامۆش دەکەم. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە ڕێزمان بدەمەوە، ئەوا دەبێت لە ئەلفوبێوە دەست پێ بکەم، ئاخر بەختیار

عەلی، تەنانەت دەرکی بەوەش نەکردووە، ئەگەر بکەر (کۆ)بوو، دەبێت کرداریش (کۆ) بێت، کە ئەم ڕێسایە، قوتابی لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا فێری دەبێت.

عەفووم کەن هەور و ئەستێرە،

عەفووم کەن خۆر و مانگەشەو. ل٢٧

جوانتر وابوو، بڵێت:

بمبەخشن مانگ و ئەستێرە،

لێم خۆش بن، خۆر و مانگەشەو.

دۆستایەتی، پرگاڵی دەستی من بوو،

نەمتوانی بازنەیەکی (لێ) دروست بکەم. ل٣٣

لەبری (لێ،) (پێ) بۆ ئەو ڕستەیە، ڕاستە.

پرگاڵەکانت بخەیتە کار، (دووریی) تەنیایی خۆت و گوڵەکان بپێویت.

تێبگەیت (گۆشە)ی نێوان شەیتان و فریشتە لە باغدا چەندە. ل١١٥

نە دووریی و نە گۆشە، هیچیان بە پرگاڵ ناپێورێن.

هەر تۆ نیت، لە (نابەینی) ئەستێرە و باغچە و ڕووبارەکاندا سەفەر دەکەیت. ل٩١

نابەینی، کە لەم دیوانەدا چەندان جار هاتووە، هەڵەیە، (مابەینی) ڕاستە، کە عەرەبییە. مابەینی بۆ نێوانی دوو شت یان دوو کەس دەبێت، نەک زێتر. بۆیە دەبوو بڵێت:

هەر تۆ نیت لە مابەینی ئەستێرە و باغچەدا سەفەر دەکەیت.

خوایە زێڕپۆشێک (عەیارێک) لە نووری لێ جێ بمێنێت. ل٨٧

(مسقاڵێک،) بۆ ئەو ڕستەیە، ڕاستە.

بەندەری خەیاڵ، دەرگای خەیاڵ، پێخەفی خەیاڵ، باڵکۆنی خەیاڵ،



سفرەی خەیاڵ، باغی خەیاڵ، قەفەزی خەیاڵ، جەنگەڵی خەیاڵ و زیندەگیی خەیاڵ. لکاندنی خەیاڵ بەم هەموو شتانەوە، تەنیا لە یەک لاپەڕەدا،(ل٩٧) زادەی (فەقیرخەیاڵی)یە.

ئەی ئەوەی جیاوازی ناکەیت لە نێوان دەنگی میحرابە(کان) و دەنگی ئاوە(کان)ی ئیرەمدا، تۆ نە فامیت.

تۆ گەمژەیت. ل١٠٦

ڕۆژنامە زبڵەکان، شاعیرە زبڵەکان، پرۆفیسۆرە زبڵەکان و دانیشگا زبڵەکان. ل١٢١

غەزەلبێژە گەمژەکان. ل١٢٢

ژیانمان ئێستاکێ بە دەست سەرکردە و دەوڵەمەندە سوزانییەکانە. ل٢٩٢

بە ڕاست نەفام، گەمژە و زبڵ و سۆزانی، جنێون یان شیعر؟ ئەگەر (کان)ەکان قەلاچۆ بکرێن، دیوانەکە چەندان لاپەڕە کەم دەکات!

من لە پشت تەمی سەر ڕۆحی (شاهەنشاکان)ەوە، سەیرتان دەکەم. ل١١٦

تاجی ڕەشی شاهەنشاهەکانی ئاویان کردبووە سەر. ل٢٤٥

شاهەنشا، کە بە مانای شای شایان، دێت و پێویستە تەنیا یەکێک هەبێت، بەختیار عەلی ئەوەندە شەیدای (کان)ە، دوای شاهەنشاشی خستووە.

جەخار لە حەزی ئەم کالیپتۆسە مازۆشییانە بۆ ئازار. ل١١٨

مازۆشی، حەزکردنە لە ئازار، کە گوتت،: کالیپتۆسی مازۆشی، ئیدی ڕستەکە پێویستی بە (حەز و ئازار) نامێنێت.

ئەم ساقییە مازۆشییەی لە خوێنی خۆی مەزەی مازۆشیمان بۆ دەهێنێ. هەر ل١١٨

* ئیشی ساقی هێنانی شەرابە، نەک مەزە، هێنانی جامێک شەرابە، نەک (ماعوونێک) نۆکاو!

* دەتوانین، خوێن بە شەراب، یان شەراب بە خوێن بچوێنین، وەلێ خوێن لە مەزە ناچێت، با ساقییەکە مازۆشییەکی ڕادیکالیش بێت.

سەرفرازی بۆ ئەو (مووشەکە) برۆنزییانەی بەهار بۆردوومان دەکەن. ل١٢٧

ئەوی بەهار بۆردوومان یان مووشەکباران دەکات، مووشەک نییە، دەشێت بالافڕ بێت.

بە دوای ئەو شوڵکە تەڕانەدا دەگەڕێم کە دارکارییان کردووم. ل٣٥٦

شوڵک دارکاریمان ناکات، ئەوی شوڵکەکەی پێیە دارکاریمان دەکات.

وەک خورافاتپەرستێ خۆم پیشان دا. ل٢٢٨

زۆرن ئەوانەی بڕوایان بە خورافە، غەیب و ئەفسانە هەیە، وەلێ ئەوانە خواپەرستن نەک خورافەپەرست.

جانتایەکی پڕ لە (پەپوولەی پەشیمانی)م هەڵگرتبوو. ل٢٤٦

سەرنجی ئەم میتافۆرانە بدەن کە (هەردی) دایهێناون: پەپوولەی ئارەزوو، لوتکەی گەنجی، تەلاری دڵداری، بەهرەی ژاکاو، چرای ئاوات و دەفتەری ژین! بە ڕاست شانی (پەپوولەی پەشیمانی) دەگاتە داوێنی هیچ کام لە خوازە جوانەکانی مامۆستا هەردیی نەمر؟

ملیۆنەها (فرسەخی) دوورم دەدی. ل٢٤٧

خۆ فرسەخ، درەخت یان ئەستێرە نییە، تا ببینیت، مەزەندەکردنێکە بۆ پێوانی دووری، دەشێت پێنج شەش کیلۆمەترێک بێت.

(لچ هەڵقورچان، چەمۆڵە لێ گرتن،) مشتەکۆڵە و شەقازلەکانت بۆ (منە). ل٣٦٥

دەبوو بڵێت:



لچ هەڵقورتان، چەمۆڵەلێنان، مشتەکۆڵە و شەقازلەکانت بۆ منن.

بۆنی زۆنگاو و سەرەنوێلکیان گرتووە. ل٣٦٨

هەتا ماوم بێباک بە زێراب و زۆنگاوەکانتدا دێم و دەچم. ل٣٦٨

وەک بەو دوو ڕستەیەدا دەردەکەوێت، بەختیار عەلی زۆنگاو بە زەلکاو، تێگەییشتووە.

هەورێکی وەڕز و تینوو بوو، دەیویست قاچ لە (زین)ی ئەسپ گیر بکات. ل٣٣٣

ئەوی قاچی لێ گیر دەکرێت، زین نییە، ئاوزەنگییە.

هێلانەی ئەو وشانە ببینین کە تەیری دڵمان (لە سەریان) خەوتووە. ل٤٠٤

بۆ ئەو ڕستەیە (لە ناویدا) ڕاستە.

بە توندی گالیسکەکان بە ناو گەردەلوولەکاندا (باژۆ دەدەم.) ل٢٧٨

ئەو گالیسکانەم بینی کە مردووەکان (باژۆیان دەدا.) ل٢٧٩

باژۆ، کە بە مانای (لێخوڕە) دێت، (دەدا)ی ناچێتە سەر، کەسێک دەتوانێت، شتی نوێ لە زماندا دابهێنێت کە بە سەر زمانی کۆن و باودا زاڵ بێت.

مەرهەم دەدەم لەو پاوەنە سووتاوانەی کە ئێستاش ڕەش (دەچنەوانێ.) ل٣٦٢

بۆنی ئەو مەمکانەم دەوێت کە بە دەرزی لکاون بە (سینەوانێ.) ل٣٦٧

با نەتوانن، جارێکی تر هەڵفڕن و (بێنەوانێ.) ل٣٦٩

بە ڕاست ئەوە کارەسات نییە، نووسەرێکی پۆستمۆدێرن، بە زاراوەی مەڵکەندی شیعر بنووسێت کە ڕەنگە لەنێو هەموو کورددا، دە پازدە پیرێکی بێسەوادیش نەمابێت، بە (وانێ) بئاخفێت؟

محەممەد ماغووت لەمێژە گوتوویەتی:

خۆشەویستم ، ئەوان سەرقاڵی سەفەرن،

ئێمە دیلی چاوەڕوانی،

ئەوان خاوەنی سێدارەن

ئێمە گەردن،

ئەوان خاوەنی مروارین،

ئێمە برین،

ئەوان خاوەنی کازیوە و ڕۆژ و شەون،

ئێمە پێستی زبر و ئێسقان.

(بەختیار عەلی)یش دەڵێت:

هاوڕێم، ئەوان خەونیان بە پەرداخی پڕ لە مرواریییەوە دەبینی،

ئێمە شووشەی پڕ لە فرمێسکمان لایە. ل٣٠٥

لە دیوانەکەی بەختیار عەلیدا بۆ شیعری دیکەی ماغووت بگەڕێیت، نائومێد نابیت، بۆ نموونە:

ئەی نیشتمان

تاکە نهێنییەکم هەبوو، ئەویشت پێ ڕەوا نەبینیم، ل٣٥٧

ئەوەش هەر دەربڕینێکی دیکەی سووکە دەستکاریکراوی ماغووتە و بنووسی ئەم دێڕانە کردوویە بە کوردی:

نە ژوورێکت پێ بەخشیم ئۆقرەی تیا بگرم،

نە ئومێدێ، دڵم ڕۆشن بکاتەوە، ئەی نیشتمان.

پەریی سەر بەردی ئۆقیانووسەکان لێیان پرسیم. ل٢٨٩

ڕاستە شاعیر دەبێت خەیاڵی فراوان بێت، بەڵام هێجگار هێندەش فراوان نا، کە هەموو ئۆقیانووسەکان تەی بکات و وەڵامی پرسیاری



هەموو ئەو پەرییە خەمگینانەش بداتەوە!

من زێتر دەچمە ناو گۆمەکانی چێژ و سادییەتەوە. ل٤١٠

جاری وا هەیە بە وشەیەکی نەگونجاو، شیعرێک لەبار دەچێت. ئایا (سادییەت) کە دەربڕینێکی عەرەبی ڕەقوتەقە، شیعری نوێی کوردیی لێ بەرهەم دێت؟ باشتر نەبوو (سادیزم) کە ئینگلیزییە و لەسەر زمان خۆشترە و لە زمانی کوردیشەوە نزیکترە، بنووسێت؟ سادیست کەسێکە نەخۆش، چێژ لەوە وەردەگرێت، سەروەختی تێکئالان، ئازاری خۆشەویستەکەی بدات، کەواتە چێژ لەو ڕستەیەشدا زێدەیە. بەختیار عەلی ئەگەر سەروەختی نووسین، بیری لای خوێنەری هۆشیار بووایە، وشەی (چێژ)ی نەدەخستە ئەو ڕستەیەوە.

(بۆهیمییەتی) گوڵەباغ هیچ لە دانایی شەو کەم ناکاتەوە. ل٣٩٨

باڵدارە، ئەم (بۆهیمییەتەی) تۆ،

درەختە، ئەم (بۆهیمییەتەی) تۆ. ل٤٥٧

بۆهیمی، کە بە ئینگلیزی بۆهیمیانە، یاخیبوویەکە، ئەوی گوێی پێ نەدات، دابونەریتە. گۆران دەڵێت:

دەژیام ژیانی سەرسەری

نەمبوو کەس بۆ ڕابەری. دەشێت گۆران مەبەستی لە ژیانی سەرسەری، ژیانێکی بۆهیمیانە بێت. ئایا (بۆهیمییەت) نەک تەنیا بۆ شیعر، تەنانەت بۆ لێکۆڵینەوەش، هەر دەربڕینێکی ناقۆڵا نییە؟

ئەی (شەو)ی من لەناو ئەم (ڕووناکی)یەدا کە (ژەهرە،)

(قەفەز)ی من لەناو ئەم (ئازادی)یەدا کە (زیندانە.) ل١٤١

بە هۆی ئەوەوە، دیاری قەرەداغی کردوویە بە گۆرانی، ئەمە ناودارترین شیعری بەختیار عەلییە، وەلێ لەم شیعرەشدا کەوتووەتە هەڵەوە. شەو و

ڕووناکی ناکۆکن، دوای ئەوان ژەهر دێت، تا ئێرە هیچ هەڵەیەک نییە، قەفەز و ئازادی کە ناکۆکن، دوای ئەوان (زیندان) دێت کە هەر قەفەزە، هەڵەکە لە (زیندان)دایە.

بەختیار عەلی لە (شیعر)ی (ئەی ئەوەی من گوناهبار دەکەیت)دا پێمان دەڵێت:

(ئەی گەمژە لووتی تۆ لەوە زەلیلترە، بۆنی باغی من بکات.
تۆ لە جنسی مێروولەی خووساوی، من لە جنسی خودام،
تۆ پاسەوانی کەلاوەی، من ئەندازیاری (یۆتۆبیا)م،
تۆ کرپاری زبڵخانەی، من نوور و گڕ و ڕەشەبام.) ل٤١٣

(١) ناونیشانی (شیعر)ەکە، هەڵە نییە، عەرەب گوتەنی، ڕەکیکە، دەبوو بنووسێت: ئەی ئەوەی گوناهبارم دەکەیت.

(٢) یۆتۆبیا هەڵەیە، (یوتۆپیا) ڕاستە. واتا لەو وشەیەدا دوو هەڵەی کردووە، هەبوونی دوو هەڵە لە وشەیەکدا، دەکەوێتە خانەی ڕیکۆردشکاندنەوە.

(٣) لەو شیعرەدا لای کەم سێ جنێو هەیە: گەمژە، زەلیل و کرپاری زبڵخانە.

(٤) ئەگەر ئەو (شیعرە) بە هەر زمانێکی ئەورووپایی نووسرابا، خاوەنەکەی وەک ڕاسیستێک بە دادگا دەدرا، ئاخر هیتلەریش هەر ئەو بۆچوونانەی هەبوو.

لە بەردەم سەرۆکە (بێشەرەف)ەکاندا خۆم بکوژم. ل٥٣٣
جنێو هەیە لە (بێشەرەف) بەهێزتر؟
لێوی خۆی نەدامێ بۆ گۆرانی. ل٤٢٣
لێو گۆرانیی پێ ناگوترێت، فیکەی پێ لێ دەدرێت.



بە دەستە سوکراتییەکانی ژەهرێکی دیکەی بۆ هێنام. ل٤٢٤
سوکرات، ژاری بۆ کەس نەبردووە، ژاریان بۆ هێناوە.
لە هەر مەعدەنێکت بگرم، لە ستیل یا هەوا یا لم، دەڕزێیت. ل٤٢٤
ئەرێ بە ڕاست، هەوا و لمیش، مەعدەنن؟
مەحروومی کەین لە هەتوان و دەوا. ل٤٣١

(هەتوان)یش کە مەڵحەمە، جۆرێکە لە دەوا، واتا: هەتوان و دەوا، یەک شتن نەک دووان.

ناتوانم وەک شەو پڕبم لە هاواری (ئاورنگ.) ل٤٤٩

ئاونگ: شەونمە، وەلێ ئاورنگ، پریشکی وردیلەی ئاگرە. بەختیار عەلی بە درێژایی دیوانەکەی هەستی بە جیاوازیی لە نێوان ئاونگ و ئاورنگدا نەکردووە.

خۆی لە (دەهلیزەکانی) خۆیدا دووبارە دەکاتەوە. ل٤٣٩
بەرەو هەر (دەهلیزێک) بچیت لەم شارەدا
بەرەو هەر شارێک بڕۆیت لەم (دەهلیزەدا) ل٤٤٦

بە ڕاست ئەمانە قسە ڕیزکردنن یان شیعر؟ قەت شیعر بە دەهلیز و دەهالیز، پێک دێت؟

تۆ ڕاستگۆیت
کە لە ئاوی کەس (ناخۆیت.) ل٤٦٧

جاران کۆلکە شاعیران، لەبەر ڕاگرتنی کێش یان هێنانەوەی پاشبەند، زمانیان دەشێواند، ئەدی بەختیار عەلی کە بڕوای بە کێش و سەروا نییە، لە سۆنگەی چییەوە، زمان دەشێوێنێت؟ ئاخر دەبوو بنووسێت: لە ئاوی کەس ناخۆیتەوە.

بانگی سینەم کە

که بۆته سەعاتێک بۆ پێوانەکردنی (جاویدان.) ل٤٧١
(جاویدانی) ڕاستە.
دەست دەبەیت بۆ کلیلی (قاپی) کۆن. ل٤٧٧
دەبوو بنووسێت: (قاپیی،) ئاخر ئەوی کلیلی هەیە (قاپ) نییە، (قاپی)یە، بۆیە باشە خۆمان فێری ڕێنووسی کوردی بکەین. داوا لە بەختیار عەلی دەکەم، با لای کەم، نامیلکەی (ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی) کە بەدران ئەحمەد حەبیب نووسیویەتی و ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کوردستان پێیدا چووەتەوە و پەسەندی کردووە، بخوێنێتەوە.
لێویان هەیە جگەرە و مەمکی پێ (بمژن). ل٣٢٨
هەرگیز ژنەفتووتانە کەسێک بڵێت: من جگەرە دەمژم، یان بڵێت: من جگەرەمژم. جگەرە دەکێشرێت، نامژرێت.
(بازنی) دۆستە دەوڵەمەندەکانیان لە دەستیاندایە. ل٣١٨
(بازنگ) ڕاستە.
شەیتانیش دڵی لێم شکا. ل٢٤٣
دڵی شەیتانیشم شکاند، یان: شەیتانیش دڵی لێم ڕەنجا، ڕاستن.
شمشاڵ لە لێو دەترسا و (کەمان) سڵی لە (پەنجە) دەکردەوە. ل٢٢٠
پیانۆ بە پەنجە لێ دەدرێت نەک کەمان.
نەفخی هەستانەوەی ڕۆحلەبەرەکان (لێ دەدات.) ل٤٨٧
نەفخ، پێوەندی بە فوو پێدا کردنەوە هەیە، نەک بە لێدانەوە.
تەپوتۆزی باغاتی لۆکە.
باغی پەموو. ل٤٩٩
کێڵگەی پەموو یان لۆکە، ڕاستن نەک باغ.
باغچە بۆ کێ دەڕوێت؟ ل٥١٣



ئەوی دەڕوێت، باغچە نییە، گوڵە و درەخت.
قەیماغی پێغەمبەرانەمان بۆ دێنن. ل٥٠٢
بە (قەیماغ و پێغەمبەر)دا، (مەیموون و مێزەر)م بیر دەکەوێتەوە.
ئەی دیلی ئەم کەمانە سەرسامەی لە بادا مەبهوورە. ل٥٣٢
ئایا کەمانەکە هاوزەمان سەرسامە و مەبهووریش؟ یان کەمانەکە تەنیا سەرسامە و ئەوە دیلەکەیە مەبهوورە؟ بە ڕاست ئینبیهاریش هەر سەرسامبوون نییە؟
شەو و ڕۆژ لە (بانوێ)ی عەتردا مەلە دەکەن. ل٣٦٧
بانیۆ نەک بانوێ، ئەمە دروست وەک ئەوە وایە بە یۆنان بڵێیت: وێنان.
هاتم نەخشەی کۆچی نەیازکەکانتم پێ نەبوو. ل١٩٤
جلی خوێناویی نەیازکەکان. ل٢٣٦
نەیزەک: کە بە دەربڕینێکی میللی، ئەستێرەی کشاوە، تاکە، نەیازک: (کۆ)یە، وەلێ (نەیازکەکان) دوو جار (کۆ)یە، هەم بە عەرەبی و هەم بە کوردییش! کورد ناڵێت. کەراسییەکان، دەڵێت: کورسییەکان، بۆیە (نەیزەکەکان) ڕاستە.(**)

2006. 11. 30

.......................................................

(*) بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ، تا خوێنی فریشتە، کۆی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣ - ٢٠٠٤ چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٦ سلێمانی.

(** ) (لە هەموو نموونەکاندا ڕێنووسم بۆ شاعیر ڕاست کردووەتەوە.)

## پاشایەکی نیمچەڕووت

هێشتا نە لە چاپ درابوو، نە بڵاو کرابووەوە، کۆمەڵێک دەروێش کەوتنە پروپاگەندە و ڕێکلامکردن بۆی، هێشتا یەکێکی لێ سەرف نەبووبوو، نووسییان: هەزار هێندەی لێ دەفرۆشرێت و هەزار هێندە دۆلاری لێ قازانج دەکرێت! تەنانەت شێرکۆ بێکەس گوتی: (یەکێکە لە ڕۆمانە هەرە جوانەکانی دنیا!) وەک هەر چی ڕۆمانی دنیایە، هەموویانی خوێندبێتەوە و پاش بەراوردکردنێکی ورد، بەو ڕاستییە موتڵەقە گەیشتبێت! بۆ ئەوەی ئەو قسەیەی شاعیری ناوبراو (پشتخوار) بکەمەوە، دەڵێم: ڕێ دەکەوێت، لە سوێد، لە یەک ساڵدا، حەوت هەزار ڕۆمانی بۆ سوێدی وەرگێڕدراو بڵاو بکرێنەوە. هیچ گومانم نییە، لەو حەوت هەزارە، ئەو فریای خوێندنەوەی حەوتیان نەکەوتووە و ناشکەوێت، ئیدی چۆن دەزانێت، (شاری مۆسیقارە سپییەکان) یەکێکە لە ڕۆمانە دانسقەکانی دنیا! خوێنەری وریا دەزانێت، ئەو هەڵسەنگاندنە! لە نان بە قەرزدان بترازێت، هیچی دیکە نەبوو، هەر بۆیە (بەختیار عەلی)یش، ستایشنامەیەکی بۆ (کورسی)یەکەی وی نووسی؟

شاری مۆسیقارە سپییەکان، پڕە لە کەلەبەر و کەلێن و کەموکووڕی، ئەز لێرەدا، تەنیا باسی تۆزێکیان دەکەم. بەختیار عەلی لە بواری ڕێنووس و ڕێزمانی کوردیدا، ئاستنزمترین ڕۆماننووسی کوردە، ئاخر هێشتا فێری ئەوە نەبووە، واو لە کوێدا دەبێت یەکێک بێت و لە کوێدا دووان، بۆ نموونە بە درێژایی ڕۆمانەکەی (گوتی) کە بە یەک واو دەنووسرێت، بە دووی



نووسیوە! هێشتا فێر نەبووە، کام کردار پێکەوە و کامیان بە جیا دەنووسرێن. بۆ نموونە، (لێ دەهاتە دەرێ،) کە پێویستە بەسێ بەش بنووسرێت، ئەو بە یەکەوەیان دەنووسێنێت و زۆر جار یەک ڕستە وەک یەک وشە دەنووسێت! بۆ نموونە: کۆتاییان پێ هێنا، بیرم دەکردەوە، ئاوەدانیان دەکردەوە، کە سێ ڕستەن، ئەو وەک سێ وشە دەیاننووسێت! بەختیار (فلووتژەن،) دوو لەت دەکات و (هێمنی بکاتەوە،) پێکەوە دەنووسێت.ل٢٣٦) هێشتا دەنووسێت: (لەدەرگامدا. ل٤١٧) (لە/ دەرگام/ دا،) ڕاستە. یان دەڵێت: (ئەژنۆکانم دەلەرزێت! ل٥٦) کە مێردمنداڵیش دەزانێت،(دەلەرزن،) ڕاستە.

هێشتا فێری ئەوە نەبووە، بە کوڕی پوور، ل١٥٩دەڵێن: پوورزا! بازرگان و تاجیر، یەک پیشەن.ل١٦٩، زۆنگاو و هۆڕ، یەک شتن، ل.٢٢٠، شتێک نییە، ناوی: (کلۆدیشلەمە، ل٢٢١) بێت. قەت ژنەوتووتانە، کەسێک بڵێت: (بۆنی بۆکرووز؟) بەختیار تەنانەت ئەوەشی گوتووە! ل٢٧٩ هێشتا نە فێری ئەوە بووە، لۆجستیک، بخاتە ڕستەوە و نە لە مانای نۆردوو، تێگەیشتووە.ل٢٢٦ خۆی بیتلز، (کۆ)یە، ئەو نووسیویەتی بیتلزەکان!ل٢٥٨ (پێ دەچێت لەمێژە خەوتبێ و ئێستا زیندوو بووبێتەوە.ل٣٥٨) زیندوو هەڵەیە، بێدار ڕاستە. (بۆنی دەوڵەمەندی و زەنگینی لێ دێت. ل٢٦٦) بە ڕاست دەوڵەمەندی و زەنگینی هەر یەک شت نین؟ (لەو کەسەم نەبووری کە ئێوەی کوشت.) نەبووری، هەڵەیە، خۆش نەبووم، ڕاستە. (دەیانسیحرێنێ، ل٥٩٤) بەختیار تەنیا ئەو فیعلەی داهێناوە، ئەویش سەقەتە و (باژۆ)شی سەقەتاندووە، ئەوەتا نووسیویەتی: (باژۆ بدات. ل٦٠٢)

لە بەختیار وایە، (تۆمار،) بە مانای (ڕیکۆردەر) دێت. ل١٦ ئەو هێشتا لە بری (فیلم)، نە جارێک و نە دووان، بەردەوام، (فلیم) دەنووسێت. ل٨٧ لەو وایە، شار: باڵافڕ، شەمەندەفەر یان پاپۆڕە، ئەوەتا

دەنووسێت: (سەرنشینانی شار. ل٤٩) (شارێک نە لەسەر نەخشە و نە لە جوگرافیای ئەو وڵاتەدا نەبوو. ل٧٨) هەبوو، ڕاستە، نەبوو، هەڵەیە. (کۆلێژی ئەدەبی ئینگلیزی، هەڵەیە، ل٩٢ کۆلێژی ئاداب، بەشی ئینگلیزی، ڕاستە. ل٩٣

کوردییەکەی بەختیار عەلی وێڕای وشەی عەرەبی و فارسی، پڕە لە دەربڕینی عەرەبی و فارسیش، هەر لە پەڕەگرافی یەکەمی ڕۆمانەکەیەوە، دەربڕینی عەرەبی زەق زەق دیارە، ئەوە نییە، لەبری (سووریایی،) کە کوردییە، سووری، نووسیوە کە عەرەبییە. هێشتا فێر نەبووە کە چەندەها و هەزارەها، فارسین و بە کوردی دەبنە چەندان و هەزاران! یان (لە ڕاستیدا. ل٥٤٨) (فی الحقیقە)یە، کورد دەڵێت: ڕاستییەکەی.

لە بەختیار وایە، ئەدەبی ڕیالیزمی سیحراوی، بریتییە لە گوتنی شتی وا کە دەستی هیچ فشەیەک نەگاتە داوێنی. بۆ نموونە: (باغێک مەڵبەندی هەموو جۆرەکانی درەخت و باڵندە بوو. ل٢٢) یان: (گەردەلوول هەموو ئەو خێوەتگایە دەبات بۆ ئاسمان. ل٣٤١) یان: (دەتوانێت شاهنامە بەبێ وەستان لەمسەر ئا ئەوسەری بڵێتەوە. ل٣٦٥) یان: (گوێم لە خوڕەی خوێنەکەی بوو. ل٥٣٠)

سەرنجی ئەم درێژدادڕییە بدەن: (بەرپرسی بەرەی نیشتمانی، پیاوێکی سەرڕوتاوەی ورگزلە، هەموو جارێک پشتێنە شلەکەی توند دەکاتەوە و جامانە نارێکەکەی کە هەردەم بە لای چەپدا خوار دەبێتەوە، ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت. ل٢٤٠) جارانیش چیرۆکنووسی کەمبەهرە دەینووسی: (نەفەسێکی لە جگەرەکەی دا، سەیرێکی بنمیچەکەی کرد، قومێکی لە چایەکەی دا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، دەستێکی بە دەم و سمێڵیدا هێنا، قورگی خاوێن کردەوە و گوتی!) باشتر نییە، یەکسەر بنووسین: گوتی و بڕایەوە؟

هەر تێکستێک بنووسین، ددانی پێدا بنێین یان نا، خۆمان لە نێو



تێکستەکەداین و چی بخوازین ئەوەی تێدا دەڵێین. لە ڕوانگەی ئیسلامی توندڕۆوە، ئەوی موسڵمان نەبێت، کافرە، بەختیاریش بە هەمان مێتۆد بیر دەکاتەوە، ئەوەتا دەڵێت: (هەر کەسێک تێکستە گەورەکانی من پەسەند نەکات، وێڕای ئەوەی بێ بەهرەیە، ل٢١١، گەمژە و بێ دەماغیشە. ل١١)

2006. 07. 30

## منداڵێکی سەرسپی

منداڵ و شێت ڕاستگۆن منیش
منداڵێکی سەرسپیم و
سەرشێتێکی لاساری کورد. ل٤٤٢ هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا.

عەبدوڵڵا پەشێو هەر چی شیعری نووسیوە، هەموویانی لە دوو توێی دوو بەرگدا کۆ کردوونەوە و ساڵی ٢٠٠٦ لە هەولێر چاپی کردوون، پێم وایە هێشتا هیچ قەڵەمێک ئاوڕی لە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ئەو شاعیرە ناودارە نەداوەتەوە، ئەز لێرەدا هەندێک بۆچوون و تێبینی سەبارەت بەو دیوانە دووبەرگییەی دەخەمە ڕوو.

گرنگ نییە دەبا وڵات سەر و خواری
ببێتە کەللەخانەیەک. پەشێو. هەسپم هەورە و .. ل٤٧٣
أوطن هذا أم مبغى؟ موزەففەر نەواب.

جارانی زوو کە هیچ پردێکی پێوەندیی لە نێوان شاعیر و شیعردۆستدا نەبوو، شاعیران شاران و گوندان دەگەڕان و شیعری خۆیان بۆ شیعردۆستان دەخوێندەوە، ئەو شاعیرە گەڕۆکانە (ترابادۆر)یان پێ دەگوترا. گەر چی نە هیچ شاعیرێکی کورد، هێندەی پەشێو کۆڕی شیعریی گێڕاوە و نە هیچ شاعیرێکی کورد هێندەی وی جەماوەری شیعردۆستی لە دەور خڕ بووەتەوە، وەلێ لە کۆتاییدا ئەوی دەمێنێتەوە، ژمارەی کۆڕەکان نییە، بەرهەمە شیعرییەکانە. هەنووکە ئەو سەردەمە بەسەر چووە،



شاعیرێک بە دە دوازدە شیعری جوان ببێتە ئەدیبێکی مەزن. ئێستا خوێنەر وێڕای شیعری جوان، چاوەڕێی ئەوەی لە شاعیر هەیە لە بوارەکانی دیکەی ئەدەبیشدا، جێدەستی دیار بێت. بریا پەشێو ئیدی دەستی بە بەستنی کۆڕەوە دەگرت و زێتر سەرقاڵی کاری ئەدەبی دەبوو، ئاخر ئەو وێڕای ئەوەی کوردییەکی پوخت دەزانێت، دەسەڵاتی بەسەر زمانی ڕووسیشدا دەشکێت، بۆیە گەر بخوازێت، دەتوانێت چەندان دەقی جوانی ڕووسی، پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بکات.

لە نێو عەرەبدا، کۆڕی هیچ شاعیرێک، هێندەی کۆڕی شیعری موزەففەر نەوواب جەماوەری نییە. ئەگەر لە بری عەرەب، کورد بنووسین، ئەوا دەبێت، لە بری موزەففەر نەووابیش، عەبدوڵلا پەشێو ناوزەد بکەین. بڕوا ناکەم هیچ شاعیرێکی کورد هێندەی پەشێو، چەپڵەی بۆ لێ درابێت، وەلێ شیعرە جوانەکانی پەشێو، ئەو شیعرانەی نین، کە زۆرترین چەپڵەیان بۆ لێ دراوە، پێم وایە دوو جۆر شیعری پەشێو بە نەمریی دەمێننەوە، شیعرە ئەویندارییەکانی و ئەو شیعرانەشی کە زادەی (غەریبی)ین.

وەک چۆن لە شیعردا، شابەیت هەیە، لە دیوانیشدا شاشیعر هەیە. شاعیران با زۆریشیان نووسیبێت، لە کۆتاییدا هەر چەند شیعرێکی نەمریان لە پاش جێ دەمێنێت، بۆیە گەلێک شاعیر لە کۆتایی تەمەنیاندا، شیعرە هەرەجوانەکانی خۆیان، بە جیا لە بەرگێکی بچووکدا بڵاو دەکەنەوە. ڕەخنەگر ناڵێت، فلان شیعر جوانە و هیچی تر، دێت باسی ئەو هۆکارانە دەکات کە وایان کردووە فلان شیعر جوان بێت، ئەز پێشتر گەلێک جار باسی شیعری جوانم کردووە، بۆیە هەنووکە بێ شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە، لە ڕوانگەی خۆمەوە، شیعرە هەرە جوانەکانی پەشێو دەستنیشان دەکەم، بەمەش خواستێکی پەشێو جێبەجێ دەکەم، ئاخر ئەو چەند ساڵێک لەمەوبەر، خۆی ئەو داوایەی لێ کردم.

* کۆتایی چیرۆکێک، ل١٠٥ پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە.
* لەگەڵمابە، ل١٢٧ پشت لە نەوا و...
* ئەگەر ئەمجارە بێمەوە، ل٣٣٩ پشت لە نەوا و...
* سەربازی ون، ل٤٢٩ پشت لە نەوا و...
* شەفەق لە زەردەپەڕدا، ل٢٧٣ هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا.
* جاڕدانی مەرگ، ل٢٨٣ هەسپم...
* ئەگەر دیسان، ل٣٤٣ هەسپم...
* تاچرای ئێمە نەسووتێ، ل٩١ هەسپم...
* ڕۆژباش کچانی سەد ساڵ لەمەوپاش، ل٢٠٤ هەسپم...

پەشێو سەبارەت بە شیعری (دوازدە وانە بۆ منداڵان) دەڵێت: (ئەگەر ئەو شیعرەم نەنووسیبا، چارەنووسێکی دیکەم دەبوو.)ل٢١٧ پشت لە نەوا و... ڕاستە ئەو شیعرە یەکێکە لە هۆنراوە هەرە بەناوبانگەکانی، وەلێ لە کن من، یەکێک نییە لە شیعرە هەرە جوانەکانی. با شیعر دەربڕی هەڵوێستێکی فیکری و سیاسییش بێت، بەڵام شیعر زادەی نواندنی هەڵوێست نییە، با هەڵوێستەکە بوێرانەش بووبێت و چارەنووسی شاعیریشی دەستنیشان کردبێت.

پەشێو دەربارەی (دیوانی براکوژی) دەبێژێت: (ئەوی بەردەستت پێش ئەوەی شیعر بێت، هەڵوێستە، بۆ میکرۆفۆن نووسراوە، زیرەیە، قیژەیە.) ل٤٠٣ هەسپم...

ئەگەر شیعر چرپە بێت، ئەوا شیعار، هاوارە، بۆیە وەک پەشێو خۆیشی نکۆڵی لێ ناکات، هەموو ئەو شیعرانەی بۆ مایکرۆفۆنی نووسیون، شیعارن نەک شیعر. دەشێت سەدان هەزار کەس لە سەروەختێکدا لە دەوری شیعارێک کۆ ببنەوە، وەلێ هیچ شیعارێک بە نەمریی نامێنێتەوە.



سەروەختی شەڕی براکوژی، لایەنە بەشەڕهاتووەکان بێ سڵەمینەوە هانایان بۆ جنێو دەبرد، جێی سەرنجە پەشێویش بۆ دژایەتیکردنی شەڕی براکوژی، ملی هەمان ڕێی گرتووە. جنێوەکان دەخەمە نێوان دوو کەوانەوە.

(ڕووتان ڕەش بێ،)
خۆ ڕەنگەکانیشتان بەش کرد. ل٤١٤ هەسپم...
ئەوی کورد بێ و کورد بکوژێ
(زۆڵە، تەرەسە، گەوادە.)ل٤٢٦ هەسپم...
خۆت دیلی، چۆن دیل دەکوژیت؟
هەی هەزار (تف و لەعنەت)
لە گەورەی تۆ و براکەت. ل٤٣٤ هەسپم...
تەغار (توتکەبەعسی) و براکوژی لێ پەیدا بێ. ل٤٥٢ هەسپم...

تووتکەبەعسی، پێش ئەوەی جنێودان بێت بە بەعسی، سووکایەتیکردنە بە سەگ.

لە دیوانی براکوژیشدا ڕستەی شیعریی جوان هەیە، وەک نموونە:
دوو تەرم کەوتوون، تەرمی دوو برا،
دوو خەونی وەک یەک، دوو ڕەنگی جیا. ل٤٣٠ هەسپم...

پەشێو چونکە بە شیعرە کۆنەکانیدا نەچووەتەوە و جوانکاری تێدا نەکردوون، خوێنەری وریا هەست بە هەندێک کەلێن دەکات کە ئەگەر شاعیر ویستبای پڕیان بکاتەوە، بە ئاسانی ئەو کارەی بۆ جێبەجێ دەکرا. خوێنەر بە دوای دەقی جوان و بێ کەلێندا دەگەڕێت، بە چاوپۆشین لەوەی تێکستەکە بەرهەمی دەستپێکی شاعیرە یان نا. با پەشێو یەکێکیش بێت لە شاعیرە گەورەکانی کورد، با لە بواری نووسینی شیعردا، وەک

ئوستادی خۆمان سەیریشی بکەین، وەلێ وێڕای ئەو ڕاستییانە، مافی ئەوەمان هەیە، بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە، سەرنجی بەرهەمەکانی بدەین،

شیعری پەشێو کێش و سەروایان هەیە، وا هەست دەکەم هەندێک جار وشەیەک تەنیا بۆ هێنانەوەی سەروا، یان ڕاگرتنی کێش قوت بووەتەوە.

چۆن لاپەڕەی پاکی سپی
هی ڕابردووی شادی و (کپی)ل١٥ پشت لە نەوا و...

(کپی) لێرەدا، تەنیا بۆ هێنانەوەی پاشبەند، هانای بۆ براوە.

وەک چۆن پەڵەهەورێکی پڕ
کەوتبێتە بەر نەقیزەی باییێکی (وڕ.) ل٣٣٣ پشت لە...

ئەگەر بایەک وڕ بێت، توانای نەقیزە پێداکردنی نامێنێت، بۆیە ئیشی ئەو (وڕە،) تەنیا ئەوەیە، هاوسەروای (پڕە.)

دەیانەوێ خاوەن وشە
وەک هەنگ وابێ،
هەرکە بە ڕووی کاغەز (وەدات،)
بمرێ (وەکات.) ل١٥٤ پشت...

لەوانەیە لە هەر دوو بەرگی دیوانەکەی پەشێودا، پاشبەندی لەوە لاوازتر تەنیا ئەمەی دیکە بێت:

بێدەنگ بکەون بە ڕوودا،
لەژێر ڕەحمەتی (چەقوو)دا. ل١٥٥ پشت..

ئەوە نییە لەبەر چاوی کاڵی پاشبەند، (چەقۆ)ی کردووە بە (چەقوو!)

سنگت بەندەن و دەشتی مەفتەنە
ڕێی ڕەوە ئاسکی پەنجەم والاکە
لەشێک دەماری گڕی تیا نەبێ



کۆتەرەدار، داوەڵە، (لاکە.)

لاک، جەستەی بێ گیانی ئاژەڵە، بە جەستەی ئینسانی مردوو، لاشە یان تەرم دەگوترێت. ئەو هەڵەیەش زادەی گەڕان لە دووی سەروایە.

دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم
سەد قۆناغیش دوور کەمەوە
بۆنی (لاکی) ماکەرێکی (تۆپیو) دەکەم. ل٤٢٧ هەسپم...

کە گوتت لاک، ئیدی پێویست بە تۆپیو ناکات، ئەو (تۆپیوە) تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوە قوت بووەتەوە کە هاوسەروای (ئەودیوە.)

ڕەگی داکوتا (زۆر) بەتین
هەڵچوو بەرەو ئاسمانی شین. ل٥٠ پشت ...

ئەو (زۆر)ە، زۆر ناشاعیرانەیە و تەنیا لەبەر ڕاگرتنی کێش، جێی بووەتەوە.

تابلۆی هونەرم بۆ ساز (دەکاتن.) ل٣٣ پشت لە....

دەکاتن، دەربڕینێکی زێد لە پێویست ناوچەییە، (دەکات،) جوانترە، وەلێ چونکە دوو بڕگەیە و بۆ ڕاگرتنی کێشی شیعرەکە، شاعیر پێویستی بە سێ بڕگە هەبووە، بۆیە پشتی بە (دەکاتن) بەستووە. یان دەڵێت:

گەر دەتەوێ خۆشەویستییت
بە دوایدا (نێت)
ماچی ساردی ماڵئاوایی. ل٢٠٤ پشت...

ئەو (نێت)ەش، هەم ناوچەییە و هەم ناشیعری، خۆبەستنەوە بە کێشێکی دیاریکراوەوە، ناچاری کردووە، هانای بۆ ببات.

هاکا دیتت (مردواریان کرد) وەک واشەیەک. ل٣٨٥ هەسپم...

مردواریان کردەوە، ڕاستە، بۆ ڕاگرتنی کێش پاشگرەکەی فەرامۆش

کردووە. هەندێک جار توانای دەربڕین بە هانای پەشێوەوە نەهاتووە:

لە کیسەی تەمەنی خۆمان

(نرخ)ێکی تازەی بۆ (دەکڕین.) ل٢٦ پشت لە نەوا و...

هەموو شتێک نرخێکی هەیە، ئەوی دەیکڕین شتەکەیە نەک نرخەکەی. (نرخێکی نوێی بۆ، دەستنیشان دەکەین،) ڕاستە.

لەملاوە دێ

(گێژەڵووکەی لمی ئاران)

لەولاوە دێ

تەرزە و برووسک، بەفر و باران. ل٤٤١ هەسپم...

ئاران بە مانای دەشت دێت، گێژەڵووکەی لم، لە بیابانەوە دێت، نەک لە دەشتەوە.

بێ دەنگ وەستام وەک سەنگی مت

دامە قاقای پێکەنین و هیچم نەگوت! ل٣١١ پشت لە...

کە وەک بەردی مت بێدەنگ بوویت، نەدەبوو بدەیە قاقای پێکەنین، ئاخر قاقای پێکەنین، هاتنە دەنگە و بە تۆنێکی بڵندیش.

وەکو کۆبرا لەسەر پاشەڵ ڕادەوەستێ،

(گینگڵ دەدا و) دەفیشکێنێ. ل٤٥٩ هەسپم...

گینگڵدان، پێچوتل خواردنە لە تاو ئازارێکی سەخت، ئەو دەمەی مار لەسەر پاشەڵ دەوەستێت و دەفیشکێنێت، گینگڵ نادا، نیازی هەڵمەتی هەیە.

ڕەنگی وشە لە چی بکا؟

لە پەلکەزێڕینەی حەفتڕەنگ؟ ل٩٩ هەسپم هەورە و ...

پەلکەزێڕینە کە پەلکەڕەنگینە، کۆلکەزێڕینە و کەسکوسۆریشی پێ



دەڵێن، هەر یەک جۆری هەیە و هەر حەفت ڕەنگە، بۆیە ئەو ڕستەیە پێویستی بە حەفتڕەنگ نییە.

ترسێک هەیە و بەرم نادا

لێ ناگەڕێ (خاترجەم و دڵنیا) بم. ل١٥٦ هەسپم هەورە و...

خاترجەم و دڵنیا، هەردووکیان هەمان مانایان هەیە، بۆیە یەکێکیان زێدەیە، ئاخر شاعیر پێویستە هەمیشەکورتبڕی، ڕەچاو بکات.

کە من تەنیا جارێک بژیم

هەم تۆم خۆش دەوێ، هەم ئەویش،

کە من تەنیا جارێک بژیم

نە تیشکی ڕۆژ دەتۆرێنم

نە تریفەی مانگەشەویش. ل٤٣٤ پشت...

یەکێک لە خەسڵەتەکانی شیعری جوان ئەوەیە، کە ئەزبەری دەکەین و لە بیرمان ناچێتەوە. ئەمە یەکێکە لەو کۆپلە شیعرانەی بەردەوام دەیلێمەوە، وەلێ بە سووکە دەستکارییەکەوە:

کە من تەنیا جارێک بژیم

هەم تۆم خۆش دەوێ، هەم ئەویش،

نە تیشکی خۆر دەتۆرێنم

نە تریفەی مانگەشەویش.

وام پێ جوانترە، (کە من تەنیا جارێک بژیم،) دووبارە نەکەینەوە و لە بری (ڕۆژ)یش، (خۆر) بڵێین.

ئەستێرەکان

یەکەم شەوە تاریکایی دەترووکێنن. ل٢٤٥ هەسپم...

ئەگەر پەشێو شاعیرێکی لێهاتوو نەبووایە، دەیگوت:

(زەڕنەقووتەی) ئەستێرەکان

یەکەم شەوە (هێلکەی) تاریکایی دەترووکێنن.

ئەوە لەبەرچاوگرتنی ڕێسای کورتبڕییە، وای کردووە، پەشێو نە ناوی زەڕنەقووتە بهێنێت و نە باسی هێلکە بکات. جێی سەرنجە پەشێو هەمان وێنەی شیعریی لە شیعرێکی دیکەدا کە سێ مانگ دواتر نووسیویەتی، دووبارە کردووەتەوە:

بیرۆکەیەک هەڵکورماوە

تەمی ناخم دەترووکێنێ. ل٢٥٢ هەسپم...

(ئەستێرە)ی کردووە بە بیرۆکە و (تاریکایی)یش بە تەمی ناخ.

تۆش زللەیەکت لێ دەدام

هەمووت پێ (تووڕ فڕێ) دەدام. ل٣٤٥ پشت...

عەگاڵەکەی تووڕ فڕێ دا. ل٣٨٦ هەسپم...

کفن و کاژی خۆم، تووڕ فڕێ دەدەم. ل٤٦٦ هەسپم...

تووڕدان و فڕێدان، هاومانان و هەر یەک شتن! تۆ بڵێیت دەربڕینی ناوچەیەک بێت و ئەز نەمژنەوتبێت؟ هەق بوو بڵێت: عەگاڵەکەی دوور فڕێ دا.

فلیمەکە تراژیدیا بوو...

پاڵەوانی فلیمەکە...

فلیمەکەش لە ناوەختا کۆتایی هات. ل٣٤٩ پشت

لەو شیعرەدا، سێ جار لە بری (فیلم )کە ڕاستە، (فلیم)ی نووسیوە کە چەوتە. هەر لەو شیعرەدا، جارێک (بەرامبەر) و جارێکی دیکە (بەرانبەر)ی نووسیوە، کە ئەوی دووەمیان ڕاستە.

کە خورپەی دڵم بۆت هەڵدەڕێژم. ل٣١ پشت لە نەوا...



(کە خورپەی دڵمت بۆ هەڵدەڕێژم،) لەبارترە.

خوو و ڕەوشبەرزیت سوپەری شکا. ل٣٥ پشت لە ..

گەر گوتبای: (ڕەوشتبڵندیت سوپەری شکا،) ڕەوانتر دەبوو.

کوانێ نابینم، قەت بەربەستم کەی

دەربەدەرم کەی، (زویر) و پەستم کەی. ل٣٦ پشت لە..

(زیز) بۆ ئەو جێیە دروستتر و لەسەر زار خۆشترە.

بە چەند (وشە)یەک، (هێلانە سەر لێو)

شیرین، ئاگرین، کەم و (هەست بزێو.) ل٤٣ پشت...

هێلین لەسەر لێو، لەبارترە، ئاخر (هێلین)یش هەر هێلانەیە. (وشەی هەستبزوێن،) دروستە نەک هەستبزێو.

کاتێ نایە دەم، گۆپکەی مەمکی ژیان. ل٩٢ پشت لە...

گۆی مەمکی ژیان، دروستە، ئاخر (ژیان) دوو بڕگەیە، چونکە دوو بزوێنی تێدایە، ئەگەر چی کە بە حەرفی عەرەبی بنووسین، یەکەمیان دەرناکەوێت. وشەی (چیا )ش هەر دوو بڕگەیە، وەلێ لای پەشێو هەمیشە بڕگەیەکە.

(فرمێسک،) دوو بڕگەیە، ئەوانە بە هەڵەدا دەچن کە وەک سێ بڕگە: (فر، مێ، سک) دەیبیژن.

کات لەژێر باڵی ئاسماندا

خەریکە (باوێشک) دەدات. ل١٣٨ پشت...

(با، وێشک) دوو بڕگەیە، بۆ ئەوەی کێشی ئەو شیعرە تێک نەچێت، دەبێت خۆمان بە هەڵەدا ببەین و باوێشک، بە سێ بڕگە (با، وێ، شک) بخوێنینەوە.

نیازم وابوو

بتکەم بە چەپکە نێرگزێک بۆ سەر مێزم. ل١٥٦ پشت

ئایا شوبهاندنی ژن بە چەپکەن ێرگزی سەر مێز، زادەی خۆشەویستییە یان خۆویستی؟ ڕێز لە ژن نانە یان سووک سەرنجدانی؟

کە شەو دادێ، شەوی بەهار
کە تاریکی وەک تاڤگەی کل
دەڕژێتە ناو (گلێنە)ی شار. ل١٧٦ پشت...

(تاریکی وەک تاڤگەی کل،) وێنەیەکی جوانە، وەلێ کل نارژێتە نێو گلێنەی چاوەوە، دەڕژێتە چاوەوە، یان دروستتر، دەڕژێتە نێو برژانگەوە، ئاخر ژن چاوی بە کل دەڕێژێت، نەک گلێنەی چاوی، ئاخر گلێنە لە نێو کالانەی چاودایە.

کە (ژوورەکەم) جێ دەهێڵێت
تیشکی خۆر لە (ژوورەکەما)
بوخچەی خۆی دەپێچێتەوە. ل١٨٩ پشت...

بریا لەو تاقە دێڕەشیعرەدا، (ژوورەکەم)ی دووبارە نەکرباوە.

بمزانیبانە جارێکی تر
گەر حەز دەکەن سەرینی منالەکانتان
گۆڵمێخەکی لەسەر شین بێ،
(دڵی مەسیح بووکەشووشەی یارییان بێ.) ل٢١١ پشت...

پێم سەیرە، شاعیرێک بەوە قایل بێت، مندالان وەک کەرەسەی یاری، گەمە بە دڵی ناسکی حەزرەتی مەسیح بکەن!

پێ(ش) (ژ)وانی تۆ،
زۆر ژوانی تر
ڕێگەی دووریان پێ بڕیوم. ل٢٠٣ پشت...



گوتنی (ژ) لە دوای (ش) ئەستەمە و لەمپەرە لەبەردەم خورەی خۆڕسکی شیعرەکەدا، بریا گوتبای:

(بەر لە ژوانت.)

بەڵگەم پێیە، هەزار بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون
بەڵگەی (چوار ساڵ) پێکەوەبوون.ل١٧٠ پشت
بۆچی (چوار ساڵ) دوو باڵی خۆت
بۆ گەردنی من کرد بە کۆت؟ ل١٨١ پشت...

شیعر زادەی ئەوینە، بڕوام بە هەبوونی شاعیرێک نییە، تیری ئەوین دڵی نەپێکابێت، بەشێک لە شیعرە ناسکەکانی پەشێو زادەی ئەو ئەوینە چوارساڵییە شکستخواردووەن.

جیهان قەحپەیەکی کەڕە،
جیهان قەحپەیەکی لاڵە. ل٤٥٢ پشت لە...
ئەوی پێکەنی دەم نەبوو
گەڵی قەحپە ..... بوو.ل١٦٤ هەسپم...

وەک چۆن لە شیعری بەختیار عەلیدا، زوو زوو تووشی وشەی (سۆزانی) دەبیت، پەشێویش زوو زوو (قەحپە) و ناوبەناو (تەرەس) و (گەوواد)یش دەخاتە ڕستەوە.

نیشتمانی من، شانیشتمان بوو
ئاخ چیبیان لێ کرد
تەرەسی عۆجە و گەووادی دنیا. ل١٥١ هەسپم هەورە و...
دە بمکوژن تەرەسینە. ل١٥٨ هەسپم....

یەکێک لە لایەنە گەشەکانی پەشێوی گەورە شاعیر ئەوەیە، بە زمانێکی ڕەسەنی کوردی دەنووسێت و نەک هەر توانای بە زمانێکی ڕەوان نووسینی

هەیە، بەڵکو توانای گەمەکردن بە وشە و داهێنانی دەربڕینی نوێشی هەیە. دەبێت ئەوەش بڵێم، زۆر وشەی کوردی ڕەسەن لە سەرەمەرگدا بوون، سیحری شیعری پەشێو ژیانی پێ بەخشینەوە.

2006. 12. 08

..............................................

(١) عەبدوڵڵا پەشێو، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، شیعری ١٩٦٥ ـ ١٩٧٩ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠٦ هەولێر.

(٢) عەبدوڵڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، شیعری ١٩٨٠ ـ ٢٠٠٥ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠٦ هەولێر.



## ئەزموونی نووسین

عەرەب کۆمەڵێک دیالێکتی هەیە، وەلێ چونکە زمانی نووسینی هاوبەشیان هەیە، کێشەکەیان وەک هی کورد سەخت نییە کە کۆمەڵێک دیالێکتی هەیە و زمانێکی هاوبەشی نییە، هەر بۆیە نووسەری عەرەب زووتر لە هی کورد دەگاتە خوێنەرانی. زمانە هاوچەرخەکانی ئێستای ئەورووپا، کۆمەڵێک دیالێکتی زمانی لاتینی کۆنن. بۆ گەلانی ئەورووپا وا باشتربوو، وابەستەی زمانە لاتینییەکە بوونایە، نەک زاراوە ناوچەییەکان، بۆ کوردیش باشتر وایە، چی زووترە لەسەر زمانێکی ستاندارد ڕێ بکەون و دەستبەرداری دیالێکتە جۆراوجۆرەکان بن. نووسەری ڕاستەقینە کە هەر زوو دەبێتە خاوەنی دەنگێکی جیاواز، لە زیندانی (زاراوە)ی ناوچەیەکدا گیر ناخوات، بە (زمان)ێکی باڵا دەنووسێت.

ئەو گابەردە سەختەی بەرگەی زەبری قولنگ دەگرێت، بە زەبری دڵۆپە ئاو کون دەبێت، وشەی جوانیش بە هەمان کاریگەریەتیی دڵۆپەی ئاو، ڕەقترین دڵ دەسمێت. وەک چۆن ئەوە تەنیا ماسیی مردووە کە وەک ڕێڕەوی ئاو ڕێ دەکات، ئاخر ماسیی زیندوو بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ڕووبارەوە خەریکی مەلەیە، وشەی جوانیش هەمیشە بوێرە و بە پێچەوانەی بای چێژی گشتییەوە دەفڕێت. نووسەر و نووسین وەک مانگ و تریفە، یەکتری تەواو دەکەن، نووسەر و نووسین وەک دڵدار و دڵبەر وان، لە سەروەختی لە یەکتری توانەوەدا، وەک شەو و ڕۆژ وان، لە سەروەختی کازیوەدا،

وەختێک شەو و ڕۆژ بە جۆرێک تێکەڵی یەکدی دەبن، لێک جیاکردنەوەیان دەکەوێتە خانەی مەحاڵەوە و محێدینی عەرەبی بە (مارەبڕینی مەعنەویی گەردوون،) پێناسەی دەکات.

بەنرخترین سەرمایەی نووسەر وەختە، نووسەر زۆرترین وەختی خۆی بۆ خوێندنەوە، نەک نووسین، تەرخان دەکات، نووسەر زۆر دەخوێنێتەوە و کەم دەنووسێت، زۆر گوێ دەگرێت و کەم دەڵێت. نووسەر قەت بێ کار نییە، هەمیشە سەرقاڵە، یان سەرقاڵی خوێندنەوەیە، یان خەریکی نووسینە. نووسەر دەستنوێژ دەگرێت، ئینجا دەست بە نووسین دەکات، بۆ ئەوانەش دەنووسێت کە دەستنوێژ دەگرن، ئینجا دەست بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەکەن. نووسەر تا قووڵتر بە تایبەتمەندییەکانی نیشتمانەکەیدا شۆڕ ببێتەوە، زووتر سنووری وڵاتەکەی دەبەزێنێت و بە ئاسمانی جیهاندا لە شەققەی باڵ دەدات.

نووسەری ڕاستەقینە کەسێکە، سەروەختی نووسین، کڕنووش بۆ هێزی هێچ ڕێسایەک نابات، سڵ لە سەرکێشی ناکاتەوە و خۆی لە مەترسی نادزێتەوە، بەرەو ڕووی دەبێتەوە. نووسەر پێویستە بەردەوام شکۆمەندیی خۆی بپارێزێت، شکۆمەندیی نووسەر شتێکە زۆر جیاواز لە لووتبڵندیی دەسەڵاتدار. نووسەر کەسێکە وەک مێژوو، مێژووی ڕاستەقینە نەک ساختە، گوێ بۆ هەمووان ڕادەدێرێت، وەلێ تەنیا ئەوە دەڵێت کە بە دروستی دەزانێت. نووسەر پێویستە هەڵوێستی هەبێت، دەربڕینی هەڵوێست، پێویستی بە دەنگی بڵند نییە، ئاخر هەمیشە چرپە لە قیژە کاریگەرترە.

کەس گوێی لە هاواری نەجیب مەحفووز نەبووە، وەلێ تا ژیا خاوەنی جوانترین هەڵوێست بوو. ئەو هەڵوێستی خۆی بە شێوەیەکی هێمن دەردەبڕی. ئەو ڕۆمانانەی کە سەر بە ڕێبازی (شەپۆلی هۆش)ن، چونکە



زادەی ڕازی دەروون و خۆدواندنن، بۆیە هێندە لە شیعرەوە نزیکن. نەجیب مەحفووز شاعیرانە هەڵوێستی دەنواند، نەک سیاسەتکارانە، لە بری درێژدادڕی، وەک شاعیرێکی زاڵ، پشتی بە کورتبڕی، بە ڕستەی کورت و چڕ، بە ڕەمزێک کە چەند لێکدانەوەیەک هەڵبگرێت، دەبەست. کار گەییشتە ئەوەی دەسەڵات لە میسر داوایان لێ کرد، ڕەمزەکانی ڕۆمانی (منداڵانی گەڕەک) شی بکاتەوە. ئەرکی سەرەکیی نووسەر، نووسین نییە، بژارکردنی نووسینەکانیەتی، پڕکردنەوەی لاپەڕە نییە، سڕینەوەی ڕستە ناپێویستەکانە.(١)

نووسەر کە وەختی نووسینی هات، دەبێت بەژێر باری نیگەرانییەکەوە، تا ئەوی هەراسانی کردووە، نەینووسێت، ئارام ناگرێت. نووسین ئەوەیە: (بەهرە یان توانای ئەوەمان هەبێت، چیرۆکی ژیانی تایبەتیی خۆمان وا بگێڕینەوە، وەک چیرۆکەکە تایبەت بێت بە ژیانی کەسانی دیکە و چیرۆکی ژیانی کەسانی دیکەش وا بگێڕینەوە، وەک باس لە ژیانی تایبەتیی خۆمان بکەین.)(٢) ئەگەر پێت وابوو، ئەوی من دەینووسم، بەسەرکردنەوەی لاپەڕەیەکە لە ژیانت، یان باسکردنی بابەتێکە کە جێی بایەخی تۆیشە، ئەوسا بە گەرمی پێشوازی لە بەرهەمەکانم دەکەیت، ئەگەر خۆت لە نووسینەکانی مندا نەبینییەوە، زەحمەتە بایەخیان پێ بدەیت.

*

هەمەنگوای کە سەرقاڵی نووسین دەبوو، تابلۆیەکی بە دەرگای ماڵەکەیدا هەڵدەواسی، لێی دەنووسرا: (بێ ڕێککەوتنی پێشوەخت، هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە.) لە کن وی، نووسین، بەهرە نەبوو، پیشەیەک بوو، کە ئینسان دەتوانێت فێری ببێت، کەچی هاریت ستاو، نووسەری ڕۆمانی (کوختەکەی مام تۆم،) دەیگوت: (ئەوە خودایە کتێب دادەهێنێت، من بێجگە لە ئامێرێک، هیچی تر نیم.)

جارێکیان ژنە شاعیری ئەمریکایی، گیرترۆد شتاین بە هەمەنگوای دەڵێت: (تۆ دەڵێیت ڕۆژنامەنووسیت، ئاخر تۆ هەر باسی کەسەکان دەکەیت. نووسەر باسی کارەکتەرەکانی ناکات، هیچ لە بارەیانەوە ناڵێت، لێیان دەگەڕێت، خۆیان بژین و بدوێن.) عەزرا پاوەندیش پێی دەڵێت: (واز لە گوتەی پفدراو بهێنە، تا دەتوانیت بە ساکاری باسی شتەکان بکە.) هەمەنگوای پێی وابوو، ناتوانێت هاوزەمان ڕۆژنامەنووس و نووسەریش بێت، بۆیە وازی لە کاری ڕۆژنامەنووسی هێنا و بڕیاری دا، بە باشترین و ئاسانترین شێواز، سەبارەت بەو شتانە بنووسێت کە هەستیان پێ دەکات.

کارەکتەرەکانی تۆماس مان هەر ئەو کەسانە بوون کە خۆی دەیناسین، وەلێ بە شێوەیەکی قووڵتر و دەوڵەمەندتر نیشانی دەدان. کارەکتەرەکانی وەک هەڵسوکەوت، هەستکردن و بیرکردنەوە، گوێڕایەڵی ناخی خۆیان بوون، زێتر ملکەچی داهێنەرەکەیان بوون نەک کۆیلەی واقیع. هەبوون پێیان وابوو، ڕووداوەکانی ڕۆمانی بودنبروک، هێندە بەکاوەخۆ ڕێ دەکەن، کتێبەکە دەڵێیت گالیسکەیەکی لە قوڕدا چەقیوە، کەچی لە سۆنگەی ئەو ڕۆمانەوە، تۆماس مان نۆبێڵی وەرگرت.

جۆرج سیمنون دەڵێت: (جاری وا هەیە، بۆنی گوڵێک، وەرینی گەڵایەک، یان وشەیەک، ماشێنی زەینم دەخاتە گەڕ و ئیدی تا دەست بە نووسین نەکەم، هەر هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەکەم.) ئەو ئاواتی ئەوەبوو، هەمیشە بە شێوازێکی هێندە ئاسان بنووسێت، وەک ڕووی دەمی لە منداڵ بێت، بۆیە دەیگوت: (دەخوازم پەخشانێک بنووسم، ئەدەب بە خۆیەوە نەبینیبێت، دەمەوێت بۆ دۆزینەوەی ئینسان، هانا بۆ ئەو شتانە ببەم کە لەودیو واقیعەوەن. دەخوازم وەک چۆن سیزان، بە وەشاندنی سێ فڵچە، وێنەی سێوێکی دەکێشا، منیش ئاوا وشەی ئاشکرا بەکار بهێنم و ئەو وشە و ڕستانە بسڕمەوە کە تەنیا جوانن و هیچی تر.)



وەک چۆن نووسەر هەیە، کەمبەرهەمە، نووسەری وایش هەیە، هێندە دەنووسێت، دەڵێیت کارگەی نووسینی هەیە، جۆرج سیمنون، لە تەمەنی شەست ساڵیدا، نزیکەی چوارسەد ڕۆمانی نووسیبوو. ئەدگار والاس بە دە دوازدە ڕۆژێک، ڕۆمانێکی دەنووسی، بۆیە سەردەمی ئەو، لە لەندەن، جۆکێک بڵاو ببووەوە کە بە زەنگی تەلەفۆن دەستی پێ دەکرد:

(*) دەتوانم لەگەڵ ڕێزدار (والاس)دا بدوێم؟

(**) ببوورە، تازە دەستی بە نووسینی ڕۆمانێک کردووە.

* باشە، لەسەر هێڵ چاوەڕێ دەبم، تا تەواوی دەکات.

ئەدگار رایس بۆرزۆ، ئەوی (تارزان)ی نووسیوە، دەڵێت: (بۆ ئەوەی ڕۆمانێکی نوێ بنووسیت، پێویستە:

* کەسێکی نائومێد بیت.
* لە هەموو بوارێکدا تووشی نسکۆ هاتبیت.
* ژیانێکی تەواو ناخۆشت هەبێت.
* تەواو لە ژیانی شارستانی بێزار بیت.
* نە هیچ بخوێنیتەوە، نە هیچ شارەزاییت لە ڕێزماندا هەبێت.)[٣]

سۆمرست مۆم، پێی وایە، بەلزاک مەزنترین ڕۆماننووسی دنیایە و (شەڕ و ئاشتی)ی (تۆلستۆی)یش مەزنترین ڕۆمانی دنیایە. ستراخۆف سەبارەت بە شەڕ و ئاشتی دەڵێت: (وێنەیەکی تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی و هەموو ڕووسیایە. وێنەیەکی تەواوی دیرۆک و ململانێی نێوان گەلانە، وێنەیەکە هەموو شتێک نیشان دەدات، خەڵک بەختیاری، گەورەیی، کوێرەوەری و خەمی خۆیانی تێدا دەبیننەوە.)

ناخۆشترین شت بۆ ڕۆماننووس، ئەوەیە: (چرای تەمەنی، هێندە نەوتی تێدا نەمابێت، فریای نووسینی ڕۆمانێکی دیکە بکەوێت.) کە بەرەو

رووی ڕۆمانێکی گەورە دەبینەوە، دەستبەجێ هەستی پێ دەکەین، هیچ پێویستمان بەوە نییە، ڕەخنەگرێکی گەورە بین. نووسین جۆرێکە لە ددانپێدانان، ئینسان بە سابوون و ئاو، خاوێن نابێتەوە، بە گوتنی ڕاستییەکان پاکژ دەبێتەوە، بۆیە نووسەری ڕاستبێژ، لە ڕێی نووسینەوە لە هەوڵی خاوێنکردنەوەی خۆی و خوێنەردایە.

ڕۆماننووسی ڕاستگۆ خوێنەر فریو نادات، ناچێت لە پێناوی ئەوەدا خۆی جوان نیشان بدات، وێنەی کارەکتەرەکانی بشێوێنێت. نووسەری بێتوانا، نە بیرۆکەیەکی پێیە، هی خۆی بێت، نە بە بەرهەمەکانییەوە خەسڵەتێک دیارە، تا بە هۆیەوە، شێوازی نووسینی بناسینەوە. (کۆلکەنووسەر لە نمایشکەری پۆشاک دەچێت، ئاخر ئەویش جلی بەری، کە خۆی پێوە با دەدات، نە هی خۆیەتی، نە خۆی دیزاینی کردووە.)[٤]

*

ئەگەر چی سامۆیل تایلەر کۆلەردیج (١٧٧٢ ـ ١٨٣٤) دوای نووسینی شیعری (گۆرانییەک سەبارەت بە زەریاوانە پیرەکە) وەک شاعیر ناوبانگی دەرکرد،[٥] وەلێ لە ڕوانگەی (ئارسەر سیمۆنز)ەوە، لە ناو هەموو ئەوانەدا ڕەخنەی ئەدەبییان بە ئینگلیزی نووسیوە، کەسیان لە کۆلەردیج مەزنتر نەبوون. کۆلەردیج ساڵانێک بۆ سڕکردنی ماری ئەو ئازارەی هەراسانی کردبوو، هانای بۆ ئەفیون دەبرد، وەلێ دواتر بە بیرکردنەوە و ڕامان بە گژ ئازاردا دەچووەوە و دەیگوت: (بە هەمان بوێری و ئارامگرتنی ژنەوە، بەرگەی ئازار دەگرم.)

(سروودی خەمۆکی) شیعرێکی ناوداری کۆلەردیجە کە تێیدا بۆ ئەوە دەگری، توانای چێژ لە جوانیی سروشت وەرگرتنی لە دەست داوە. ڕەخنەگر پێش هەموو شتێک، پێویستە سەلیقەی ئەوەی هەبێت، چێژ لە کاری هونەری وەربگرێت و لایەنە تایبەتییەکانی بناسێتەوە. ئەوی هەست بە



لایەنە جوانەکانی کارێکی ئەدەبی نەکات، نەک هەر ڕەخنەگر نییە، بەڵکو خوێنەرێکی چاکیش نییە. جوانی ناسینەوە و چێژ لێ بینینی، زێتر پێوەندیی بە (خود)ی خوێنەرەوە هەیە. لای کۆلەردیج ڕەخنەگر، پێویستە وەک مەشخەڵهەڵگرێک، ڕێ بۆ خوێنەر ڕۆشن بکاتەوە.

شاعیر لە کەسانی ئاسایی هەستناکتر و خەیاڵفراوانترە، بۆیە سەروەختی کارەسات، ویژدانی دەهەژێت و هاوخەمیی خۆی بە شیعر بەرجەستە دەکات. شیعر تەنیا گەمەیەکی سەرنجڕاکێش نییە، تەنیا سەرچاوەی بەخشینی چێژ نییە، پێش هەموو شتێک، هۆکارێکە کۆمەکمان دەکات بۆ ئەوەی بتوانین حەقیقەت هەڵبسەنگێنین و لێی تێبگەین. کرۆکی شیعر، بەسەرکردنەوەی ڕاستییەکە بارگاوی بە سۆز و خەیاڵ. وروژاندنی هەست، کارێکی ئاسانە، ئەو شیعرەی تەنیا خەریکی وروژاندنی سۆزە، شیعرێکی باڵا نییە.

کە شیعرێکی جوان دەخوێنینەوە، سەرەتا بە جۆرێک تووشی سەرسووڕمان دەبین، کە زەحمەتە باوەڕ بە شیعرەکە بکەین، ئاخر ئاسان نییە، بڕوا بەوە بکەین، خوداوەند دەست لە کاری ئینسان وەربدات، وەک لە شیعری (هۆمیرۆس)دا، بەرەو ڕووی دەبینەوە. شیعری جوان ڕەنگدانەوەی واقیع نییە، بەڵکوو بەرهەمی ڕۆحی ئینسانە و گیانبەخشینە بە بەها مەزنە ئینسانییەکان. شیعری باڵا کە باس لە شتە تایبەتییەکانی خودی شاعیریش بکات، هەر ناوەڕۆکێکی گشتی و ئینسانیی هەیە و کە شاعیر ژیانی خۆیشی بەسەر بکاتەوە، هەر خەریکی نووسینەوەی ژیننامەی هەموو مرۆڤایەتییە. لای کۆلەردیج (ئەوە نیشانەی بلیمەتییە، کە شاعیر بابەتگەلی وا بەسەر بکاتەوە، پێوەندییەکی ئەوتۆی بە خود و کەسایەتیی خۆیەوە نەبێت.) ئەو پێی وایە، ئەوە کارێکی ئاسانە، بیروڕای خۆمان، بدەینە پاڵ کەسانێک کە زادەی خەیاڵن، ئەوە زەحمەتە، کەسانی وا بخوڵقێنین کە لە هەلومەرجێکی وادا بژین، تەواو جیاواز بێت لەو

هەلومەرجەی خۆمانی تێدا دەژین.

لای کۆلەردیج شاعیری بلیمەت کەسێکە، (وامان لێ بکات، پێگەی چینایەتی، کەسایەتی و هەلومەرجی تایبەتیی خۆمان لە بیر بچێتەوە و بگەینە ئاستی ئینسانێک کە چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتیی لە کن گرنگ بێت.) ئەو پێی وایە، شیعر ڕەنگدانەوەی واقیع نییە، بە خەیاڵکردنی واقیعە، خەیاڵ باڵاترین توانستی ئینسانە و شیعر بێجگە لە زمانحاڵی خەیاڵ، هیچی تر نییە. نەک هەر شیعر، تەنانەت فەلسەفە و هەموو داهێنانە زانستییەکانیش، زادەی خەیاڵێکی دەوڵەمەندن.

شیعر دەشێت دوو جۆر فۆرمی هەبێت، فۆرمێکی ئۆرگانیک کە زادەی خەیاڵی خودی شاعیرە، لە ناخی شیعرەکەوە هەڵدەقوڵێت و پێوەندییەکی هێندە پتەوی لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکەدا هەیە، جیاکردنەوەیان مەحاڵە، وەلێ لە فۆرمی میکانیکاڵدا، هەندێک ڕێسای پێشوەختی دەرەکی بەسەر شیعردا دەسەپێنرێت و ئیدی شیعر لە هونەرەوە دەبێتە پیشە. تەنیا شاعیری بلیمەت لە ڕێی بەگەڕخستنی خەیاڵەوە، توانای داهێنانی شیعرێکی هەیە، فۆرمەکەی ئۆرگانیک بیت و جیاوازیی نێوان فۆرمی ئۆرگانیک و فۆرمی میکانیکاڵ، وەک جیاوازی نێوان خەیاڵ و وەهم وایە.

ڕەخنەگرانی پێش کۆلەردیج بڕوایان بە دووانەی فۆرم و ناوەڕۆک هەبوو، پێیان وابوو، فۆرم و ناوەڕۆک دوو شتی جیاوازن، کێش سەر بە فۆرمە و قاڵبێکە بۆ کۆکردنەوەی ناوەڕۆک، وەلێ ئەو دەیگوت: (کێش بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتووە لە شیعر و ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕوونکردنەوەی مانای شیعردا دەبینێت و کێش و ناوەڕۆک هاوزەمان لە دایک دەبن.) لە کن کۆلەردیج (توانای چێژوەرگرن لە موسیک، بەرهەمی خەیاڵە، دەتوانین پەرە بەو توانایە بدەین، وەلێ ئەگەر خاوەنی ئەو توانایە نەبین، هەر چی بکەین نابین بە خاوەنی.) هەر بۆیە پێی وابوو، ئەوی ڕۆحی لە موسیک



تژی نەبێت، هەرگیز نابێتە شاعیر، ئەوی بە شاعیری لە دایک نەبێت، قەت لە ڕێی مەشق و خۆفێرکردنەوە، نابێت بە شاعیر و شاعیری بلیمەت بە چاوپۆشین لە هەڵکشانی تەمەنی، وەک هەست و سۆز هەر لە دۆخی منداڵیدا دەمێنێتەوە.

لای کۆلەردیج (کە لە ڕەخنەی ئینگلیزیدا، کەس پێش وی، هێندە بە قووڵی باسی خەیاڵی نەکردووە و یەکەمین ڕەخنەگرە زاراوەی سایکۆلۆژیای هێناوەتە نێو ڕەخنەوە،) شیعر: (چاکترین گوتەیە لە باشترین ڕەوشدا و یەکێک لە خەسڵەتەکانی شیعری باڵا ئەوەیە، جۆرە پێوەندییەک لە نێوان گوتەکانیدا هەیە، ئەگەر گوتەیەکی هاوواتامان لە جێی هەر گوتەیەکی دیکەی دانا، بەشێک لە جوانییەکەی لە دەست دەدات.) تەنانەت دەیگوت: (وەک چۆن ناتوانین بە دوو پەنجە بەردێک لە یەکێک لە قووچەکەکانی میسر دەربهێنین، هەرواش ناتوانین گوتەیەک لە شیعرێکی باڵای میلتۆن یان شەکسپیر بگۆڕین.) لای وی شیعری جوان، ئەو شیعرە نییە کە تەنیا لە یەکەمین خوێندنەوەدا چێژمان پێ دەبەخشێت، بەڵکوو ئەو شیعرەیە کە لەگەڵ هەمو خوێندنەوەیەکی نوێدا، زێتر چێژی لێ دەبینین.[٦]

2007. 01. 17

---

(١) العربي عدد ٥٧٧ ديسمبر ٢٠٠٦ وزارة الاعلام، الكويت.

(٢) ئۆرهان پامۆک.

(٣) س. ر. مارتين، في تجربة الكتابة، ترجمة: تحرير السماوي ٢٠٠٦ دار المدي للثقافة والنشر.

(٤) مأمون فندى ٢٠٠٧/١/١ الشرق الأوسط.

(٥) د. محمد مصطفي بدوي، كولردج، دار المعارف، الطبعة الثانية ١٩٨٨ القاهرة.

(6) Lars Johansson och Anders Melchior, Litteratures historia, tredje tryckningen, Akademi förlaget 1982 Nacka.

# کورسی و سروود

کورسی[*] دەقێکی والای شێرکۆ بێکەسی شاعیرە، ئەز لێرەدا، تەنیا تۆزێک ڕەخنە لە زمانی ئەو شیعرە درێژە دەگرم کە بە هۆی چەندان کورسییەوە، شاعیرانە مێژووی شاری سلێمانیی تێدا دەگێڕێتەوە، بەڵام پێشەکی پێم خۆشە بڵێم:

(١) لە دوای (گۆران)ەوە، کورد شاعیری لە شێرکۆ بێکەس بەتواناتری تێدا هەڵنەکەوتووە.

(٢) شێرکۆ بێکەس نەک هەر بە کوردییەکی جوان دەنووسێت، بەڵکو زمانی کوردیشی دەوڵەمەند کردووە.

(٣) کورسی، یەکێکە لە بەرهەمە زێدە جوانەکانی شێرکۆ بێکەس و چێژێکی زۆری پێ بەخشیم.

*

گەلێ شیعری (ڕۆمانسییانە)شم لەبەرە. ل٦٨

دەبوو بڵێت: گەلێ شیعری (ڕۆمانتیک)یشم لەبەرە. (ڕۆمانسییانە،) هەڵەیە، ئاخر داڕشتنێکە هاوزەمان عەرەبییشە و (کوردی!)یش. (ڕۆمانسی) چونکە خۆی ئاوەڵناوە، ئیدی پێویستی بە (یانە) نییە. ڕۆمانس، ناوە، ئاوەڵناوەکەی دەبێتە ڕۆمانتیک.

ئەم میوانە مۆسیقارە. ل١٢٤

عەرەب لە بری موزیک، مۆسیقا دەڵێن و بە ژەنیار و ئاوازدانەریش



دەبێژن: مۆسیقار. ئێمە کە پێویستە دەربڕینەکانمان کوردی بن و زمانی کوردی و عەرەبیش هیچی وا کۆیان ناکاتەوە، ناچار نین، لە داڕشتنەوەی وشەی ئینگلیزی یان فەرەنساییدا لاسایی عەرەب بکەینەوە. موزیکیار یان موزیکزان، زۆر لە مۆسیقار جوانتر و کوردیترن.

(لە ڕاستیدا) من لەگەڵ ئەم مێزەدا ناگونجێم. ل١٣٩

لە ڕاستیدا، هەر (في الحقيقة)یە، کورد دەڵێت: ڕاستییەکەی.

لە دوو سێ (شانۆنامە)دا، ڕۆڵی کۆمبارسیشم بینی. ل١٣٧

دەبوو بڵێت: لە دوو سێ (شانۆگەری)دا، ڕۆڵی کۆمبارسیشم بینی. ئاخر شانۆنامە دەقێکی شانۆیییە، کە نمایش کرا، دەبێتە شانۆگەری.

بۆنی بۆکڕووزی ژنێتیم ئەگرن. ل٢٠٥

بۆن و بۆکڕووز، یەکێکیان زیادەن، دەبوو بنووسێت: بۆنی ژنێتیم دەگرن، یان بۆکڕووزی ژنێتیم دەگرن. ئاخر بۆن و بۆکڕووز دوو شتی جیاوازن و بۆکڕووز زێتر بۆ مووی سووتاو دەبێت.

لە زایینی نەزۆک، لە (بژوێن)ی مردوو. ل٢٠٧

بۆ ئەو جێیە، ژیان، ڕاستە نەک بژوێن، چونکە بژوێن بە مانای لەوەڕگە دێت.

ئەگەر تەن(دروست)ی تەختەکانت (باش) بێ، لێرە زۆر نامێنیتەوە. ل٢٢١

دەبوو بڵێت: ئەگەر تەنی تەختەکانت دروست بێت. یان ئەگەر تەنی تەختەکانت باش یان ساغ بێت. ئاخر دروست و باش، هاوواتان، کە گوتمان دروست، ئیدی پێویستمان بە باش نابێت.

نە لە مشار، نە لە بزمار، نە لە ئاگر (نە)ئەترسام. ل٢٣٠

ئەو (نە)یەی پێش ئەترسام نەک هەر زیادەیە، هەڵەشە.

ئاو لێلایی دیدەی (هات )و ئەم پەنجەرانە کوێر نەبوون.
دەبوو بڵێت: ئاو لێلایی دیدەی (داهات.)
شاکیر فەتاح لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە (شەهید) کرا. ل٣٠٣
عەبدولخالیق مەعرووف لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە (شەهید) کرا. ل٣٠٤
بەعس ئەو دوو ڕۆشنبیرە هێژایەی (شەهید) نەکرد، (تیرۆر)ی کردن. شەهید نازناوێکە میللەت بە قوربانیی دەبەخشێت نەک جەللاد.

*

تۆ دایکمانی، خۆشەویستی، سەربڵندی، کوردستان
دێرینیت و پیرۆزیت و سۆمای چاوی هەموومان
لە باکوور بین، لە باشوور بین، لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا
ئامانج یەکە و ئاڵا یەکە و (ئازادی)یش بیروبڕوا
ئەتپارێزن بە چواردەورا وەک زنجیرەی شاخانت
شوورەی جەستە و ورەی پۆڵای (ملیۆنەهای) لاوانت
مێژووی (پ. م) چرای خوێنی شەهیدانی ئەم خاکە
تا هەتایە لەسەر سەرمان جریوەیان ڕووناکە
یەکگرتووین و بە ڕێگاوەین درشت و ورد ژن و پیاو
بۆ دواڕۆژی جوانتر لە گوڵ، ڕووناکتریش لە هەتاو.

* شیعرەکە پێنج دێڕە، پاشبەندی دوو دێڕیان ئەلف و نوونە، (دێڕی یەکەم و دێڕی سێیەم.) با شێرکۆ بێکەس گەورەترین شاعیری زیندووی کوردیش بێت، وەلێ ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت، تەنیا شاعیرۆکە هانا بۆ سەروای ئەلف و نوون دەبات.
* چونکە شیعرەکە بۆ کوردستان نووسراوە و کوردستانیش یەک نیشتمانە، چونکە شیعرەکە هەر بۆ ئێستا نا، بۆ داهاتووش نووسراوە، ئیدی هیچ



پێویستمان بەوە نییە باس لە پارچەپارچەییی وڵاتەکەمان بکەین. ئەو (باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)یەی نەدەویست. (دێڕی دووەم.)
* چونکە شیعرەکە بۆ کوردستان نووسراوە و لە کورستانیشدا بێجگە لە کورد نەتەوەی دیکەش دەژین، هەقبوو ئاماژەیەک بۆ ئەو لایەنەش کرابا.
* (ئازادییش بیروبڕوا!) (دێڕی دووەم.) ئازادی دەشێت ئامانجی خەبات بێت، وەلێ بیروبڕوا نییە.
* (ملیۆنەها،) دەربڕینێکی فارسییە، بە کوردی (ملیۆنان)ی پێ دەڵێن.
* (ئەتپارێزن،) وەک هەڵە وایە، ئاخر لە سەردەمی (نالی)یەوە کە دەکاتە زێتر لە سەدە و نیوێک بەر لە ئێستا، باوی ئەوە نەماوە، کاری ڕانەبردوو بە (ئە) بنووسین، (دەتپارێزین) دروستە، خۆ سروودەکە تەنیا بۆ خەڵکی سلێمانی نییە، بۆ هەموو خەڵکی هەموو کوردستانە.
* گوتنی (پ. م) لە بری پێشمەرگە، (دێڕی چوارەم.) دروست نییە و لاساییکردنەوەی لەشکری عێراقە کە لە بری ڕئیس عورەفاء (ر. ع) و لەباتی ئینزیباتی عەسکەری، (أ. ع) دەنووسن.
* (درشت و ورد) هەڵەیە، وردودرشت ڕاستە، ئەمە وێڕای ئەوەی وردودرشت بۆ شتومەک دەست دەدات نەک بۆ ئینسان.
* ڕاستە ئەو شیعرەی بۆ سروود دەنووسرێت، پێویستە ئاسان بێت، وەلێ نابێت هێجگار هێندەی ئەوەی شێرکۆ بێکەس، سادە و ساکار بێت.
* هەر بۆ نموونە، سەرنجی شیعری سروودی (نەورۆز)ی پیرەمێرد، (ئازادیخوا)ی هەردی، (جەژنە، جەژنی کوردستانە)ی (ع. ع. شەونم) بدەن، شیعری هەموو ئەو سروودانە و هی گەلێک سرووودی تریش، زۆر لەو شیعرەی شێرکۆ بێکەس جوانترن.
* شێرکۆ بێکەس دەڵێت: (لە شیعرەکەمدا زۆربەی شتەکانی ‹کورد›م کۆ

کردووەتەوە.) ل١٠ هەفتەنامەی ئاوێنە، (ژمارە ٤٨) ٢٠٠٦/١٢/١٢

سروود، (نیشتمانی)یە، نەک (نەتەوەیی،) دەبوو زۆربەی لایەنەکانی کوردستانی تێدا کۆ کردباوە.

* دەبوو پەرلەمان یان سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، داوای لە شاعیرانی کورد کردبا، هەر یەکی دەقێک بۆ سروودێکی نوێ بنووسن و ئەوسا کۆمیتەیەکی شارەزا و بێلایەن، لە نێو دەیان تێکستدا، جوانترین دەقی بۆ سروودی نیشتمانی هەڵبژاردبا. کێ دەڵێت بۆ نموونە: لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵلا پەشێو دەقی زۆر لەوەی شێرکۆ بێکەس، جوانتریان نەدەنووسی؟
* شیعرەکە بۆ لەبەرکردن گرانە. باشتر وابوو هەر نیوە دێڕێکی یازدە برگە بێت: (٤+ ٤+٣) نەک پازدە: (٤+ ٤+ ٤+ ٣)
* شیعرەکە چ وەک کێش و چ وەک ناوەرۆکیش هەر لە (مەشخەڵانی شۆڕشی نوێی ئەمجارە) دەچێت کە ئەویش هەر شیعری شێرکۆ بێکەسە و سروودی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە.

2006. 12. 13

(*) شێرکۆ بێکەس، کورسی، چاپخانەی تیشک، بڵاوکردنەوەی ڕادیۆ نەوا ٢٠٠٥ سلێمانی.



# هەڵدانەوەی دوو لاپەڕەی کۆن

## ١

ساتیرنووس ئەگەر خاوەنی مەسەلەیەک نەبێت، دەبێتە قۆشمەچی، هونەری ساتیرنووسین، لە هونەری نووسینی ڕەخنە، شیعر و چیرۆکی ئاسایی دژوارترە، ئاخر ساتیرنووس وێڕای هەموو خەسڵەتەکانی ڕەخنەگر، شاعیر، یان چیرۆکنووس، پێویستە خوێنیشی شیرین بێت.[١]

کە هاوینی ١٩٣٣ گۆران شیعری ‹گۆڕان› لە ئینگلیزییەوە دەکاتە کوردی، ‹بێکەس›یش لە ژێر کاریگەرییەتیی ئەو شیعرە جوان تەرجومەکراوەدا، هۆنراوەیەک دەنووسێت.[٢]

بێکەس دڵی بڕوای نەدا خامۆش بێ
لە بەستەیا کوردستان فەرامۆش بێ،
لە ڕووی شیری ڕووتا وەستا و نەڕانی
ئازادیی ویست بۆ گەل و نیشتمانی.[٣]

گۆران لە دیسەمبەری ١٩٦٠ دا بە شیعرێک یادی بێکەس دەکاتەوە و پێی دەڵێت: ‹تا داری ئازادی بەستەی سەر زاری کورد بێت، تۆ زیندوویت.› یەکێک لە شیعرە جوانەکانی گۆران، دەقی ‹هاوڕێم بێکەس›ە، کە بۆ کۆچی دوایی ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕەی گوتووە:

شاعیرێک بوو، فەننان بوو
ئەدای خوڕ، خرۆشان بوو،

به شیعری جوان نەڕانی
به یادی کوردستانی.(٤)

بەهاری ١٩٨٣ کە بەعس یەکیەتیی نووسەرانی کورد هەڵدەوەشێنێتەوە و شێرکۆی کوڕی بێکەس، دەچێتە ڕیزی یەکیەتییە کارتۆنییەکەی ڕژێمەوە،(٥) هۆگری کوڕی گۆران، لە ژێر کارکردی ئەو ڕووداوە بۆ ئەو چاوەڕواننەکراوەدا و بە زەبری ئەو هاوڕێیەتییە قووڵەی نێوان باوکیان، ساتیرەشیعرێک بۆ شێرکۆ بێکەس دەڵێت، تێیدا گۆرانی کوڕ، چەند دێڕێک لە شیعری ‹هاوڕێم بێکەس›ی، گۆرانی باوکەوە، دەخوازێت کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**هاوڕێم شێرکۆ**

مێشکم ئینتەلای تووش بوو
ئەوەندەی شیعر تێ چوو
شیعری جەنابت قوربان
ئەی شاعیری میهرەجان
شێرکۆی کوڕی بێکەس بووی
کاک فایەق هەر تۆی بەس بووی
بە پێچەوانەی باوکت
نوێخواز و نوێهەوەس بووی
هەم قۆز و قارەمان بووی
هەم شیک و میهرەبان بووی
بۆ هۆنراوە و هونەرت
تانجت خستە سەر سەرت
شێری کۆڕ و مەیدان بووی
بە سەلیقە فەننان بووی
ئەدای خوڕ، خرۆشان بووی
لە هەموو کوردستانا
لەناو بیرئازادانا
ئیشارەتیان ئەکردی
زوو زوو ناویان ئەبردی
کەچی ناوەکەت زڕا
گڵۆپ بووی، بووی بە چرا
چرا بووی، بووی بە گومڕا
لە پێرار و پارەوە
نرخت هاتە خوارەوە
ئیستیمارەت ئیمزا کرد
بۆ مچە و عەزەی مەلا(٦)
باوکی خۆتت لە بیر چوو
بووی بە نۆکەری کابرا
ئەرێ حەیفت نەکرد، برا؟

هۆگر گۆران ١٩٨٣ سلێمانی

## ٢

کە نووسەرێکی لە ڕژێم نزیک، بە ئاگاداریی هێژایان سەلام مەنمی و زایەر ئەحمەد سەوز، سەروەختی چلەی مامۆستا سادق بەهادین، لە دهۆک گوتی: لقی سلێمانیی نووسەران هەر خەریکی یاپراخ خواردنن، گوتم: یاپراخ خواردن لە کورسی بۆ بەعسی دانان، باشترە. ئاخر ئەو ئەنتی یاپراخە بە بەر چاوی تیژی خۆمەوە، کورسیی بۆ بەعسی دانابوو. ئەمە بێجگە لەوەی لقی سلێمانی ئەوسا لە لقەکانی دیکە چالاکتر بوو.

ده ساڵێک بەر لە ئێستا غادە سەممان ئەو نامە دڵدارییانەی بڵاو کردەوە کە لە غەسان کەنفانییەوە پێی گەییشتبوون. محەمەد دەکرووب پێی وایە ئەدەبی عەرەبی نامەی دڵداریی لەوانە جوانتر نووسراوی بە خۆیەوە نەبینیوە. ئەوی ع. ح. ب (محەمەد حسێن بەرزنجی) بۆ یاپراخەکەی (دایکی سۆلاف)ی نووسیوە، ناکەوێتە خانەی شیعری دڵدارییەوە، ئاخر بە ‹خوشکێ› دەست پێ دەکات، وەلێ من هەر مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیم لە (سەبری خان) وەرگرت.

لە شیعری کلاسیکدا شابەیت هەیە، (خاڵێ، بە لای لێوییەوە، دەناڵێ،) شاوێنەی ئەم شیعرەیە کە ع. ح. ب بە زمانێکی هێندە ئاسان نووسیویە، نە ڕەمزێکی تێدایە تا هەوڵی شیکردنەوەی بدەم و نە دیوی ناوەوەی هەیە تا پێیدا شۆڕ ببمەوە. لەو شیعرانە نییە کە تەڵەت بۆ دەنێنەوە و خۆیانت لێ دەشارنەوە. لایەنی هەرە گەشی ئەم شیعرە کە هیچی لەو دیو وشەکانییەوە حەشار نەداوە، تا من ئاشکرای بکەم، ئەوەیە هەر ڕووداوێک ناگێڕێتەوە، بەڵکوو ڕووداوێکیشە.

ڕاستە شیعر دەنگی تاکە کەسێکە و مەرج نییە وەک ڕۆمان بۆ خەڵکێکی زۆر بپەیڤێت، لێ ئەمە بەو مانایە نییە بریتی بێت لە وێنەی سەیری بە تەمومژ دەورگیراوی لە تێگەییشتن بەدەر. بەشێکی گرنگی ئەو بەرهەمانەی بە نێوی شیعری نوێوە بڵاو دەکرێنەوە و کەس لێیان تێناگات، لە ساختە لە خوێنەر کردن بترازێت، هیچی دیکە نین. ‹پرۆمیتیۆس ئاگری لە خوداوەند دزی و پێشکەشی خەڵکی کرد، هەندێک شاعیری خۆ بە نوێخواز زان، دەڵێی شیعر بۆ خوداوەندەکان دەنووسن، ئەگەر نا خەڵکی سەر زەوی لە زمانیان تێدەگەییشت.› ئەوانەی بە ئومێدی بردنەوەی داهاتوو، پشت دەکەنە ئێستا، لە وەهمدا دەژین. کە شیعر لە خەیاڵێکە و خوێنەر لە خەیاڵێکی دیکە، ئەوە هۆی ئەوەیە شاعیر بە چاوی



ڕاستەقینەی خۆی سەرنجی دەوروبەری نادات، بۆ ئەوەی شیعر و خوێنەر لێکتر دانەبڕێن، دەبێ شاعیر هانا بۆ چاوی خۆی ببات.

غەسان کەنفانی دەڵێ: (هەندێک جەردەی شیعر پەیدا بوون، ئەوی چێژ لە شیعریان وەرنەگرێت، بەرهەمیان بە تازەگەری و شۆڕشی شیعری نەناسێت و داکۆکییان لێ نەکات، بە جاهیل، کۆنەپارێز و دواکەوتووی نێوزەد دەکەن. من بە ڕاشکاوی دەڵێم: لەو شیعرانە تێناگەم و بە وڕێنەی گەنجێکیان دەزانم، تووشی چەپاندن هاتبێت و ئارەزووی تۆمارکردنی وڕێنەی هەبێت.)[٧]

تازەگەری لە شیعردا، ئەگەر بە تازەگەریی کۆمەڵایەتییەوە پێبەند نەبێت، هیچ واتایەکی نابێت. لاساییکردنەوەی کوێرانەی ئەزموونی نەتەوەیەکی دیکە، کە زادەی زەمینەیەکی جیاوازە، درەختێکە زڕ. شتی تازە، گەرچی لە سەروەختی کێشە، ململانێ و شەڕ لەگەڵ شتی باودا ڕەگ دادەکوتێت و گەشە دەکات، وەلێ بۆ خۆ نوێکردنەوە، پێویستی بە ڕەخنە لە خۆ گرتنیش هەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرنجانەدا، ئەم دەقەی ع. ح. ب گەرچی زنەیەکی ڕوون و تەنکە، نەک زەریایەکی قووڵی پڕ لە نهێنی، لێ گەلێک لەو وشە ڕیزکراوانەی بە ساختە بە شیعری قووڵ و گران بەسەر خوێنەردا ساغ دەکرێنەوە، شیعرترە.

**داوەتی یاپراخ**

خوشکێ
لە زۆر شتا سەرپشکێ
لە یەکێتیی نووسەران
بەڵێنی دا بە یاران
لە کام گۆشت قەڵەو و چەورە

بکا داوەتێکی گەورە.
بە بڕیاری گشت
داوەت لەسەر یاپراخ نیشت.
بەڵێندەر وەکوو بەیداخ
چووە ژێر باری یاپراخ.
یاپراخ
دەستکردی شۆڕەژنێکی گوستاخ
دەوری درا
ئەنگوستی پێوە خورا،
بەڵام ئاخ
ئەم یاپراخە ئەگەر
دەگەییشتە سەر لووتکەی شاخ
سەر ئاو و بەر سێبەر،
ئەوسا ناخ
وەک گەوهەری شەوچراخ
پڕ دەبوو
لە شادمانی و ئارەزوو،
ئەوسا
باشتر بە دڵەوە دەنووسا،
بەڵام ئاه ئاخۆ قەت
دڕندە و دێو
ئەدەن دەرفەت



یاپراخ بگاتە لووتکەی کێو؟
*
سەبری خان
ئافرەتێکە میهرەبان،
نازناوی
وەک شاعیرێک ناسراوی
دایکی سۆلافە
ناڵێم وەک ژنە جافە،
وەک ئەوان بە لاف و گەزافە،
بەڵام پەریی پشت کێوی قافە.
ئەم ئافرەتە
نە کورتە، نە کەڵەگەتە،
مامناوەند تەمەنە
بۆنخۆش وەک یاسەمەنە،
**خاڵێ**
**بە لای لێوییەوە دەناڵێ،**
دەڵێی دیمەنی دڵگیری خاچە،
هەردەم چاوەڕێی ماچە.

ع. ح. ب ١٩٨٠ سلێمانی

........................................

(١) محمد دکروب، تساؤلات امام الحداثة و الواقعية في النقد العربي الحديث، ص ١٨٥ دار المدي ٢٠٠١ دمشق.
(٢) و (٣) محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم ل ٤٣٧ و ل٣٣٩

چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق ١٩٨٠ بەغداد.

(٤) شیعری هاوڕێم بێکەس، ل ٨٣ هەمان سەرچاوە.

(٥) شیاوی گوتنە، شێرکۆ بێکەس و زۆر لە نووسەرەکانی دیکەش، هەر زوو لەو هەڵوێستەیان پاشگەز بوونەوە و وازیان لەو یەکیەتییە سەربەرژێمە هێنا.

(٦) مچە: مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم. عەزەی مەلا: هێژا: عیززەدینی مەلا مستەفا، (د. عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ.)

(٧) محمد دکروب، تساؤلات امام الحداثة و الواقعية في النقد العربي الحديث، ص ٢٠٢ و ٢٠٣ دار المدي ٢٠٠١ دمشق.

* ناونیشانی ئەم باسە، لە یەکەمین دێڕەشیعری ‹یادی بێکەس›ی (گۆران)ەوە وەرگیراوە.

هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆنی عومرە/ بۆیە فرمێسک لە چاویایە ئەم شیعرە.



## مردن لە گەرمەی ژیاندا

### هەمیشە دژی مەیموونەکەی ناخم دەخەبتم

ڤ. س. نایپاوڵ ١٩٣٢/٨/١٧ لە ترینیداد لە دایک بووە. لە هەژدە ساڵییەوە لە ئینگلیستان دەژی و لە زانکۆی ئۆکسفۆرد ئەدەبی ئینگلیزیی خوێندووە. (خانوویەک بۆ میستەر بیسواس ١٩٦١) کە ناودارترین بەرهەمی نایپاوڵە، باس لە ڕەنج و خەباتی باوکی بۆ دابینکردنی خانوویەک دەکات و ژیانی ئەو هیندییانە بەسەر دەکاتەوە کە لە ئەنجامی لە زێد دابڕانەوە، ڕەگوریشەی خۆیان بزر کردووە و لەگەڵ تاراوگەشدا نەگونجاون. (نهێنیی گەییشتن ١٩٨٧)یش ژیاننامە، یان دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیەتی. ئەوە ئەو دوو ڕۆمانە بوون، ڕێگەی بەرەو خەڵاتی نۆبێڵیان بۆ خۆش کرد.

سەعات یەکی دوای نیوەڕۆی ٢٠٠١/١٠/١١ دەمراستی ئاکادیمیای سوێد گوتی: (بۆیە خەڵاتی نۆبێڵمان بە نایپاوڵ ‹ئەو نووسەرەی تەنیا شەش لە سەدی خوێنەرانی سوید بەرهەمیان بینیوە،› بەخشی، چونکە بە سەرنجە ڕۆشنە سازشنەناسەکانی ناچارمان دەکات، لایەنە فەرامۆشکراوەکانی مێژوو بە ڕوونی ببینین.)

نایپاوڵ کە یەکێکیشە لە ڕۆژنامەنووسە هەرە چاکەکانی دنیا، نووسەرێکی هەمەلایەنەیە و نۆڤێل، ڕۆمان، مێژوو، گوتاری ئەدەبی و گەشتنامەش دەنووسێت. شەپۆلە ئەدەبییە نوێیەکان کە نووسەرانی دیکە لە

ڕەگوڕیشەوە هەڵدەکێشن، ئەو نابزوێن. ئەو لاسایی کەسی نەکردووەتەوە، ئەستەمە کەسیش بتوانێت لاسایی وی بکاتەوە. لە نووسینەکانیدا کە هونەرمەندانە دیرۆکی دۆڕاوەکان دەگێڕێتەوە، دیواری نێوان ڕۆمان و دۆکۆمێنت بزر دەبێت.

نایپاولیش وەک جوزیف کۆنراد وەستای هەڵماڵینی پەردەیە، لەسەر ڕوخساری ئومێدە ساختەکان و هەرگیز لایەنە ڕەشەکان، ڕۆشن نیشان نادات. کە کارەسات چاوەڕێمانە، بە گەشبینییەوە باسی داهاتوومان بۆ ناکات. نایپاوڵ بە شێوازی گاڵتەجاڕییانە و ڕۆچوون بە ناخی ئینساندا، کاریێ دەکات دیوی ناوەوەی ململانێکان ببینین و کە بەسەرهاتی گەشەکردنی خودی خۆی دەگێڕێتەوە، ڕووناکیش دەخاتە سەر مێژووی ئیمپریالیزم.

نایپاوڵ کە خۆی بە بێ نیشتمان دەزانێت و نوستالژیای بۆ هیچ وڵاتێک نییە، نووسەرێکی جیهانییە، گەرچی هەموو دنیا گۆڕەپانی کارکردنیەتی وەلێ نوێنەری کەس نییە، خودی خۆی نەبێت. ئەوی بە ڕەچەڵەک هیندی، بە ئینگلیزییەک دەنووسێت، گەلێک لە زمانی نووسینی نووسەرە ئینگلیزەکان جوانترە، هەر بۆیە ئەوێک کە پەخشاننووسێکی بێ ڕکەبەری بە ئینگلیزی نووسە، زمانی ئینگلیزی بە وڵاتی خۆی دەزانێت. نایپاوڵ دەبێژێت: (زمان چونکە هۆکارێکە بۆ پێوەندیکردن، پێویستە ڕوون بێت. نابێت ببێتە دیوار لە نێوان دەق و خوێنەردا. دەبێت خوێنەر هەمیشە چی لەو دیو زمانەوەیە، بیبینێت.)

ئەو پێی وایە بزووتنەوەی دژ بە ئیمپریالیزم و ڕەوتە ئازادیخوازەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی بریندار دەکەن و جیهانی سێ، نە مێژووی هەیە و نە داهاتووشی دەبێت. ڕەوتی چەپیش وەک ڕاسترەوی دیکتاتۆر بەرهەمهێن، بێ مانایە و دەنووسێت: (لە جیهانی سێدا ساڵ چۆن دەست پێ دەکات،



هەو واش کۆتایی دێت و هەمیشە هەر کارەسات و مەرگ دووبارە دەبنەوە و وێنەیەکی ڕوون نابینم.)

دێرێک والکۆت و تۆنی ماریسۆن دواکەوتوویی ئینسانی سەرڕەش بە کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی و سیاسییەوە دەبەستنەوە، نایپاوڵ دەڵێت: سەرڕەش بۆیە خۆی بزر دەکات، چونکە لە ڕوانگەی سپیپێستانەوە خۆی هەڵدەسەنگێنێت و گومانی لە توانای خۆی هەیە.

سارتەر دەیگوت: نووسەری چاک و داهێنەر، هەمیشە پێشکەوتنخوازە. نایپاوڵ ئەو نووسەرە داهێنەرە، کە لە کێشەی نێوان وڵاتانی بندەست و ئیمپریالیزمدا، لایەنی دووەم دەگرێت، کارێکی کردووە، خوێنەر گومان لەو گوتە جوانەی سارتەر بکات.

نایپاوڵ لە (ڕێگاکانی دنیا)دا دەڵێت: (لەو کەلەپوورە تێناگەین کە چۆکی لەسەر نەستمان داداوە و بە خۆمانی بێگانە کردووین) و پێی وایە ئینسانی شارستانی کەسێکە بتوانێ سوود لە سروشت، کولتوور و مێژوو وەربگرێت.

نایپاوڵ کە بە ئاشکرا دژی ئیسلامە و دوژمنەکانی بە هەلپەرست و شەرمنەناسیشی نێوزەد دەکەن، دەڵێت: چونکە ئیسلام بوار بۆ دیالۆگی نێوان خود و ئینسان ناهێڵێتەوە، لە ئیمپریالیزم خراپترە. یان دەبێژێت: (ئیسلام ئەو کارەساتە مەزنە بوو کە مێژووی هیندی شێواند.) ئەو وای بۆ دەچێت ئیسلام هەڕەشە لە کولتووری میللەتانی ناعەرەب دەکات و کارێک دەکات ئەو میللەتانە تووشی بزربوون، ببن. ئەدوارد سەعید ئەو بۆچوونەی پێ دروست نییە و دەنووسێت: (بە گوێرەی ئەو لۆگیکە سەقەتەی نایپاوڵ، دەبێت تەنیا خەڵکی ڕۆما دوای باوەڕی کاسۆلیک بکەون.)

نایپاوڵ ڕەخنەگرێکی زمانبزمارا ویی‌یە، بۆ نموونە ناودارترین بەرهەمی فۆرستەر بە سکراب دەچوێنێت و دەنووسێت: فۆرستەر هیندی خۆرئاوای

خۆش ناوێت، بەڵکو وەک هۆمۆسێکسوێلێک کوڕانی گەنج و جوانی ئەو دەڤەرەی خۆش دەوێت. ڕۆسەماریا نیەڵسن ئەو ژنەی حەوت کتێبی ئەوی کردووە بە سوێدی، دەڵێت:

(نایپاوڵ پیاوێکی ئاڵۆزە و هەرگیز حەزم نەکردووە ببینم.) جۆن کاسی کە توێژەرەوەیە لە زانکۆی کامبریج پێی وایە: (ئەمساڵ نۆبێڵ بە نسیبی نووسەرێک بوو کە سڵ لە دوژمن پەیداکردن ناکاتەوە.)

2001. 10. 13

ژێدەرەکان:

ڕۆژنامە سوێدییەکانی ڕۆژانی ١٢ و ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١

* ناونیشانی ئەم نووسینە، گوتەیەکی نایپاوڵە.

## تۆماس ترانسترۆیمەر

تەمەن: حەفتا ساڵ.

پیشە: شاعیر.

داهاتی ساڵانە: سی و چوار هەزار دۆلار.

کتێبی یەکەم: حەڤدە شیعر. 1954

دوا کتێب: پۆستی هەوایی (Air mail 2001) بریتییە لەو نامانەی تۆماس ترانسترۆیمەر و شاعیری ئەمریکایی ڕۆبێرت بلای، لە ماوەی 26 ساڵدا بۆ یەکدییان ناردوون.

بازاڕی شیعر ساردە. ئەم ڕاستییە ترانسترۆیمەر ناگرێتەوە. کتێبی (شیعرە کۆکراوەکان)ی لە ڕیزی هەرە سەرەوەی لیستی ئەو کتێبانەوەیە کە زۆریان لێ دەفرۆشرێن. ئەو ئەگەرچی وا یازدە ساڵە ئیفلیجە و تەنانەت توانای پەیڤینیشی نەماوە، وەلێ هەر دەنووسێت و سیحری شیعریشی بەردەوام خوێنەر ڕاو دەکات.



تۆماس ترانسترۆیمەر لە سەر ئاستی دنیا ناسراوترین شاعیری سوێدییە و کۆشیعری بۆ 51 زمان وەرگێڕدراوە و نزیکەی بێجگە لە نۆبێڵ هەر چی خەڵاتی دیکە هەیە وەری گرتووە. ئەگەر سوێدی نەبووایە، لە مێژبوو، نۆبێڵیشی پێ بەخشرابوو.

تۆماس ترانسترۆیمەر کە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی شیعری مۆدێرنە، یەکێکە لە شاعیرە هەرە خۆشەویستەکانی نێو خەڵک. ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوەیە، خەڵکی لێی تێدەگەن. شیعرەکانی ڕوون و ئاسانن، بەڵام ساکار نین. جارێکیان خوێنەرێک لێی دەپرسێت: چۆن شیعرەکانت بخوێنمەوە؟ ئەویش دەڵێ: تەنیا ئەو شتانە بخوێنەوە کە لە شیعرەکانمدان.

زمانی شیعری ئەو، هەر زمانە ڕۆژانەییەکەیە، وەلێ دوای دەست تێوەردانێکی ئەفسووناوی:

دەشێ لە گەرمەی ژیاندا
مردن بێت و ئینسان بگلێنێت،
ئەم سەردانە فەرامۆش دەکرێت و
ژیان بەردەوام دەبێت،
وەلێ هێمنانە تر.

بەم زمانەی کە هەمووان تێی دەگەن، سەبارەت بە گەورەترین و سەختترین مەسەلە، دەربارەی بوون دەپەیڤێت. دوای شیعرێکی وا، ئینسان گوێ بۆ لێدانی دڵی خۆی ڕادەدێرێت و دەشێت هەڵوێستی لەمەڕ ژیانی بگۆڕێت و جۆرێکی دیکە بڕوانێتە دنیا.

سوێدییەکان هێندە شەیدای سروشتن، تا ڕادەی پەرستن. ئێستا کە گوتاری نیشتمانی لە سوید سەردەمی بەسەر چووە، ئەو شیعرانەی تۆماس بە باڵای سروشتی جوانی سوێدیدا هەڵگوتوون و خۆشەویستییان لێ دەچۆڕێت، ئەویان کردووە بە شاعیری گەل و نیشتمان.

تۆماس ترانسترویێمەر پیانۆژەنێکی بەتواناشە، ئەگەرچی هەنووکە تەنیا بە دەستی چەپ دکارێت پیانۆ بژەنێت. هەموو ئەوانەی دەیناسن، لەسەر ئەوە تەبان، کە تۆماس ترانسترویێمەر لە بواری هاوڕێیەتیدا بەهرەمەندە، لە پێوەندیگرتندا گەرموگوڕە و ئینسانێکی کراوە و خۆشمەعشەرە.[*]

2001. 05. 27

..............................................

(*) بۆ ئامادەکردنی ئەم دێڕانە، پشتم بە باسێکی (ئینگالیل موساندەر) بەستووە، کە لە لاپەڕەی کولتووری (AFTONBLADET)ی ڕۆژی 2001. 05. 26 دا بڵاوی کردووەتەوە.



## یەکەمین ئێس ئێم ئێسە شیعر

ماڵەکەم!
زەنگێ لێ بدە
بۆ نۆرماڵەکەم!

ئەوە یەکەمین ئێس ئێم ئێسە شیعری منە، لەمێژە بۆم هاتووە، وەلێ ئەمە یەکەمین جارە چاوی خوێنەری پێ ڕۆشن دەکەمەوە. چەند کەسێک پێیان وایە، ئەوە خۆیانن یەکەمین مۆبایلەشیعریان بە کوردی نووسیوە، لەوانە زانا خەلیل و محەممەد ئەمین پێنجوێنی. من بۆچوونی هیچ کام لەو دوو هێژایە، نە بە درۆ دەخەمەوە، نە (پشتڕاست دەکەمەوە.) پێش ئەوەی بچمە سەر کرۆکی باسەکەم، دەڵێم:

(١) ئەمە یەکەمین جارە، ئەویش بۆ گاڵتەجاڕی، (پشتڕاست دەکەمەوە،) دەکەوێتە نووسینی منەوە و دوا جاریش دەبێت.

(٢) شیعرێکم هەیە، ناوی (گلەیی)یە، لە ١٨ی ئابی ٢٠٠٢دا نووسیومە، وا دەستپێ دەکات:

دوو هەفتەیە
لە من وایە، دوو سەدەیە،
نە زەنگێکم بۆ لێ دەدەی،
نە ئێس ئێم ئێسێ دەنێری،
نە ئیمەیلێ، نە نامەیە.[١]

نالێم یەکەمین ئێس ئێم ئێسە شیعر من نووسیومە، بەڵام پێم وایە یەکەمین نووسەری کوردم، ئێس ئێم ئێس و ئیمەیلم خستووەتە نێو ڕستەی شیعرییەوە. چونکە دەمێکە دەنووسم و خاوەنی شێوازی نووسینی خۆمم، شتێکە ئاسایی، لاوان لاساییم بکەنەوە، ئەوی ئاسایی نییە، هەندێکیان لە لاساییکردنەوەیان تێپەڕاندووە و گەیاندوویانەتە ئاستی دزی. هەندێک لەو گەنجانەی لەژێر کاریگەرییەتی شێوازی نووسینی مندان، ددان بەو ڕاستییەدا دەنێن و هێندە شکۆمەندن خۆیان بە قوتابیی من لە قەڵەم دەدەن، کەچی هەندێکی دیکەیان کە بە ڕۆژی نیوەڕۆ دزیم لێ دەکەن، هێندە لووتبڵندن، بە قسەی خۆیان، من بە شاگردیش ڕاناگرن.

خالید باشبلاخی، نامیلکەیەکی بڵاو کردووەتەوە، بریتییە لە(١٠٠) مۆبایلەشیعر، وەلێ جێی داخە هەندێک لەو مۆبایلە شیعرانەی لە من دزیوە. ببورن کە هانام بۆ وشەی (دزین) برد، ئاخر منێک کە پێم وایە، لەسەر وشە و دەربڕین پەکم ناکەوێت، بۆ ئەو کارەی ئەو، وشەیەکی لە (دزین،) گونجاوتر و نیانترم نەبینییەوە.

من لە ساڵی ١٩٩٦دا گوتوومە:

وەرە گەر بێی
سەرم دادەنێم لە ڕێتا،
مافووری ڕۆحم ڕادەخەم
لەبەر پێتا.(٢)

ئەو لە ٢٠٠٦دا دەڵێت:

گەر بێی دڵمت بۆ ڕائەخەم
وەک فەرشی سوور لەبەر پێتا.(٣)

من لە ٢١ی ٢ی ٢٠٠٤دا نووسیومە:

هەر هەموو دنیا بگەڕێم،



دڵخوازێ نابینمەوە
ئەوەندەی تۆ خۆشی بوێم.(٤)

ئەو لە ٢٠٠٦دا دەنووسێت:

سەرتاسەری ئەم گەردوونە بگەڕێی،
کەسێک نییە
هێندەی من خۆشی بوێی.(٥)

من لە ١٩٨٥دا گووتومە:

من نازانم
بارتەقای دڵۆپی باران،
یا ئەوەندەی گەڵای داران،
خۆشم دەوێی؟
یا سەد هێندە؟(٦)

ئەو لە ٢٠٠٦دا دەڵێت:

خۆشم دەوێی ئەوەندەی گەڵای درەخت و
ژمارەی دڵۆپەی باران.(٧)

پێم خۆشە ئەوەش بڵێم، من وەک خوێنەرێک چێژێکی زۆرم لە مۆبایلە شیعرەکانی خالید باشبلاخی وەرگرت و هیوادارم بە زەبری ئەم نووسینە، بازاڕی نامیلکەکەی گەرمتر ببێت و لە بواری شیعرنووسینیشدا، ئایندەی وی، زۆر لە ئێستای ئەز گەشتر بێت.

2006. 07. 04

........................................

(١) حەمەسەعید حەسەن، کۆشیعری: (ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن) ل٣١ دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤ هەولێر.

(٢) حەمەسەعید حەسەن، کۆشیعری (نووسین بەبێ وشە،) ل٤٥ دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤ هەولێر.

(٣) خالید باشبلاخی، کۆشیعری (مۆبایلە شیعر،) ل٩٣ چاپەمەنیی گەنج، چاپی دووەم، ٢٠٠٦ سلێمانی.

(٤) حەمەسەعید حەسەن، کۆشیعری: (ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن) ل١١٩

(٥) خالید باشبلاخی، کۆشیعری (مۆبایلە شیعر،) ل١٠١

(٦) حەمەسەعید حەسەن، کۆشیعری (نووسین بەبێ وشە،) ل٦٤

(٧) خالید باشبلاخی، کۆشیعری (مۆبایلە شیعر،) ل٨٥



## ئایا من ئاگرخۆشکەری شەڕی براکوژی بووم؟

١

لە ژمارە (٤٠)ی گۆڤاری (لڤین)دا،[*] تەنانەت ناوی منیش کە یەکەمین ڕسواکەری شەڕی براکوژی بووم و هیچ نووسەرێک هێندەی من ڕەخنەی زبری لە ئاگرخۆشکەران و قارەمانانی ئەو شەڕە پۆخڵە نەگرتووە، وەک قەڵەمێکی شەڕی ناوخۆ تۆمار کراوە! بە داخەوە نە گۆڤاری لڤین بێلایەنە و نە (فازل عومەر ڕەشید) فڕی بەسەر توێژینەوەی زانستییەوە هەیە.

ئەوە من بووم لە (پاشای عەرشی کەلاوە)دا، ساڵ و نیوێک پێش هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆی دوای ڕاپەڕین، پێشبینیی شەڕەکەم کردبوو، ئەوە نەبوو گوتبووم: (گەلێک فیلمی کاوبۆیم دیتوە، لە هەموویاندا دوا جار، جەردەکان دەستیان چووەتە خوێنی یەکدی؟) خەوشی سەرەکیی نووسینی من، ڕاستگۆییە، ئەوە من بووم، یەکە یەکە ناوی بازرگانانی شەڕی نێوخۆم دەستنیشان دەکرد، ئەوە من بووم بێلایەنانە و بێ دوودڵی، دەمنووسی: ئەوە فلانە حیزب بوو، شەڕی هەڵگیرساند.

فەرموو بە هەموو نووسینەکانی مندا بچنەوە! بزانن هەرگیز ڕستەیەک دەبیننەوە، تێیدا لایەنێکم بۆ تۆڵەسەندنەوە و درێژەدان بە شەڕ هان دابێت؟ لە پازدە ساڵی ڕابردوودا، دەیان نووسینی من، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە، وەلێ بە درێژایی ئەو پازدە ساڵە، هەرگیز لە بری هیچ نووسینێکم، پاداشتم وەرنەگرتووە، هەرگیز لەسەر

خواستی ئەم یان ئەو حیزب، ڕستەیەکم نەنووسیوە، هەرگیز لەبەر دڵی ئەم یان ئەو سەرکردە، دێڕێکم تۆمار نەکردووە. نەک هەر هێندە بەڵکوو بە هۆی نووسینەکانمەوە، مەترسی لەسەر ژیانم هەبووە و ئێستاش هەیە.

زۆرن ئەوانەی بە هۆی شەڕی براکوژییەوە سوودمەند بوون، وەلێ ئەو شەڕە بەدناوە، لە زیان بترازێت، هیچ قازانجێکی بە من نەگەیاندووە. چونکە شەڕی نێوخۆی دوای بەهاری ئازادی، لە ١٩٩٤دا هەڵگیرسا و ئەز لە (١٩٨٤)ەوە ڕەخنەی سیاسی دەنووسم، چونکە هەزاران میل لە گۆڕەپانی شەڕەکەوە دوور بووم، چونکە سەر بە هیچ لایەنێکی بەشەڕهاتوو نەبووم، چونکە هیچ قەڵەمێک هێندەی قەڵەمی من، ڕاشکاوانە بە گژ بە پاڵەوانانی شەڕی نێوخۆدا نەچووەتەوە، ئەوە ئەوپەڕی بێویژدانییە، بە قەڵەمێکی شەڕی نێوخۆ لە قەڵەم بدرێم.

لڤین هەقی خۆیەتی خوێنەر ڕاو بکات، بەڵام نەک بە شێوازێکی سووک و هەرزان، شێوازێک کە هیچ گۆڤارێکی سەنگین، هانای بۆ نابات. ئەگەر لڤین بێلایەن بووایە، لە حەرفی (شین)دا، ناوی شاعیری هەرەگەورەی گەلەکەمانی، فەرامۆش نەدەکرد، ئاخر هیچ خاوەنقەڵەمێکی کورد، هێندەی وی بەنزینی بە ئاگری شەڕی براکوژیدا نەکردووە، ئاخر ئەو نەک تەنیا بە شیعرێک یان بە نووسینێک، بە (دیوان)یش، ئاگری شەڕی نێوخۆی خۆش دەکرد. ئەگەر لڤین لەسەر بەڵگە پەکی کەوتووە، با کتێبی (شیعر و شمشێر)ی بنووسی ئەم دێڕانە بەسەر بکاتەوە.

2006. 05. 22

---

(*) فایلی قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ، لڤین، ل٢٣، ژ:(٤٠) چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.



## ٢

گرووپی گۆڤاری لڤین، ناوی منیان وەک قەڵەمێکی شەڕی ناوخۆ تۆمار کردبوو، منیش بە کۆمەڵێک بەڵگەوە، ئەو بۆچوونە ناڕاستەی ئەوانمان ڕەت کردەوە، کەچی بە لاپەڕەیەک جوێن و درۆ، وەڵامیان داومەتەوە.(*) من باسی نووسینێکی ئەوانم کردووە، ئەوان هاتوون باسی ژیانی تایبەتیی منیان کردووە. پێ دەچێت لڤین هیچ شک نەبات تا ترسی ئەوەی هەبێت لە کیسی بچێت، هیچ ڕێزیش بۆ خوێنەرانی دانەنێت و درۆهۆنینەوە و جنێوبەخشینەوەی پێ شانازی و هونەر بێت. ئەوەتا بێ ئەوەی بزانێت، من لە کوێ دەژیم، بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت کە من بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٦ شەوێکم لە (شێراتۆن)دا، ڕۆژ نەکردووەتەوە، بێ دوودڵی بە میوانی ئەو هۆتێلەم لە قەڵەم دەدات.

دەشێت گرووپی لڤین، کەسانێکی چێشتدۆست بن، ئەگەر نا باسی خواردنی شێراتۆنیان نەدەکرد. برادەرانی لڤین پرسیارێکی زۆر گرنگ و سەختیان لێ کردووم: (بە ڕاست شاعیری ڕەخنەگر و ئازادیخواز! ئێوارە چیت خوارد؟) سەرنجی ئەو لۆگیکە بەهێزەی ستافی لڤین بدەن! لە وەڵامی ئەوەدا کە گوتوومە: (من یەکێک نەبووم لە قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ،) ئەوان دەنووسن: (با هەو بوویت، چونکە هەنووکە لە شێراتۆن نان دەخۆیت.) ڕەنگە یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان من و تیمی لڤین ئەوە بێت، (ئەوان بۆیە دەژین، بخۆن، وەلێ من بۆیە دەخۆم، بژیم.) بە ڕاست ئەوە دەستپێشخەری و داهێنان نییە، خەمی گەورەی گۆڤارێک ئەوە بێت، بزانێت نووسەرێک لە کوێ دەخەوێت و چی دەخوات!

ئەوە کارێکە تەواو ئاساییە کە دەسەڵاتی کوردی، ڕێز لە نووسەرانی کورد بگرێت، نائاسایی ئەوەیە، لڤین ئاسا سووکایەتییان پێ بکات. لڤین پێی خۆش بێت، یان نا؟ من لە سلێمانیش نیشتەجێ بوومایە، هەمان ئەو

ڕێزەی هەولێرم لێ دەگیرا. ئەرێ بە ڕاست برادەرانی لڤین، سەروەختی دەسەڵاتی بەعس، چ کارە بوون؟ لە هەموو مێژوویاندا ڕووپەڵێک شک دەبەن، مایەی شانازییان بێت؟ قەت تەنانەت لە دڵی خۆیشیاندا چەمۆڵەیەکیان لە بەعس ناوە؟ ئەگەر پێش ڕاپەڕین لە باخچەی زارۆکان بوون، ئەوا لە هەر سێ پرسیارەکەم پاشگەز دەبمەوە.

من ڕەخنەم لە (باس!)ێکی باندی لڤین گرتووە، کەچی ئەوان نووسینەکەمیان فەرامۆش کردووە و درۆیان بە دەممەوە هەڵبەستووە، ئەوەتا نووسیویانە: (پاشای عەرشی کەلاوە، شیعر و شمشێر، عەممۆ و جەلالینامە، بەشێکن لە ئەدەبیاتی حەمەسەعید حەسەن لە شەڕی ناوخۆدا.)

* پاشای عەرشی کەلاوە، نووسینێکی منە، دوو ساڵ پێش هەڵگیرسانی دوا شەڕی ناوخۆ کە بابەتی (لێکۆڵینەوەکەی!) لڤینە، بڵاو کراوەتەوە.
* شیعر و شمشێر، کتێبێکی منە، بریتییە لە شەش لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و لە ساڵی ٢٠٠٤دا چاپ کراوە. ئەگەر لەو کتێبەدا باسێک لە شەڕی نێوخۆ هەبێت، ئەوەیە شێرکۆ بێکەسم ئاگادار کردووەتەوە کە نەدەبوو، جەبار فەرمان بۆ درێژەدان بە شەڕ و کوشتار هان بدات. جێگەی سەرنجە لە لیستی یەکەمی فایلە ساختەکەی (لڤین)دا، ناوی شاعیری ناوبراو نییە، بە زەبری پرسیارێکی من، ناوی لە لیستی دووەمدا تۆمار کرا.
* ساتیرە شیعرێکم هەیە بە (عەممۆ) دەستپێ دەکات، لە ئەپریلی ١٩٩١دا، سەروەختی کۆڕەو، سێ ساڵ بەر لە دوا شەڕی ناوخۆ کە بابەتی (لێکۆڵینەوە!)کەی لڤینە، بڵاو کراوەتەوە.
* جەلالینامە، کتێبێکی منە، ساڵی ٢٠٠٤، شەش ساڵ دوای ڕێکەوتننامەی واشینگتۆن، چاپ کراوە و بریتییە لە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و گوتار کە بە چواردە پازدە ساڵێک نووسراوە.



(عەبدوڵڵا پەشێو لەسەر دیوانی براکوژی لە وڵات دەرکراوە.) ئەوەش درۆیەکی دیکەی لڤینە، ئاخر پەشێو سەرەتای ساڵانی حەفتا، بە مەبەستی خوێندن، کوردستانی جێ هێشتووە و لە دوای ڕاپەڕینیشەوە، هەر وەختێک گەڕابێتەوە، بە گەرمی پێشوازی لێ کراوە، تەنانەت دوو ساڵێک لەمەو بەر کە هاتەوە، سەرۆکی پدک میوانداریی کرد.

تاقە سەروەرییەک کە لڤین مافی ڕەوای خۆیەتی، بەردەوام بیداتەوە بە ڕووماندا، ئەوەیە، هیچ کێشەی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی درۆدا نییە و بەبێ میسقاڵە زەڕڕەیەک ترس و دوودڵی، بەوپەڕی ڕووقایمییەوە بڵاوی دەکاتەوە! لە وەڵامەکەی برایانی لڤیندا ڕستەیەکی ڕاست هەیە، ئەوە نییە نووسیویانە: (هەولێر پۆست جورئەتی بڵاوکردنەوەی وەڵامەکەی ئێمەی نەبوو!) ئەو بێ جورئەتییەی هەولێر پۆست و هەموو بڵاوکراوەیەکی سەنگینی دیکە، زادەی ئەوەیە کە فیلتەریان هەیە و جوێن و درۆی پێدا ڕەت نابێت، کە ڕێز لە خۆیان و خوێنەرانیان دەگرن.

برایانی لڤین، بێ ئەوەی تاقە نموونەیەک بهێننەوە، تۆمەتی جنێونووسینیان وە پاڵ نووسەری ئەم دێڕانە داوە، ئەمەش بۆ ئەوەی چاوبەست لە خوێنەر بکەن و زاری خۆیان وەک خاوێن بناسێنن. ئەوان هەستیان بەوە نەکردووە، ئەوە جنێوە، ئەگەر بێ بەڵگە بە کەسێک بڵێیت، جنێوفرۆش. جنێوفرۆشییەکەی لڤین بە لای منەوە، شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، ئاخر ئەوان لە سەرچاوەیەکەوە نزیکن، تێیدا سووکایەتیکردن بە کەسێک وەک خۆیان بیر نەکاتەوە، شتێکی سەیر نییە.

تاقە بەڵگەی دەست لڤین کە من قەڵەمێکی شەڕی ناوخۆ بووم، ساتیرەشیعرێکی منە، کە لە ژمارە ٨٠ی (گوڵان)دا، بڵاو کراوەتەوە. دیسانەوە هەر بە دوو حێ و هەر بە دوو دال، تەحەددای لڤین دەکەم، با لە ژمارەی داهاتوویدا، دەقی ئەو هۆنراوەیەم بڵاو بکاتەوە. ئەگەر چی

بەردەوام بە گژ هەڵگیرسێنانی شەڕی ناوخۆدا چوومەتەوە، وەلێ لە کن من، توندڕۆترین قەڵەمی شەڕی نێوخۆ، لە میانڕۆترین قەڵەمی سەر بە ئیسلامی سیاسی ئینساندۆستترە.

دەوروبەری سەعات حەوت و نیوی ئێوارەی ٣ی ٨ی ٢٠٠٦ لە نێوان ئەنجوومەنی وەزیران و پارێزگای هەولێردا، بەرانبەر (گولاَن) و لە خوار (ڕامان)ەوە، تەرمی ژنێک کەوتبوو، سەری لەسەر پیادەڕۆکە و جەستەی لەسەر شەقامەکە بوو، پۆشاکەکەی زەردێک بوو بەسەر قاوەییدا دەیڕوانی، بە جۆرێک گرمۆڵە ببوو، هەر کە بینیم، ئەو ئیدیۆمەم بیر کەوتەوە کە دەڵێت: (وەک سەگ تۆپاندیان!) ئەو کولتوورەی کە وەک سەگ و بگرە کەمتریش سەرنجی ژن دەدات، زادەی ئەو باوەڕەیە کە برایانی لڤین دەخوازن لە کوردستاندا سەروەر بێت. (لڤین) بە مانای (بزووتنەوە) دێت، پێم وایە پێویستی بە وردبینی نییە، بۆ ئەوەی بزانین لڤین هەڵگری شمشێری کام بزووتنەوەیە؟

2006. 08. 05

(*) ئەلفێکی ئێمەش، لڤین، ژمارە ٤٢ ل ٥٦ چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.



## محەممەدی کەڵەگەت

(ژیانت تەنیا دوو سێ هەفتەیەکی دیکەی بە بەرەوە ماوە، چاکتر وایە بچیتەوە لە ماڵەوە پشوو بدەیت.) لە بەرسڤی ئەو پەیامە وەڕووخێنەدا، محەممەد ئوزون دەبێژێت: (دەچمەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی لەوێ بژیم، نەک بمرم.) بە پێچەوانەی پێشبینیی دۆکتۆرە سوێدییەکەیەوە، وا سێ مانگە ئوزون لە دیاربەکر دەژی و وەک دۆکتۆرە کوردەکانی دەیانگوت: ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باشتر دەبێت و ئومێدی ژیانی لە سەرووی لە سەدا پەنجاشەوەیە.

تاپۆی مەرگ سەری بە ئوزون نەوی نەکرد و ئەوەتا بەوپەڕی وەرەبڵندییەوە بە گژ خراپترین جۆری سامناکترین نەخۆشیدا دەچێتەوە. ئاخر ئەو هێندە بە ژیانەوە پێوەستە، مەحاڵە دەرگەی دڵی بە ڕووی ڕێبواری مەرگدا واز بکات. کەسانی وەک ئوزون دەشێت بەوپەڕی خۆشییەوە لە پێناوی شادیی خەڵکدا بەرەو ڕووی مەرگ بنەوە، وەلێ هێندە ژیانیان خۆش دەوێت، لە دژوارترین هەلومەرجیشدا، کۆشکی وەرەیان هەرەس ناهێنێت و ئەوی قەت بیری لێ نەکەنەوە، هەڵاتنە لە ژیان.

کە لە کن ئوزون بووین، بە ئاسمانی چاوەکانییەوە، شائەستێرەی ژیانم بەدی دەکرد، گەش گەش دەدرەوشێتەوە. ئەو وەک هیچ هەواڵێکی سەبارەت بە نزیکبوونەوەی وادەی مەرگی خۆی نەژنەوتێبت، بە زەردەخەنەیەکی گوشاد و بە تۆنێکی گەرمی دەنگە نەرمەیەکەوە، پێشوازیی لێ کردین. ئەوە چییە وای لەو کردووە، هێندە وابەستەی ژیان

بێت؟ لە سیمایدا تەنیا تاقە وەڵامێک دەخوێنرایەوە: ئەوە ئەوینی گەل و نیشتمانە.

کە بە گەشبینییەوە،ماڵئاواییمان لە ئوزون کرد، چووینە سەیری شوورەی شار. ئێمە لە بینینی بەشێکی زۆر لە شوورەکە بووبووینەوە، کاتێکمان زانی کیژێک ڕوو لە ئێمە و بەرەو بڵندترین شوێنی شوورەکە، کە دەیڕوانی بەسەر ڕووباری (دیجلە)دا، بە مەبەستی خۆکوژی، ڕا دەکات! باش بوو خەڵکەکە گرتیان و ڕێیان نەدا کۆتایی بە ژیانی بهێنێت. بەشێک لە خەباتی ئوزونی عاشقی ژیان، بۆ ئەوە بوو، کیژان و ژنانی کوردستان ناچار نەکرێن هانا بۆ خۆکوشتن ببەن. هەر لەگەڵ ناوهێنانی (دیجلە)دا، یەکسەر (فورات)مان بیر دەکەوێتەوە، یەکێک لە چیرۆکە هەرەجوانەکانی ئەدەبی کوردی، کە سەبارەت بە (شووشتنەوەی شەرم!) نووسراوە، چیرۆکی(کۆتری سپی)یە کە نووسەری بەتوانا، دۆستی نزیکی ئوزون، (فورات) جەوەری، نووسیویەتی.

ئێمە تاقی بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/١٦ سەردانی (ئوزون)مان کرد، تاقی ئێوارەی هەمان ڕۆژ، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە دەکاتە باکووری کوردستان، محەممەد ئوزونی خەڵات کرد، شیاوی گوتنە ئەوە یەکەمین جار بوو، سەندیکای ناوبراو، ئەدیبێک خەڵات بکات. ئوزون خۆی نەیتوانی ئامادەی ئاهەنگی خەڵاتکردنەکە ببێت، (زۆزان ئوزون)ی دۆتمامی لەبری ئەو خەڵاتەکەی وەرگرت و قسەی کرد. پێش ئەوەی زۆزان بێتە گۆ، هەڵسووڕێنی ئاهەنگەکە پێی گوت: بفەرموو لەبری ئوزون بە (تورکی) بپەیڤە! زۆزان هیچ گوێی نەدایە ئەو فەرمانە و بە (کوردی)یەکی ڕەوان قسەی دڵی خۆی کرد.

کورد هەر چوار پێنج ڕۆمانووسی گەورەی هەیە، ئوزون یەکێکیانە. چونکە بەرهەمی هیچ ڕۆماننوسێکی کورد، هێندەی بەرهەمی وی، بۆ سەر



زمانانی دیکە وەرنەگێڕدراوە، بۆیە لە هەندەران ناسراوترین نووسەری کوردە. ئەو گەلێک جار خەڵات کراوە، وەلێ وەک خۆی گوتی، هێژاترین خەڵات لە کنی، ئەوەیانە کە لە باشووری کوردستان پێی بەخشرا.

هەر کە ئوزون دەگاتەوە خاکی وەتەن، پێشوازییەکی لێ دەکرێت، لە مێژووی دیاربەکردا، لە هیچ نووسەرێکی دیکە نەکراوە. دەنگبێژەکان سەردانی دەکەن و گۆرانی بۆ دەچڕن، دۆکتۆرەکان بەردەوام ئاگایان لێیەتی، نووسەران و خوێنەران بە خۆشەویستی ئابڵووقەیان داوە. هۆڵ و باخچە ناوی ئەویان لێ دەنرێت، گۆڤاری ئەدەبی، ژمارەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکات.

ئوزون کە تەنیا یەک کەسە، مەگەر هەر خودا بزانێت، ڕۆژانە چەند هەزار یان میلیۆن ڤایرۆس هێرشی بۆ دەهێنن! وەلێ ئەو چونکە لەنێو ئامێزی زێدەگەرم و پڕسۆزی میللەتەکەیدایە، هەست بە تەنیایی ناکات و ڕۆژانە بیست و چوار سەعات، بە قەڵایەک ورەوە، دەستەویەخە شەڕ لەگەڵ لەشکری لەژمارەنەهاتووی ڤایرۆسدا دەکات. شەڕی وا هەیە، ئەگەر سوور بزانین سەرکەوتنیشی تێدا بە دەست ناهێنین، هەر دەبێت بیکەین، ئەو شەڕە نابەرابەرەی تووشی ئوزون هاتووە، شەڕی مان و نەمانە، ئەگەر لێی هەڵاتبا، دەیدۆڕاند، وەلێ چونکە بە دڵێکی تژی لە ئومێدەوە، بەرەو ڕووی بووەتەوە، هیچ دوور نییە، بیباتەوە.

2006. 09. 24

* ئوزون: درێژ، کەڵەگەت.

** بەدران ئەحمەد حەبیب، سەلام عەبدوڵڵا، دڵشاد عەبدوڵڵا، بارام وەڵەدبەگی و ئەز، پێکەوە سەردانی نڤیسکاری گەورە (محەممەد ئوزون)مان کرد.

## شاكاری بێكاران

١

لەم قۆناغە ‹چارەنووساوی!›یەدا، (كە بە پێی فەرمووەدەی سیستانیی لە ڕێی ئیسلامدا سیسهەڵگەڕاو، جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت مەحاڵە و شەریعەتی شیعە، مەنبەعی تەشریعە،) فەرهاد شا‹كەل›ی بە پشتگیریی دووان لە یارانی، سەختترین ‹كەل›ی لێ گرتووین و واتای كەس پەی پێنەبردووی (stipendium)ی وەک لۆكە بۆ شی كردووینەوە.

شاكەلی و یارانی كە ساڵانێكە ئەگەر ئاو لایەكی دنیای بردبێت، بێدەنگییان هەڵبژاردووە، ئەو غەدرە گەورەیەیان پێ قووت نەچووە كە لە وشەی نازداری ستیپێندیوم كراوە و بە بەیاننامەیەک (٢٠٠٥/١/٢٩) كە بۆ سایتە كوردییەكان، ڕادیۆ ناوچەییەكان و ڕۆژنامە كوردستانییەكانیان هەناردووە، هەڵوێستیان نواندووە! شیاوی گوتنە دوو هاوئیمزاكەی شاكەلی، یەكەمین جاریانە چاوانی خوێنەرانی سایتە كوردییەكان، بە كلی بەرهەمی قەڵەمی سەركێشیان بڕێژن و هەر سێكیشیان یەكەمین كەڕەتیانە، شاكاری زادەی بێكارییان، بۆ پاشكۆی كوردستانی نوێ ڕەوانە بكەن![١]

بنووسانی ئەو بەیاننامەیە كە هاوزەمان لە كەناڵە قاقەزی، هەوایی و ئەلكترۆنییەكانەوە پەخش كراوە، نەک هەر هیچ هەڵەیەكیان ڕاست نەكردووەتەوە، بەڵكوو كەوتوونە نێو گۆمی قووڵی گەلێک هەڵەشەوە!



ئەوان پێیان وایە، تا هەنووكە سێ كورد خەڵاتیان لە سوێد وەرگرتووە: شێركۆ بێكەس و سەلیم بەرەكات، خەڵاتی توخۆلسكی و فەرهاد شاكەلی، خەڵاتی پێشانگای كتێب. وەلێ ڕاستییەكەی ئەوی شێركۆ بێكەس و سەلیم بەرەكات وەریان گرت، كۆمەک بوو نەک خەڵات، ئاخر بە سوێدی ناوی (Tucholskystipendium)ە، ‹ستیپێندیۆم›یش بە واتای كۆمەک دێت. ئەوی گومانی لەم قسەیە هەیە، با زەنگێک بۆ (pennklubb) لێ بدات و بپرسێت، ئەرێ بە ڕاست (Tucholskystipendium) كۆمەكە یان خەڵات؟ ئەوی لەبەر كتێب لەسەر مێز فرۆشتنیش بەر فەرهاد شاكەلی كەوت، چونكە تەنیا سێهەزار و پێنجسەد كرۆنی سوێدی بوو، لە سووكایەتی پێ كردنەوە نزیكتر بوو وەک لەوەی خەڵات بێت.

(١) لەو باسەدا كە محەممەد ئوزون لە ڕۆژنامەی (D.N)دا، بە ناونیشانی (شاعیری خەم و بەرەنگاربوونەوە)وە، لەسەر شێركۆ بێكەسی نووسیوە، (Tucholskystipendium)ی بە كۆمەک لە قەڵەم داوە.[٢]

(٢) لە پێشەكیی كتێبی شیعرە بە سوێدی كراوەكانی شێركۆ بێكەسدا، كە نووسەری سوێدی لارس بێكستریۆم، نووسیویەتی، ئەویش (Tucholskystipendium)ی هەر بە كۆمەک ناوزەد كردووە، ئەوەتا دەڵێت: (شێركۆ بێكەس دوای ئەوەی ماوەی كورت كورت لە سوریا و لە ئیتالیا مایەوە، لە حوزەیرانی ١٩٨٧دا، بۆ وەرگرتنی كۆمەكی توخۆلسكی كە پێن كلوبی سوێد بە نووسەرانی تاراوگەی دەبەخشێت، هاتە سوێد.)[٣]

(٣) فاكتەری سیاسی لە دوای بەخشینی كۆمەكی توخۆلسكییەوەیە نەک ئەدەبی؛ شێركۆ بێكەس هێشتا دێڕەشیعرێكی نەكرابوو بە سوێدی كە ئەو كۆمەكەی وەرگرت. سەلمان ڕوشدی و تەسلیمە نەسرینیش هەر لە سۆنگەی فاكتەری سیاسییەوە وەریانگرت.

(٤) کورت توخۆلسکی 〈١٨٩٠ ـ ١٩٣٥〉 ساتیر و ڕۆماننووسێکی جوولەکە بوو، لە ترسی نازییەکان، لە ئەڵمانیا هەڵات و لە سوێد، لەبەر دەستکورتی خۆی کوشت. لەمێژە لە سوێد، بۆ پینەکردنی ئەو ڕیسواییە، ساڵانە کۆمەکی توخۆلسکی بە نووسەرێکی بێدەرامەتی لە زێدی خۆ ڕاونراو دەدرێت.

ئەو ستیپێندیومی کارەی Arbetsstipebdium لە لایەن سندووقی نووسەرانی سوێدەوە دەدرێت، نە لەخۆڕا دابەش دەکرێت و نە لەبەر دەستکورتی بەم و بەو دەبەخشرێت. ساڵانە سەدان، ئەگەر نەڵێم هەزاران نووسەری سوێدی و سوێدنشین داوای دەکەن و زۆریان بەریان ناکەوێت. ستیپێندیومی کار، کە نە خەڵاتە و نە دەستگیرۆیی، بۆیە بە نووسەر دەدرێت تا خۆی بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە تەرخان بکات، یان بۆ سەفەرێک پێی دەدرێت کە بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ئەدەبی بکرێت. شیاوی باسە، نووسەری ئەم ڕوونکردنەوەیە، هەرچەندە پێویستی بە دەستگیرۆیی نەبووە، وەلێ گەلێک جار و گەلێک جۆر ستیپێندیومی وەرگرتووە و بە یەکێکیشیان ڤۆلڤۆیەکی لە کارگە دەرهێناوە.

ڕێز لە وەختی خوێنەر دەگرم و تەنیا هەندێکی دیکە لە هەڵەکانیان ڕاست دەکەمەوە:

(١) ئەو وڵاتەی ئێمە لەمێژە لێی دەژین، (سوێد)ی ناوە، نەک سوید.

(٢) ئەو زمانەی خەڵکی سوێد پێی دەدوێن، سوێدییە نەک سویدی.

(٣) توخۆلسکی نەک تۆخۆلسکی.

(٤) سندووق نەک سنووق.

(٥) ئەم دەستگیرۆییە دەدرێت بەو نووسەرانە، هەڵەیە، ئەم دەستگیرۆییە بەو نووسەرانە دەدرێت، ڕاستە.

(٦) ئەم دەستگیرۆییە هەمدیس دەدرێت بەو نووسەرانەی لە سویدda ژین



بەسەر دەبەن. هەمدیس بۆ ئەو شوێنەیە هەڵەیە، هەروەها ڕاستە.

(٧) هیچ کام لەو خەڵاتانەی سایت و دەستگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە کوردییەکانی پڕ کردۆتەوە...

* دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو جێیەدا هەڵەیە، ئاخر سایت و ڕۆژنامەش هەر دەزگای ڕاگەیاندنن!

* کوردییەکانی هەڵەیە، کوردییەکانیان ڕاستە.

* کردۆتەوە هەڵەیە، کردووەتەوە ڕاستە.

(٨) ئێمەش زیاتر لە چەند جارێک وەرمانگرتووە. ئەم ڕستەیەش هەڵەیە، 〈زیاتر〉 و 〈چەند〉 یەکێکیان زێدەیە. دەبێت بنووسین: ئێمەش زیاتر لە جارێک وەرمانگرتوە، یان: ئێمەش چەند جارێک وەرمانگرتووە.

بۆیە ئەم هەموو هەڵانە و زۆری تریشیان تەنیا لە یەک لاپەڕەدا کە بە فۆنتی درشت نووسراوە، کردووە، چونکە چاویان بە سەرکەوتنی کەسدا هەڵنایەت، ئەوە ئێرەیی بەم و بەو بردنە، بەرچاوی لێڵ کردوون و زمانی خۆیانی لە بیر بردوونەوە.

2005. 02. 08

(١) ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ل١ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٣

(2) Mehmed Uzun, Sorgsen och motstondets diktare, D. N 15. 08. 1987

(3) (Sherko Bekas, Små Speglar 1989 s. 9)

## ٢

ئەشکم کە لەگەڵ عەشقمە تیفلێکی فەهیمە
هۆشـم کە لەگەڵ خۆشمە پیرێکی نەزانە
(نالی)

لە ‹پرۆژەی ئاشکرای کـوودەتایەک›دا فـەرهاد شـاکـەلی[1] باس لە ئەزموونی شیعریی خۆی، نوێکردنەوەی شیعری کوردی، تاقمی ڕوانگە، گرۆی کفری و گەلێک شتی دیکەش دەکات، من لەم کورتەنووسینەدا هەندێک بروسکەسەرنج سەبارەت بەو بیرەوەرییانەی دەردەبڕم.

شاکەلی دەڵێت: ‹تاقمی ڕوانگە لە ڕووی تێگەیشتنی هونەری و نوێخوازییەوە، بە پێچەوانەی ئێمەوە، ناشارەزا و نەخوێندەوار بوون، تەنیا یەک کەسیان تێدابوو کە بێجگە لە کوردی، زمانێکی دیکە بە ڕێکوپێکی بزانێت.›

بەوەدا ساڵی ١٩٧٠ کە بانگەوازی ڕوانگە بڵاو بووەوە، فەرهاد قوتابیی پۆلی پێنجی ئامادەیی کفری بووە، بەڵام دووان لە ڕوانگەییەکان: حسێن عارف و کاکەمەم بۆتانی، دەرچووی زانکۆ بوون و جێدەستی یەکەمیشیان بە نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردییەوە دیار بووە، دەشێت بۆچوونەکەی فەرهاد لە سەرچاوەی کەپووبڵندییەوە هەڵبقوڵێت. شیاوی گوتنە فەرهاد لە هەمان نووسیندا (کەنعان مەدحەت!)ی پێ نووسەرە و (عەبدوڵڵا عەباس)یش: مامۆستا! محەمەد ماغووت کە ڕۆڵێکی گرنگی لە نوێکردنەوەی شیعری عەرەبیدا گێڕاوە و هەندێک جار ناخی (لەتیف هەڵمەت)یشی هەژاندووە، تەنیا هەر زمانی دایکی دەزانێت.

فەرهاد دەڵێت: ‹ئەگەر ئەو کاتە پارەم هەبووایە و دیوانەکەمم چاپ بکردایە، ئێستا مێژووی ئەدەبی کوردی بە جۆرێکی دیکە دەنووسرا.›



من پێم وایە گۆزەی هەبوونی لووتبەرزیش وەک نەبوونی پارە، هەر لە سەری نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەشکێت. با هەندێک شاعیر پێش گۆران هەوڵی بە چیای نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەڵگەڕانیشیان دابێت، بەڵام ئاخۆ کەسیان وەک ئەو گەییشتنە لوتکە؟ ئایا شیعربوونی (سروودی باران)ی سەییاب، پەیوەندیی بە مێژووی لە دایکبوونەکەیەوە هەیە؟ ئەوە گرنگە، فلان بەرهەم شیعرە یان نا، بە چاوپۆشین لە مێژووی نووسینی.

ئەلیەت پێی وایە ژیانی شاعیر بریتییە لە دوو قۆناغ: یەکەمیان پێش بیست و پێنج ساڵی، کە جوانترین شیعری تێدا دەنووسێت و دووەمیان دوای بیست و پێنج ساڵی، کە با شیعری قووڵیشی تێدا بنووسێت، بەڵام هەر شیعرەکانی قۆناغی یەکەمی خۆڕسکترن. لەتیف هەڵمەت چەندین کۆمەڵەشیعری بڵاو کردووەتەوە، کەچی لای هەندێک ڕۆشنبیر، جوانترین شیعری لە بەرهەمی یەکەمی، لە ‹خوا و شارە بچکۆلەکەمان›دایە.

فەرهاد گلەیی ئەوە لە ڕوانگەییەکان دەکات کە: ‹پێوەندییان لەگەڵ سیاسەتمەداراندا کۆک بووە و هەر یەکەیان سەری لە حیزبێکەوە دەرهێناوە و دەستیشیان گەیشتۆتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.› کەچی خۆیشی وەک خۆی نووسیویەتی، هەر ئەو سەردەمە ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بووە ، لە ‹بیری نوێ›ی حشع و دواتر ‹برایەتی›ی (پدک)دا کاری کردووە و دۆستی دەستڕۆیشتوویەکی وەک‹دارا تۆفیق›یش بووە.

1999. 12. 30

‹١› ئەنتۆلۆگیا، ئامادەکردنی: خەبات عارف، ستۆکهۆڵم ١٩٩٩ بنکەی ڕەسەن.

‹٢› دەربارەی سەرەتاکانی شیعری خۆم، لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری خەرمانە ژ:٩و١٠ کاترینەهۆڵم ١٩٩٣

## پەیامێکی عاجیل بۆ سەرنووسەرێکی فاشیل

که دەنووسیت و پێت وایه بەد لێت حاڵیی دەبین، ئەوه نیشانەیەکی زەقه بۆ ئەوەی که تۆ نووسەر نیت، ئەوه بەڵگەیەکی روونه بۆ ئەوەی که تۆ سواری سەری نووسین بوویت، ئاخر نووسەر دەتوانێت هەست و بیری خۆی، به جۆرێک دەرببڕێت که خوێنەر (باش) لێی تێ بگات، ئەوی خوێنەر (خراپ) لێی تێ دەگات، نووسەر نییه، کەسێکه حەز دەکات بنووسێت، وەلێ توانای دەربڕینی نییه. ئەوه بۆچی له هیگڵ تێ دەگەین و له تۆ حاڵی نابین؟ تۆ بڵێیت تۆ لەو فەیلەسووفتر بیت! دەشێت خوێنەر، بەد له رۆمانێک تێ بگات، ئاخر رۆمان دەقێکی کراوەیه و چەندان لێکدانەوه هەڵدەگرێت، وەلێ تۆیەک که توانای نووسینی پەرەگرافێکت نییه، مانای هەبێت، دەتەوێت خۆتمان وەک رۆماننووس، پێ بناسێنێت!

که دەنووسیت و ناوی کەسێکی ناسراو دەکەیته ناونیشانی باسەکەت، بەوەش بەڵگەیەکی دیکەمان دەدەیته دەست که تۆ نووسەر نیت، که تۆ کەس ناتخوێنێتەوه، ئەوه نییه، به هۆی ناوی کەسێکی ناسراوەوه، دەرۆزەی سەرنج و سۆزی خوێنەر دەکەیت؟ که دەنووسیت و پەلاماری نووسەرێکی مەزن دەدەیت، بەوه گەورە نابیت، گچکەتر دەبیتەوه. وشەی بوێر، هەمیشه جوانیشه، بوێریی ئەوه نییه، جنێو به نووسەرێک بدەیت، بوێریی ئەوەیه راشکاوانه رەخنه له دەسەڵاتدارێکی گەندەڵکار بگریت. بەوەی جنێو به نووسەرێک دەدەیت، ناوبانگ پەیدا ناکەیت، بەدناو دەبیت. جنێوبەخشینەوه، نیشانەی ئازایەتی نییه، زادەی ترسنۆکییه، ئەوه



هیچ گومان هەڵناگرێت، هەموو جنێوفرۆشێک (جەبان)یشه. حەز دەکەم دڵنیا بیت که تا جنێوی سەنگینتر بنووسیت، پێی سووکتر دەبیت، پێم خۆشه بزانیت، تا تۆمەتی (بەهێز)تر بۆ ئەم و ئەو بهۆنیتەوه، خەڵک متمانەیان پێت (بێهێز)تر دەبێت. مێشووله، با بۆ تاوێکیش بێت، دەتوانێت ئەم یان ئەو هەراسان بکات، وەلێ له شەڕی نێوان مێشووله و قوللەی قافدا، هەمیشه دوو (قاف) له یەک (میم)ی دەباتەوه.

* ئەوه بۆچی گۆڤارێک یان رۆژنامەیەک دەرناکەیت؟ ئەگەر دەستم بڕوات، زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکان دادەخەم. وەک چۆن بۆ له رەگوریشه هەڵکێشانی بەعس، لیژنەمان پێویسته، بۆ قەلاچۆکردنی بلاوکراوه لاواز و خراپەکانیش، لیژنەمان پێویسته. هێنده رۆژنامه، رۆژەنارۆژێ نامه، نیوەهەفتەنامه، هەفتەنامه، دووهەفتەنامه، مانگنامه، دوومانگنامه و وەرزنامەمان هەنه، له ژماره نایەن. ئەوانه لەبەر ئەم هۆیانه پێویسته زۆربەی هەوره زۆریان چی زووتره دابخرێن.
* فلان، تەنیا لەبەر ئەوەی بێئیشه، پێی دەڵێن: برۆ گۆڤارێک دەر بکه!
* ئەو تەنیا چونکه نازانێت، چی بکات، دەچێت دەبێت به سەرنووسەر.
* فیسار، به عالەمی ئاشکرا، به ناوی خزمەتی رۆژنامەگەرییەوه، سامانی میللەت به فیڕۆ دەدات.
* گۆڤار دەردەچێت، بیست کەس تێیدا دەنووسن، وەلێ پازده دانەی لێ نافرۆشرێت.
* گۆڤار هەیه، ژمارەی کارمەندەکانی له ژمارەی خوێنەرەکانی بڵندتره.
* هەفتەنامه هەیه، ستافەکەی پازده کەسێک دەبن، کەچی بیست و پێنج خوێنەری نییه!
* له ژماره نایەن، ئەوانەی تەنیا لەبەر ئەوه، سەرنووسەر یان دەستەی نووسەرانن، بۆ ئەوەی شتێک پارەیان دەست بکەوێت، ئەگەر نا، هیچ

پەیامێکیان پێ نییە.

* هەیە کەس نایناسێت، دەچێت دەبێت بە سەرنووسەر، تا ناوبانگ پەیدا بکات، نازانێت ستوونووسی هەفتەنامەیەکی باش بێت، چاکترە لەوەی سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی خراپ بێت.
* دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار، جۆرێکە لە گەندەڵکاری، ئاخر بە هۆی دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەی زیانبەخشەوە، بەشێک لە سامانی نەتەوەییمان بە فیڕۆ دەڕوات.
* زۆربەی بڵاکراوە کوردییەکان، چونکە ژینگەی زمانی کوردی پیس دەکەن، لەبەر هیچ نەبێت، لەبەر ئەم هۆیە، هەقە دابخرێن.

کورد لە زۆر شتدا یەکەمە و لە گەلێک بواردا ڕیکۆردی وردوخاش کردووە. میللەت هەیە هێندەی ئێمە وەزیری هەبێت؟ میللەت هەیە، هێندەی ئێمە ڕۆژنامەنووس، نووسەر و سەرنووسەری هەبێت؟ میللەت هەیە هێندەی ئێمە کۆڵنەدەر و سەرسەخت بێت؟ سەدان ستوونووسمان هەنە، هێندەیان ستوون نووسیوە، ئەگەر هێندە ستوونی کارەبامان هەبووایە، بەرق دەگەیشتە دوورترین گوند! زۆربەی ئەو ستوونووسانە، هێندە ورەیان بڵندە، چەندان ساڵە دەنووسن و هێشتا کەس پێی نەگوتوون: دەست خۆش، کەچی هەر کۆڵ نادەن. بە ڕاست تەنیا هەبوونی خاوەنی ئیمتیاز، گەندەڵکاری نییە؟ پێم وایە لەمێژە کاتی هاتووە،
خاوەنی ئیمتیاز فنیش بکرێت.

*

ع. ح. ب، جەلال مەحموود عەلی، زاهیر ئەحمەد سەوز، ڕەئووف حەسەن، ڕەئووف بێگەرد، ڕەئووف عوسمان، حەسیب قەرەداغی، محەمەد فەریق حەسەن، عەبدوڵڵا میدیا، شێرزاد حەسەن، عەبدولقادر سەعید، عومەر مارف بەرزنجی، فوئاد قەرەداغی، جەمال محمەد ئیسماعیل، فوئاد



مەجید میسری، حیکمەت هیندی، ئەحمەد سالار، سەلاح ڕەئووف، خالید سەرکار، کەریم کابان، عوسمان عەلی، عیززەت کەریم، تەها خەلیل، دانا عەلی و عەلی توانا.

ئاسایشی سلێمانی پێش ڕاپەڕین، دروست لە ١٩٩١/٣/٤دا، بە نووسراوێکی تەواو نهێنی، بڕیاری دا ئەو نووسەر و هونەرمەندانە بگرێت و ئەگەر قەوما، وەک قەڵغان بۆ پاراستنی گیانی گەورەبەعسییان، بە کاریان بهێنێت؟ ئەو ڕەوتارەی ڕژێمی بەعس، بەڵگەیە بۆ ئەوەی نووسەران و هونەرمەندانی کورد، پێش ڕاپەڕین، کەسانێک بوون ئازا، کەسانێک بوون تا بڵێیت خۆشەویست، لە کن خەڵکی کورد.

ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت، ئەوانەی بە گژ بەعسدا دەچوونەوە، ئیدی هونەرمەند و نووسەر بووبێتن، یان کەسانی دیکە، پڕ بە مانای وشەکە، قارەمان بوون، ئاخر سزای هەر بەگژداچوونەوەیەکی ڕژێم، هیچ دوور نەبوو مەرگ بێت. هیچ گومانم نییە، ئەگەر بەعس سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ ڕاوی نەنابام، ناوم لەو لیستەی سەرەوەدا دەبوو. منێک کە بە گژ بەعسدا دەچوومەوە، بە مافی ڕەوای خۆمی دەزانم، لە پێناوی پێشخستنی کوردستاندا، بێ دوودڵی و بەو جۆرەی خۆم دەخوازم، ڕەخنە لە حوکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بگرم، وەلێ وای بۆ دەچم، نووسەرانی کۆنەبەعسی، ئەوانەی سەروەختی ئەنفالکردنی کوردیش، هەر ستایشی بەعسیان دەکرد، مافی ئەوەیان نییە، ڕەخنە لە دەسەڵاتی کوردی بگرن.

لەم پێنج شەش ساڵەی ڕابردوودا، تەنگ بە گەلێک ڕۆژنامەنووس هەڵچنراوە، زۆریان ڕۆژێک، کەمتر یان زیاتر، لە بنکەیەکی پۆلیس، یان زیندانێکدا ڕاگیر کراون، ئاسایش سووکایەتیی بە زۆر ڕۆژنامەنووس کردووە، تەنانەت چەند ڕۆژنامەنووسێک حوکمیش دراون، وەلێ ئینسان قسەیەک بۆ دزیش بکات، نزیکەی هیچ ڕۆژنامەنووسێکی حوکمدراو، حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێ نەکراوە.

گرتنی د. کەمال سەیید قادر، وەک سەرۆکی وەزیرانیش ددانی پێدا نا، هەڵەیەکی گەورە بوو، وەلێ ناوبراو، لەسەر ڕەخنە و بیروڕای جیاواز نەگیرا، وەک خودی خۆیشی نکووڵی لێ ناکات، لەسەر جنێو گیرا، هەر بۆیە هەم بە دەمی و هەم بە نووسینیش داوای لێبووردنی کرد. د. کەمال، ئەو وەختانە هێمن نەبوو، ئەگەر نا، ئەو جنێوانەی نەدەدا. من حەڤدە ساڵێک لە سوێد ژیاوم، لەوێ ئەگەر کەسێک زۆر هەڵبچێت و جنێوی زۆر پیس بدات، نایگرن، دەستی کۆمەکی بۆ درێژ دەکەن.

ڕەخنەگر کەسێکە، بیر لە قازانجی خۆی ناکاتەوە، خەیاڵی لای بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانە. هەنووکە چونکە لە باشووری کوردستان، لەسەر ڕەخنە، نزیکەی کەس ناگیرێت، بۆیە بەوانەی بە ئومێدی ئەوەی ببنە قارەمان، ڕەخنە دەگرن، دەڵێم: با سوور بزانن، سەروەختی سەرهەڵدانی قارەمان بەسەر چوو. ڕەخنەگر کەسێکە ڕەخنە لە دەسەڵاتدار دەگرێت، نەک لە بێدەسەڵات. لەم باشووری کوردستانە، بە دەیان گەندەڕۆژنامەنووس هەنە، پیاوی فڵان دەسەڵاتدارن و سووکایەتی بە فیسار بێدەسەڵات دەکەن. لەم باشووری کوردستانە، هەفتەنامە هەیە، تەنیا بۆ ئەوە سەری هەڵداوە، سووکایەتی بە خەڵکی بێدەسەڵات بکات.

گەندەڕۆژنامەنووس، کە قەت نابێت بە قارەمان، بەرانبەر ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبێکی زاڵ، کە هیچ گومان لەوەدا نەماوە، قەرەفایل بووە، خۆی لە گێلی دەدات و دێت یەخەی کەسێک دەگرێت کە دوو سێ ستوونی لە ستایشی بەعسدا نووسیوە و ئێستا بستێک دەستی ناڕوات. گەندەڕۆژنامەنووس، توند توند کلکی لەگەڵ گەندەڵکارێکی گەورەدا گرێ داوە و بە گژ گەندەڵکارێکی گچکەدا دەچێتەوە. گەندەڕۆژنامەنووس، هیچ هەقی بەسەر ئەو ئەنفالچییانەوە نییە، کە ئێستاش، هەم دەستیان خوێنی کوردی لێ دەچۆڕێت و هەم دەستیشان لە کوردستاندا دەڕوات.

با ئەم یان ئەو حیزب، داڵدەی ئەم یان ئەو ئەنفالچیشی دابێت، با ئەم



یان ئەو حیزب، گابەردێکی لەسەر فایلی ڕەشی، ئەم یان ئەو ئەندامی سەرکردایەتیی خۆیشی دانابێت، با ئەم یان ئەو حیزب، سزای هیچ گەندەڵکارێکی نێو خۆیشی نەدابێت، وەلێ ئەوی ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە بێت، قەت لەوانە خۆش نابێت، کە دەستیان بە خوێنی کورد سوورە، هەرگیز لەوانە نابوورێت کە سامانی نیشتمانیان تاڵان کردووە و دەکەن. کوردستان بەهەشتی قەرەفایلان، ئەنفالچییان و گەندەڵکارانە، ئەوە نییە نە قەرەفایلێک ڕسوا دەکرێت، نە ئەنفالچییەک دەدرێت بە دادگا و نە گەندەڵکارێکیش سزا دەدرێت!

*

ئێستاش گەرچی پازدە ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا تێپەڕیوە، نووسەران و ڕۆژنامەوانان، هەر بەو یاسایە دادگایی دەکرێن کە بەعس لە ساڵی ١٩٦٩دا دایڕشتووە! ئێستاش کە داوا لەسەر خاوەنقەڵەمێک تۆمار دەکرێت، دادوەری کورد بە زەبری ماددەی بەدناوی ٤٣٣ سزای دەدات! بە گوێرەی ئەو ماددە شوومە، هیچ کەس مافی ئەوەی نییە، بە بەعسییەک بڵێت: بەعسی، بە دزێک بڵێت: دز و بە بازرگانێکی شەڕی نێوخۆ بڵێت: ئەو سامانەت لە کوێ بوو؟ ئاخر بە پێی ماددەی ٤٣٣ بەڵگەنامە هیچ ڕۆڵێکی نییە، چونکە دادوەر پێت دەڵێت: فڵانە کەس بەعسییە، دزە، یان بە ڕێگەیەکی ناڕەوا دەوڵەمەند بووە، بە تۆ چی؟ تۆ هەقت چییە؟ خۆ تۆ بەرپرسی ئەو نیت، تا بیهێنیتە گیروگاز؟

ئەگەر کەسانێک پێیان وایە، پەراوێزێک بۆ ئازادیی ڕادەربڕین لە باشووری کوردستاندا هەیە، ئەوا بە هەڵەدا چوون. تۆ کە ڕەخنەت لە فڵانە کەس، ئیدی دەستڕۆییشتوو بێت یان نا، گرتووە و سزا نەدراویت، ئەوە نیشانەی هەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین نییە، هی ئەوەیە، ڕەخنەلێگیراو داوای لەسەر تۆمار نەکردوویت، ئەگەر کردبای، لە سەدا سەد سزا دەدرایت. <u>پازدە ساڵە بەعس لە کوردستاندا بزرە، کەچی شمشێری</u>

یاساکەی هەر حازرە! ئەوە بە ڕاست پەرلەمانی کوردستان ئیشی چییە، وا هەتا هەنووکە بیری لە گۆڕینی یاسای بەعس نەکردووەتەوە؟ بە ڕاست پەرلەمانتار هیچ پێی شەرم نییە، ڕۆژنامەنووسانی وڵاتەکەی بە یاسایەک سزا دەدرێن، بەعس بۆ خنکاندنی هەموو ڕستەیەکی ئازاد دایڕشتووە! ڕۆژنامەنووس خەو بە زڕاندنی ناوی بەعسییەکانەوە دەبینێت و کەچی مافی زڕاندنی ناوی کۆنەبەعسییانی نییە! خەو بە زڕاندنی ناوی گەندەڵکارانەوە دەبینێت و مافی زڕاندنی ناوی هیچ دزێکی نییە! ئاخۆ هێژا عومەر فەتتاح، ئاسوودەیە بەوەی، ئاسۆس هەردی و توانا عوسمانی لەسەر هەواڵێک، بە سزا گەیاند؟

بادانەوە نەنگی نییە! با دەدەمەوە و دەڵێم: لە باشووری کوردستاندا ئازادیی ڕادەربڕین، بە هەموو مانای دەربڕینەکە هەیە، بەڵام بۆ ڕۆژنامەنووسان، نا، بۆ ئەو مەلا دوازدە جەهلانەی بە ناڕەوا خۆیان بە زانایان لە قەڵەم دەدەن، ئەوانەی بێ بەڵگە دەنووسن: (فلانەکەس بە بارزانی گوتووە: ڤایرۆس و بە شەهیدی گوتووە: تیرۆریست!) ئازادیی ڕادەربڕین بۆ مەلا عەلی باپیر هەیە، ئەوی کە پێی شەرمە بۆ ڕێزلێنان لەوانەی لە پێناوی کوردستاندا، گیانیان بەخت کردووە، دەقیقەیەک ڕابوەستێت، ئەوی گاڵتەی بە مارشی نەتەوەی کورد دێت! ئازادیی ڕادەربڕین بۆ مەلا عەلی باپیر هەیە، ئەوە نییە بێ ترس دەڵێت: (ئینجیل و تەورات شێوێنراون و پڕن لە درۆ و دەلەسە؟)[1] ئەوە نییە بێ دوودڵی دەڵێت: (ئەوانەی ئێستا بوونەتە نەسرانی، کەسانی هەرچی و پەرچین و لە پێناوی مانگانەیەکی هەزار دۆلاریدا لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە و جێگەیان دۆزەخە؟)[2]

*

گرنگترین مەرجی نووسین کورتبڕییە، نووسەری ڕاستەقینە بە کەمێک وشە، زۆرێک لە مانا دەڵێت. بگۆی لێزانیش هەر هەمان ڕێسا ڕەچاو



دەکات، بە کورتترین ڕێگە، قسەی ناخی خۆی دەدرکێنێت. کە سەرۆکی کوردستان چاوی بە نووسەران و هونەرمەندانی سلێمانی دەکەوێت، سەرەتا مەلا بەختیار دەپەیڤێت، ناوبراو لە بیری خۆی دەباتەوە کە ئەو خەڵکە بۆ گوێگرتن لە مەسعوود بارزانی کۆ بوونەتەوە، ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و ئەوەندە قسە دەکات، ئامادەبووان وەڕز و بێزار دەبن.

لەنێو ڕیزەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا کەس شک نابەم، نیو هێندەی مەلا بەختیار، شەیدای مەمکی قوتی مایکرۆفۆن و چاوی گەشی کامێرا و سنگی ڕووتی ڕۆژنامە بێت. ئەوانەی لێ بترازێت کە هەواڵ و بەرنامە پێشکەش دەکەن، زەحمەتە کەس هێندەی وی لە (کوردسات)ەوە دەرکەوتبێت، تەنانەت لە گەلێک لەو بەرنامانەشدا کە لە تیشکی چاوی کامێرا بێبەشی دەکەن، بە هێڵی تەلەفۆندا دێتە ناوەوە.

ئەگەر لە داهاتوودا خەڵاتی زێڕین بۆ درێژدادڕی بێتە ئاراوە، ئەوا لە بواری سیاسەتدا، یەکەمین جار بەر مەلا (بەختیار) و لە بواری ئەدەبیشدا، کەڕەتی یەکەم بەر (بەختیار) عەلی دەکەوێت، ئاخر (بەختیار عەلی)یش شای زۆربارەکردنەوەیە و ئەوی بە پەڕەگرافێک دەگوترێت، بە چەند لاپەڕەیەک دەیڵێت. ئەوە زێتر (خەمبار)م دەکات کە هەردوو (بەختیار) بە جۆرێکی وا کوشندە، دووچاری پەتای درێژدادڕی هاتوون، هیچ ئومێدی چاکبوونەوەیان لێ ناکرێت.

*

سەرۆکی کوردستان، گەلێک جار نیگەرانیی خۆی بەرانبەر بە ڕەخنەگران نیشان داوە، ئەو بڕوای بە ڕەخنە هەیە، وەلێ ڕەخنەی مەرجدار، بڕوای بە ڕەخنەیەک هەیە، کە پێشنیاریشی لەگەڵدا بێت، کە ئەڵتەرناتیڤیشی دەستنیشان کردبێت، کە لەگەڵ نیشاندانی لایەنە ڕەشەکاندا، لایەنە گەشەکانیشی فەرامۆش نەکردبێت، کە بنیاتنەر بێت، نەک ڕووخێنەر!

ئەوە ئەرکی حوکومەتە، بەرق و ئاو، نەخۆشخانە و فێرگە بۆ

هاووڵاتییان دابین بکات، بێ ئەوەی چاوەڕێی دەستخۆشانەی ڕۆژنامەنووسان بێت، کە حوکوومەت ئەرکەکانی سەر شانی خۆی جێبەجێ نەکرد، ئەوە مافی هەموو هاووڵاتییەکە، ڕەخنەی لێ بگرێت. ئەوە ئەرکی حوکوومەتە، نیشتمان ئاوەدان بکاتەوە، بێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت، مننەت بەسەر هاووڵاتییاندا بکات، هەر بۆیە قەت لە تیڤییەکی ئەورووپاییەوە، نابینین،دەسەڵاتدارێک بەردی بناغەی پرۆژەیەک دابنێت. من بانگەشە بۆ ڕەخنەی بێ قەید و شەرت ناکەم، لەگەڵ ئەوەدام، بەرپرسانی ئەو هەفتەنامانە سزا بدرێن، کە بێ بەڵگە، خەریکی زڕاندنی ناوی ئەم و ئەون و دەرگەیان بە ڕووی جنێونووساندا وازە، وەلێ دژی ئەوەم، ڕەخنەگر لەبەر ڕۆشنایی مەرجەکانی دەسەڵاتداردا بنووسێت. پێم وایە ڕەخنە دەبێت، ڕووخێنەر بێت، گەندەڵکاری بڕووخێنێت، نەک ئارایشتی بکات. پێشکەشکردنی پێشنیار و دەستنیشانکردنی ئەڵتەرناتیڤیش، ئیشی ڕۆژنامەنووس نین، ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە، چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە کە ڕۆژنامەنووس تیشکیان دەخاتە سەر، ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە کە پلانێکی تووشی نسکۆ دێت، هانا بۆ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە ببات.

حەز دەکەم ڕاشکاوانە ئەوەش بڵێم، ئەو سەرنووسەرانەی (نووسین)ی کەسانی ئاستنەوی بڵاو دەکەنەوە، پێیان خۆش بێت یان نا، پێش ئەوەی سووکایەتی بەم و بەو بکەن، بە خودی خۆیانی دەکەن. جێگەی داخ و سەرنجە، حیزب و حوکوومەت لە دەم و جەستەی هاووڵاتییانی برسی و ڕووتی دەگرنەوە و دەیدەن بە کۆمەڵێک (سەرنووسەر!)ی جاهیل، تا لە ڕێی بڵاوکراوەکانیانەوە، جنێو بەم و بەو بدەن.

2006. 07. 23

..............................................

(١) و (٢) هەفتەنامەی میدیا، ژمارە ٢٣٩ سێشەممە ٢٠٠٦/٥/٩ ل٩ هەولێر.



# شیعری ئەوینداری

لەمێژە شیعر دەنووسم، هەیە بە شیعری من سەرسامە، هەیە نا. من هەر شیعر نانووسم، ڕەخنەش دەربارەی شیعر دەنووسم، کە وەک ڕەخنەگرێک سەرنجی شیعری خۆم دەدەم، هەست دەکەم، وەک چۆن شیعری جوانم گوتووە، زۆر شیعریشم نووسیوە، هەنووکە هێندە ڕووکەش و ڕووت و ڕەجاڵ دێنە بەر چاوم، بە خۆم دەڵێم، سەد بریا ئەو شیعرانەم هەر نەنووسیبا.

شیعرم نووسیوە، باس لە ئەوینی نیشتمان دەکات و بە جوانی دەزانم، شیعرم نووسیوە، دەکەوێتە خانەی ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەوە و بە جوانی دەزانم، شیعرم نووسیوە، زادەی جیاوازیی چینایەتییە و بە جوانی دەزانم، شیعرم نووسیوە، زادەی خەمی دوورەوڵاتییە و بە جوانی دەزانم، ساتیرەشیعرم نووسیوە و بە جوانی دەزانم، وەلێ لە کن خۆم، جوانترین شیعرم، ئەوانەن، کە زادەی خۆشویستنی ژنن.

نیزار قەبانی، یەکێک بوو لەو شاعیرە گەورانەی دەیتوانی بێ ئەوەی چیرۆکێکی دڵداری لە ئارادا هەبێت، جوانترین شیعری دڵداریی بنووسێت، من بە پێچەوانەی ئەو شاعیرە مەزنەوە، لە هیچی نەبوو، قەت ناتوانم، شیعرێکی جوانی ئەوینداری بنووسم، ناڵێم هەر شیعرێکی دڵداریی من بگریت، زادەی چیرۆکێکی ئەوینداربییە، وەلێ هەر شیعرێکی دڵداریی من بخوێنیتەوە، لاپەڕەیەکە لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی دڵداری و زادەی ئەفسوونی ئەوینی ژنێکە.

با هەست بە غەریبی نەکەی
ئەوە دڵم
وەرە بیکە بە نیشتمان!

جارێکیان ژنێکی کورد لەو ئەسکەندەنافیایە، پێی گوتم: (زۆر هەست بە غەریبی دەکەم.) ئەو ڕستەیە، هەوێنی یەکێک بوو لەو شیعرانەم کە خۆم بە جوانیان دەزانم. کە شیعرەکەم بۆ خوێندەوە، گوتی: ئەوە جوانترین پێشنیارە لە ژیانمدا گوێم لێ بووبێت. هەر لە هۆنراوەی (پەشیمانی)یەوە کە لە ساڵی ١٩٧٠دا نووسیومە، تا دوا شیعری دڵدرایم، هیچیان زادەی وەهم نین. ئەوی چیرۆک بنووسێت، ناچارە هەم قارەمان بخوڵقێنێت و هەم ڕووداویش، نازانم چۆن هەندێک شاعیر، بێ هەبوونی ڕووداوێکی ڕاستەقینە، دەتوانن، ببن بە قارەمانی شیعر؟ لە هەر شیعرێکمدا بگۆ، کەسی یەکەمی تاک بێت، قارەمانی ڕاستەقینەی چیرۆکی شیعرەکە، خۆمم، ئەگەر قارەمانی شیعرەکانیشم نەبم، خۆم بە هەموو مانای وشەکەوە، لە نێویاندام، بۆیە هیچ بڕوام بەو جۆرە ڕەخنەیە نییە کە دەق لە بنووسەکەی جوێ دەکاتەوە.

سوپاس بۆ خوێنەرانم کە هێندە متمانەیان پێمە، قەت بڕوا ناکەن، شیعرم بۆ تارمایی گوتبێت، قەت بڕوا ناکەن، درۆیان بۆ بهۆنمەوە. سوپاس بۆ ئەوانەی هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا کردووم و هەر لە سەرەتاوە لێیان پرسیوم: بە ڕاست ئەو شیعرە ناسکانە بۆ کێ دەڵێیت؟ داوای لێبوردن لە هەموو ئەوانە دەکەم کە خۆم لەو پرسیارەیان دزیوەتەوە.

2006. 05. 28



## سەرۆکی نووسەران یان نەمان

بە کاریگەرییەتیی ئەوەی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانیی نووسەران بووم و سێ ساڵێکیش وەک نوێنەری ئەو لقە، ئەندامی مەڵبەندی گشتی بووم، بە زەبری ئەوەی ئەندامی نووسەرانی چیا بووم، بە حوکمی ئەوەی یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی یەکیەتیی نووسەرانی کورد لە سوێد و لەمێژیشە لە یەکیەتیی نووسەرانی سوێددا ئەندامم، ئەمانە بێجگە لەوەی لەسەر داکۆکیکردن لە یەکیەتیی نووسەرانی کورد، بەعس ڕاوی نام، مافی ئەوەم هەیە سەبارەت بە ئێستا و داهاتووی یەکیەتیی نووسەرانی کورد قسە بکەم.

کورد بە شێوەیەکی گشتی ترسی لە گۆڕانکاری هەیە، دەشێت ئەمە هۆکارێکی گرنگ بێت بۆ ئەوەی پێش ناکەوین، یان هێندە بە کاوەخۆ بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێین. یەکیەتیی نووسەرانی کورد لە کۆمەڵێک لق و مەڵبەندێکی گشتی کە هەبوونی تەنیا زیانی بۆ لقەکان هەیە، پێک دێت. مەڵبەندی گشتی ئەگەر قازانجێکی هەبێت، تەنیا بۆ د. عیززەدین مستەفا ڕەسووڵی هەیە، ئاخر ئەگەر مەڵبەندی گشتی نەمێنێت، ئەو پۆستی سەرۆکی یەکیەتیی نووسەرانی کوردی لە کیس دەچێت.

یەکیەتیی نووسەران حیزبێکی ستالینی نییە، تا پێویستی بە کۆمیتەی ناوەندی هەبێت، دەکرێت، زۆر باشیش دەکرێت، هەر لقە و سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەبێت، هەر کە پێویستیشی کرد، لقەکان بێ ئەوەی پێویستییان بە مەڵبەندی گشتی هەبێت، چالاکیی هاوبەش بکەن. لقەکان

دەتوانن لە هەموو بوارێکدا بێ هەبوونی مەڵبەندی گشتیش، هەمیشە بە تەنگ یەکدییەوە بێن و کۆمەکی یەکتری بکەن.

هەنووکە هیچ لقێک بێ ڕەزامەندیی مەڵبەندی گشتی مافی ئەوەی نییە، ئەندامێک وەربگرێت! ئایا ماقووڵتر نییە، بۆ نموونە، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێر، تەنیا خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، لە سنووری لقەکەیاندا، کێ شیاوی ئەوەیە، بکرێتە ئەندام و کێ نا؟ ئەوە چییە ئەو توانا سیحرییەی بە د. ع. م. ڕەسووڵ بەخشیوە کە دەستەی بەڕێوەبەری، بۆ نموونە لقی دهۆک، بێ ئەمری وی، توانای وەرگرتنی ئەندامێکی نەبێت؟ ئەگەر ئەوە پێڕەوی ناوخۆیە، ئەو دەسەڵاتەی بە مەڵبەندی گشتی بەخشیوە، خۆ پێڕەوی ناوخۆ قورئان نییە، چەند بڕگەیەکە، نووسەران سی چل ساڵێک بەر لە ئێستا نووسیویانە و لەمێژە وەختی بەسەر چووە. چونکە دە دوازدە ساڵێکە مەڵبەندی گشتی ئیفلیج بووە، دە دوازدە ساڵێکە هیچ لقێک مافی ئەوەی نییە، ئەندامێکی نوێ وەربگرێت، بە مەرجێک لە دە دوازدە ساڵی ڕابردوودا، دەیان خاوەنقەڵەمی وا لە دایک بوون، کە شیاوی ئەوەن، ئەندامی یەکیەتیی نووسەرانی کورد بن.

یەکیەتیی نووسەرانی کورد دوو جار لە سەروەختی سەرۆکایەتیی د. عیززەدین مستەفا ڕەسووڵدا، تووشی نسکۆ هاتووە. سەرەتای ساڵی ١٩٨٣، کە ناوبراو سەرۆک بوو، یەکیەتیی نووسەرانی کورد لە نێو یەکیەتیی نووسەرانی عێراقدا توایەوە و دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆش، دیسان هەر کە ناوبراو سەرۆک بوو، مەڵبەندی گشتیی یەکیەتیی نووسەرانی کورد بە جۆرێک ئیفلیج بوو، ئەوەتا هەشت ساڵ بەسەر ڕێکەوتننامەی واشینگتۆندا تێپەڕیوە و تازەکی سەرۆک هەوڵی بەستنی کۆنگرە دەدات! ئەم هەوڵەشی تەنیا لە پێناوی ژیاندنەوەی



مەڵبەندی گشتیدایە، بەو ئومێدەی خودی خۆی ببێتەوە بە سەرۆک و خوازیاریشە مەدال حەیات، هەر سەرۆک بێت! ئەگەر چی بە ئەزموون بۆمان دەرکەوتووە، سەرۆکێکی فاشیل بووە.

هەوڵی من بۆ ئەوە نییە، قەناعەت بە د. عیززەدین بکەم، واز لە سەرۆکایەتیی یەکیەتیی نووسەرانی کورد بهێنێت، چونکە پێم وایە هیچ هێزێک لە توانایدا نییە، ئەو قەناعەتەی لە کن دروست بکات، هەوڵی من بۆ ئەوەیە، لقەکان بگەنە ئەو قەناعەتەی، مەڵبەندی گشتی هیچ کێشەیەکیان بۆ چارەسەر ناکات، بەڵکوو تووشی سەرئێشەیان دەکات. وەک چۆن سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان مەڵبەندی گشتییان نییە، وەک چۆن ئەو تیپ و گرووپانەی خەریکی موزیک و گۆرانین، مەڵبەندی گشتییان نییە، لقەکانی نووسەرانیش پێویستیان بە مەڵبەندی گشتی نییە. چونکە لق چالاکی دەنوێنێت و مەڵبەندی گشتی کۆسپ دەهێنێتە ڕێگەی، چونکە لق ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات و مەڵبەندی گشتی مافەکانی زەوت دەکات، بۆیە دەڵێم: ژیان بۆ لقەکان و مەرگ بۆ مەڵبەندی گشتی.

2006. 06. 30

## کولتوور و کلدان

لەو هەڤپەیڤینەدا کە هەفتەنامەی (میدیا) لەگەڵیدا سازی کردووە، ڕێبوار سیوەیلی دەبێژێت: (شاری هەولێر وەک شارێکی تایبەتمەند، بە درێژایی مێژووی خۆی، دابڕ نەبووە لە کردەی نێربازی، نێربازی لە هەولێردا کلتورێکی دوورودرێژە.)[١]

* کلتور هەڵەیە، کولتوور ڕاستە، واتا لەو تاقە وشەیەدا دوو هەڵەی ڕێنووس هەیە، چونکە دوو (واو) لە دوو جێی جیاوازدا، نوقسانە. هەڵەکە هی تایپیست نییە، هی نووسەرە، ئاخر لە نووسینی تر و لە بڵاوکراوەی دیکەشدا هەر وای نووسیوە.
* کلتوور: سورمەدان یان (کل)دانە، توورەکەیەکی بچووکە (کل)ی هاڕدراوی تێدا هەڵدەگیرێت.
* کولتوور: ڕۆشنبیرییە، هونەرە، موسیک و ئەدەبە.
* کولتوور لەو بۆچوونەی سیوەیلیدا، ڕووکارێکە لە شێوازی ژیانی کۆمەڵە خەڵکێک، لە شوێنێکی تایبەتیدا و بە درێژایی دیرۆکی ئەو خەڵکە.
* بە گوێرەی ئەو بۆچوونەی سیوەیلی، هەزاران ساڵە، نێربازی بەشێکە لە کولتووری، (دابونەریتی) هەولێرییەکان و بە لای هەولێرییەوە، (نێربازی)یش، وەک لێنان و خواردنی دۆڵمە، یان گوێگرتن لە حەیران، شتێکی ئاسایی و باوە!
* بڵاوکراوەی سەنگین، بە شێوازی سووک، خوێنەر لە دەوری خۆی خڕ



ناکاتەوە، (میدیا) هەندێک جار بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، هانا بۆ ئەو شێوازە هەرزانە دەبات، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، ئەو قسانەی (سیوەیلی)ی بە خەتێکی درشت نووسیوە.

* دەشێت سیوەیلی بەد لە مانای کولتوور حاڵی بووبێت، بۆیە نەیزانیوە، بیخاتە ڕستەیەکی بەسوودەوە! چونکە ئەوە ئەگەرێکی زۆر لاوازە، گەرەکی بووبێت، سووکایەتی بە خەڵکی هەولێر بکات! نێربازی یەکێک نییە لە تایبەتمەندییەکانی هەولێر، لە هەولێریشدا وەک هەر شارێکی دیکەی کوردستان، لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، چونکە بۆ عەوام نانووسم، نایانژمێرم، کەسانی نێرباز هەڵکەوتوون و ئەو جۆرە کەسانە هەمیشە جێی نەفرەتی خەڵکی شارەکە بوون.
* دوای بڵاوبوونەوەی هەڤپەیڤینەکە، دروست لە ٢٠٠٥/٨/١دا، ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، ڕوونکردنەوەیەک دژی ئەو قسانەی سیوەیلی بڵاو دەکاتەوە، کە جێی داخە، تێیدا ڕەخنەی ئەوەی لە بکەری ئەو قسانە گرتووە، کە بە هەولێر (بێگانە)یە. سیوەیلی خەڵکی پارێزگای سلێمانییە، وەلێ ئەو بۆچوونە ئەگەر هی هەولێرییەکیش بووایە، هەر هەڵە بوو.
* ڕاستە سیوەیلی لە هەولێر لە دایک نەبووە، وەلێ مافی ڕەوای خۆیەتی لەو شارە بژی و هیچ هەولێرییەک هەقی ئەوەی نییە، منەتی بەسەردا بکات، ئاخر ئینسان ئازادە، لە کام شاری کام وڵات دەژی.
* مایەی شەرمەزارییە بەشێک لە خەڵکی شاری سلێمانی، خەڵکی هەولێر بە گەوج دەزانن، ئەو بەشە لە خەڵکی سلێمانی، سەدان نوکتەیان لە سەر کاڵفامیی هەولێری دروست کردووە!
* ئەو بەشە ئاستنزمە لە خەڵکی سلێمانی، بە چاوی سووکەوە سەیری هەولێری، هەورامی و لادێیی دەکەن و تەنانەت ئەگەر کوردێک بە

غەیری زاراوەی سلێمانی بدوێت، قسەکانی لای وان، دەبنە مایەی پێکەنین!

* لە دوای ئەوەی بەشێک لە خەڵکی هەولێر، لە ئەنجامی شەڕی نێوخۆوە، لە سلێمانی گیرسانەوە، نوکتە دروستکردن لەسەر هەولێری گەشەی سەند!
* لە ڕوانگەی ئەو بەشە ئاستنزمەی خەڵکی سلێمانییەوە، هەولێرییەکان سەر بە ڕێکخستنی حیزبی کەرانن و ئەگەر چاوی کەر وەک هی پشیلە پرشنگدار بووایە، شەوان هەولێر وەک چراخانی لێ دەهات.
* چونکە لەمێژە ئەو بەشە ئاستنزمەی خەڵکی سلێمانی، هەولێرییەکان بریندار دەکەن، ئەو کاردانەوەیەی ئەنجوومەنی پارێزگای شارەکە و ڕەخنەی ئەو نووسەرانەشی دژی سیوەیلی دەنگی ناڕەزاییان هەڵبڕی، شتێکی چاوەڕوانکراو بوو.
* سیوەیلی هەر کە دەژنەوێت، ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، ڕوونکردنەوەی لە دژی نووسیوە، یەکسەر لەو هەڵەیەی پاشگەز دەبێتەوە و دەنووسێت: (دیاردەی نێربازی تایبەت نییە بە هەولێر و لە سلێمانی و سنەش هەیە.)[٢]
* پێ دەچێت لە ترسی ژیانی پەشیمان بووبێتەوە، چونکە نووسیویەتی: (دوای ئەو ڕوونکرنەوەیە ژیانی من و خانەوادەکەم لە مەترسیدایە.) ئەوەشی هێندە زوو هانای بۆ نووسەران بردووە کە پشتگیریی لێ بکەن، هەر نیشانەی ئەو مەترسییەیە. بەو ترسەشەوە لە لووتبڵندی نەکەتووە و خۆی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر کردووە بە شارەزا و شەش ئەرکی بۆ دەستنیشان کردوون!
* سیوەیلی ئەگەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەوە، نێربازیی بە کولتووری هەولێر نێوزەد کردووە و بەڵگەی سەلمێنەری لە کنە، هەق نەبوو پاشگەز



ببێتەوە، وەلێ ئەگەر پێی وایە کەوتووەتە غەفڵەتەوە، جێی خۆیەتی داوای لێبووردن بکات.

2005. 08. 25

---

(١) میدیا، ژمارە (٢٠١) ل٨ و ٩ هەولێر ٢٠٠٥/٧/٢٦

(٢) ڕێگای کوردستان ل٢ هەولێر ٢٠٠٥/٨/٣

## ئەمشەو

ئەلبوومی (ئەمشەو) کە زادەی هاوکاریی نێوان هونەرمەند عەدنان کەریم و گرووپی کامکارانە، شیاوی ئەوەیە بە چاوی ڕێز و بایەخەوە سەرنجی بدرێت. من چەندان جار گوێم لەو بەرهەمە نوێیە گرتووە و نەک هەر لێی بێزار نەبووم، بەڵکوو جار لە دوای جار زێتر سەرسام و شەیدای کردووم، بە پێچەوانەی زۆر بەرهەمی دیکەوە کە دوای یەک دوو جار گوێ لێ گرتن، ئیدی فەرامۆشم کردوون. عەدنان کەریم هەر تەنیا دەنگی خۆش نییە و بەس، بەڵکوو سەلیقەی هەڵبژاردنی تێکستی جوانیشی هەیە و پشت بە میلۆدی و موزیکێکیش دەبەستێت کە کوردییە، نەک فارسی، عەرەبی یان تورکی. باڵای ئەلبوومی ئەمشەو، لە بەژنی کارەکانی پێشووتری عەدنان کەریم بڵندترە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هۆشیاری و نیشانەی خۆماندووکردنە. ئەو نایەت تەنیا لەبەر زیادکردنی ژمارەی ئیشەکانی، بەرهەمێکی کرچوکاڵ و ئاستنزم بخاتە بازاڕەوە.

عەدنان کەریم یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی وەک چۆن نەوەی نوێ پێی سەرسامە، نەوەی کۆنیش بەوپەڕی تاسەوە گوێی بۆ ڕادەدێرێت، ئاخر ئەو نەهاتووە بەو پاساوەی گوایە گۆرانی نوێ دەڵێت، لە سفرەوە دەستپێ بکات، ئەو ڕەگێکی قووڵی لە نێو کەلەپووری گۆرانی و موزیکی کوردیدا هەیە و دوای پەیداکردنی شارەزایی و ئەزموون ئینجا بیری لە نوێکردنەوە و داهێنان کردووەتەوە. (بە لەنجە گیان بە لەنجە) کە لە ڕوانگەی منەوە شاگۆرانیی ئەلبوومەکەیە، زادەی مامەڵەیەکی سەرکەوتووی هاوچەرخانەیە



لەگەڵ فۆلکلۆردا. زێدەڕۆی ناکەم ئەگەر بڵێم ئەو شیعرەی سەیدی هەورامی: (خۆ کافرستانی نیۆ) لە گیەنڵڵادا بوو، وەلێ کە عەدنان کەریم بۆ نوێکردنەوەی ئاوازێکی فۆلکلۆر پشتی پێ بەست، سەرلەنوێ تەمەنێکی درێژی پێ بەخشی.

لە نێو کورددا بە گوێرەی زانیاریی من، تەنیا یەک گۆرانیبێژمان هەبوو، شاعیریش بوو، ئەویش یادی بەخێر مامۆستا حەمەساڵح دیلان بوو. هەنووکە بەشێک لەوانەی بە گوتنی گۆرانییەوە خەریکن، نەک هەر (میعر) بۆ گۆرانییەکانی خۆیان، بەڵکوو بۆ گۆرانیبێژی دیکەشی دەنووسن! لێرەدا هەقە ئەوەش بڵێم، هەندێک کەس کە پێیان وایە، لە بواری نووسینی شیعری گۆرانیدا سەر لە هەور دەسوون، ئەگەر چی دەیان (شیعر)یان کراوە بە گۆرانی، وەلێ لە هیچ یەکێک لەو (شیعرانە)یاندا، ڕستەیەکی شیعری نییە. یەکێک لە لایەنە جوانەکانی عەدنان کەریم ئەوەیە، شیعر نانووسێت، بە دوای شیعری جواندا دەگەڕێت. جێی داخە زۆربەی ئەوانەی خەریکی گوتنی گۆرانی و دانانی ئاواز و لێدانی موزیکن، لە بواری هەڵسەنگاندنی تێکستی گۆرانیدا، دەرۆزەیان پێ دەشێت، ئەگەر نا تێکستی لاواز و ڕووتوڕەجاڵ، بەختی ئەوەی نەدەبوو، ئاوازی بۆ دابنرێت و موسیکی بۆ لێ بدرێت و بە گۆرانی بگوترێت.

قانع دەڵێت:

لاکە بەمەلاوە ببینە ڕەنگم
ڕۆشن کە (حوجرەی) دەروونی تەنگم.

کەچی عەدنان کەریم دەبێژێت:

ڕۆشن کە (حووچەی) دەروونی تەنگم.

دەزانم حوجرە: ژوورە، بەڵام (حووچە)م پێ لێک نادرێتەوە.

سالم دەڵێت:

له سەحرای مەحشەریشا یاری من تەرکی جەفا ناکا
فیدای ئەو شۆخە بێ (ڕەحمەم) کە جەوری دوو جیهانی بێ.

کەچی عەدنان کەریم دەبێژێت:

فیدای ئەو شۆخە بێ (ڕووحەم) کە جەوری دوو جیهانی بێ.

ئەوە شۆخی بێ ڕەحمە، جەور دەنوێنێت نەک شۆخی بێ ڕووح.

مامۆستا نەجمەدین مەلا گوتوویەتی:

کە ئەو جوانە بەعینوانە، بە ناز چاوانی هەڵدێنێ
ڕەگوریشەی دڵی زارم بە جارێ (دائەلەرزێنێ.)

دائەخورپێنێ یان دائەچڵەکێنێ، هەردووکیان ڕاستن، وەلێ (دائەلەرزێنێ) بە ڕاست نازانم، بە هەر حاڵ ئەگەر هەڵەیەک هەبێت، کە پێم وایە هەیە، هەڵەی عەدنان کەریم نییە، هی شاعیرەکەیەتی و وەختی خۆی هونەرمەندی مەزن: (عەلی مەردان)یش هەر وای گوتووە.

بای نەسیم کەوتەوە (شنە)ی زوڵفەکەی لەسەر ڕووی نیانی.
یار بە لەنجەولار هاتەوە، بە ڕەوتی جوانی.

نازانم کێ خاوەنی ئەو دێڕە شیعرەیە، هی هەر کەسێک بێت، لاواز ە و هەڵەشی تێدایە. ئەگەر گوتبای: ‹بای نەسیم کەوتەوە (شەنی) زوڵفەکەی لەسەر ڕووی نیانی،› مانایەکی دەبوو. نەسیم کە هەر شنە و شەماڵە، دەشێت زۆڵف شەن بکات و وێنەیەکی جوانیشە. (ڕووی نیانی) دەربڕینێکی تا بڵێیت لاوازە، ئاخر بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (نیان) لە دوای (ڕوو)ەوە، ناجۆر دەبینم.

یار بە (لەنجەولار) هاتەوە بە (ڕەوت)ی جوانی.

لەنجەولار و ڕەوت، دوو جۆرن لە ڕۆییشتن، یەکەمیان بۆ ئینسان و دووەمیان بۆ ئاژەڵ یان دروستتر بۆ وڵاخ دەبێت. لەنجەولار: ڕۆییشتنێکە



بەناز و بە ئەسپایی، ڕەوت: نەک هەر نازی لەگەڵدا نییە، بەڵکوو ڕۆییشتنێکی خێراشە. پێم وایە (گۆران)ی نەمریش، باشی بۆ نەهاتووە کە گوتوویەتی:

یان کۆتری حەوشی مزگەوت
چەن خنجیلانەی لێ دێ (ڕەوت!)

2006. 11. 10

# ژن و کلاون

ئەگەر ژنێک خۆشی بوێیت، ئەگەر ژنێک لە نێو بێشکەی سۆزی خۆیدا ڕاتبژەنێت، هیچ دوور نییە دەست بەسەر هەموو دنیادا بگرێت. دەست بەسەر دنیادا گرتنێکی هونەری، وەک چایکۆڤسکی دەستی بەسەر دنیادا گرتووە، یان ئەدەبی، وەک سێرڤانتس دنیای داگیر کردووە. پیاو هێندە لەژێر کاریگەریەتی ژندایە، ئەگەر بڵندترین پلەوپایەی لە کیس بچێت، بەرگە دەگرێت، چی سامان شک دەبات، بیدۆڕێنێت، ورە بەر نادات، وەلێ ئەگەر ژنێک جێی بهێڵێت، هیچ دوور نییە خۆی بکوژێت.

شتێکە ئاسایی، کەسێک کلاون بێت، ئەوە کارەساتە کلاون بێت و خۆی هەستی پێ نەکردبێت. لە نێو دنیای نووسینی کوردیدا بە سەدان کلاون شک دەبەین، بێ ئەوەی خۆیان هەستیان بە کلاونبوونی خۆیان کردبێت. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە بڕێک لەو کلاونانە، خۆیان پێ کەڵەنووسەرە! دەزانم بەم جۆرە قسانە (دوژمن) بۆ خۆم پەیدا دەکەم، بەڵام چی بکەم؟ ناتوانم (دۆست)ی هەموو کەس بم.

جیاوازیی نێوان مێشک و شتی دیکە ئەوەیە، شتی دیکە تا زۆر بە کاری بهێنێت، زووتر دەسوێت، وەلێ مێشک، تا زۆرتر بە کاری بهێنێت، درەنگتر دەسوێت. گەر خوازیاریت مێشکت بەردەوام چالاک بێت، پێویستە بەردەوام بیخەیە گەڕ و هەمیشە بە دوای زانیاریی نوێدا بگەڕێیت. ئەگەر نا، با تەمەنت لەژێر حەفتاشەوە بێت، هەر ئەگەری ئەوە هەیە خەڵەفابیت، خەڵەفابێت و هەستت پێ نەکردبێت، وەک چۆن ئەگەری



ئەوە هەیە کلاون بیت و هەستت پێ نەکردبێت.

(ڕەنگ)یش بەشی خۆی گرنگە، ئەگەر زیاد لە پێویست بایەخ بە ڕەنگێک بدەیت، لەوە باشترە، بایەخ بە هیچ ڕەنگێک نەدەیت. بێ ئەوەی تۆ باسی خۆت کردبێت، ڕەنگە ڕەنگی پۆشاکت، تۆمان پێ بناسێنێت. شین نیشانەی دڵنیایی، هێمنی، ئازادی و شتە بێ کۆتاییەکانە. سوور، ڕەمزی ئەوین و شۆڕشی هەژارانە. قاوەیی، ئاماژەیە بۆ نۆستالگیا. زەرد، فێڵ و ساختەمان وەبیر دێبنێتەوە. ڕەش، بە مانای خەم، قین و شەیدایی بۆ سێکس دێت. (ڕووناک)بیر حەزی لە ڕەنگی (تاریک)ە، تامەزرۆی ڕەنگی ڕەشە.

لە دەستووری عێراقدا لە لایەکەوە شەریعەت سەرچاوەی دەسەڵاتە و لە لایەکی دیکەوە، میللەت سەرچاوەیە! بەمەش دەستوور کۆتی شەریعەت دەکاتە گەردنی میللەت. دەستووری عێراق هاوزەمان لەگەڵ بنەڕەتە نەگۆڕەکانی ئیسلام و دیموکراتیدا تەبایە! وەک ئیسلام و دیموکراتی، دوو دیوی یەک قەوان بن، وەک دیموکراتی هەر درێژەپێدانی ئیسلام بێت! وەک دیموکراتی وەچەی شەرعیی شەریعەت بێت.

*

(کوردستان زۆر لەوە ترسناکترە کە بوێریت تێیدا بژیت، لەبەر ئەوە نا، پڕە لە کەسانی بەدکار، لە سۆنگەی ئەوەوە، تژییە لە خەڵکی بێباک.(*) گەورەترین دیاری پێشکەشی کەسێکی بکەین، ئەوەیە ڕاستگۆیانە بە تەنگییەوە بێین. دڵنیام لە جێیەک هیوا، ئەوین و دڵنیایی هەیە، بەڵام نازانم ئەو شوێنە کوێیە.)

2005. 08. 26

..............................

* گوتەیەکی دەستکاریکراوی ئەنشتاینە.

# گەشتنامە

١

ئەگەر تەمەنت لەسەروو پەنجا ساڵانەوەیە و بەیانییان کە لە خەو ڕا دەبیت، هیچ شوێنێکت ژان ناکات، ئەوە بەڵگەیەکی ڕەتنەکراوەیە، بۆ ئەوەی لەمێژە مردوویت، ئاخر ئەگەر زیندووبیت، لای کەم شوێنێکت دێشێت. من زۆر جێگەم ژانی دەکرد، وەڵێ هەر کە پێم، یان ڕاستتر دڵم لەسەر خاکی وەتەن دانا، هیچ ئازارێکم نەما. دەمێکە گەڕاومەتەوە بۆ سوێد و کەچی ئێستاش بەیانییان کە لە خەو ڕا دەبم، سەرەتا هەر پێم وایە، هێشتا لە کوردستانم.

دوازدە ساڵ بوو نیشتمانم تەنیا لە ڕێی سەتەلایت و ئینتەرنێتەوە دەبینی، کەچی هەر کە بە دیداری شاد بوومەوە، هێندە پێی ئاشنا بووم، هەر دەتگوت دوازدە سەعاتە لێی دابڕاوم. کە گەییشتمە ئەوبەری ڕووباری خابوور و ئاڵای کوردستانم بینی بەرانبەر ئاڵای تورکیا، بە بەرزییەوە دەشەکێتەوە، بەشێکی زۆر لە تەمی خەمی غەریبیم ڕەوییەوە.

چوار ڕۆژ بوو، گەییشتبوومەوە کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، گەورەیی نواند و سەردانی کردم. ئەوە یەکەمین جارم بوو ئەو هێژایە ببینم، ئەوم وەک کەسێکی کراوەی بێفیز هاتە بەر چاو. بەوپەڕی سادەیی و ڕاستگۆییەوە، پێی گوتم: (تۆ ئەگەر چی ڕەخنەی توند لە ئێمە دەگریت، بەڵام چونکە بە کوردییەکی هێندە جوان و بە شێوازێکی هێندە سەرنجڕاکێش بیروڕای خۆت دەردەبڕیت، هەر چی بنووسیت بەڕێزەوە دەیانخوێنمەوە و نەک هەر چێژیان لێ دەبینم، سوودیشیان لێ وەردەگرم.)



ئازا، کەسێکە خۆی وەک هەیە نیشان دەدات، ترسنۆک کەسێکە خۆی وا نیشان دەدات کە خەڵک پێیان خۆشە هەبێت. من چونکە دەوێرم خۆم وا نیشان بدەم کە هەم، بۆیە خۆم بە ترسنۆک نازانم. ئەو دەستەی نەتوانم بیبڕم، نە دەیگوشم، نە ماچی دەکەم. خۆم لە هیچ کام لەو شەڕانە لا نادەم کە پێویستە بیانکەم. نە پەراسووی کەس دەکەمە پەیژە و نە ڕێ دەدەم کەس بە پەراسوومدا، بگاتە بەرزایی. چونکە ڕاستی دەبێژم، پێویستم بەوە نییە بە دوای وشەدا بگەڕێم. سەدان کۆڵکەنووسەر پەلامارم بدەن، ناوی کەسیان ناکەوێتە ڕستەی منەوە. من چونکە بۆ خوێنەری خوێندەوار دەنووسم، وەڵامی نووسەری بێسەواد نادەمەوە.

بە هەموو ئەوانەی بەوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ‹ئاراس› خەڵاتی کردم، سەغڵەت بوون و گوتیان یان نووسیان، حەمەسەعید حەسەن، شیاوی خەڵاتکردن نییە، گەر چی ترسی ئەوەشم هەیە، ئاستی گوشاری خوێنیان بڵندتر ببێتەوە، دەڵێم:

(١) ئەوە بەرهەمی خامەی من بوو، دەزگای ‹ئاراس›ی هان دا، بیر لە خەڵاتکردنی نووسەران بکاتەوە.

(٢) وەک چۆن یەکەمین خەڵاتکراو من بووم، یەکەمین سیمیناری ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنەکەش، هەر بۆ باسێکی من تەرخان کرابوو.

(٣) لەسەر کتێبی ‹قوڵپی پێکەنین› کە 224 لاپەڕەیە، بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، باشترین کتێبی منە و دەزگای ئاراس چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، خەڵات کرام، نەک لەسەر ‹جەلالینامە› وەک مایەپووچان بانگەشەی بۆ دەکەن. جەلالینامە، کتێبێک نییە تازەکی نووسیبێتم، کۆمەڵەباسێکە، لە ماوەی چواردە ساڵدا نووسراوە.

ئەگەر پێت وایە لە هەموو شتێک دەزانییت، ئەوە لە باشترین بارودۆخیدا زادەی بەدحاڵیبوونتە. ژیان، ئەو ڕۆژانە نییە کە بەسەر چوون،

ئەو ڕۆژانەیە کە دەرسێکیان لێوە فێر بووین، کە چێژێکمان لێ بینیون، کە کارێکی چاکمان تێیاندا ئەنجام داوە و کە لە یادەوەریماندا دەژین. ‹تافی لاویەتییەکی خۆش، هەبوونی نییە، ئەو دەربڕینە زادەی خەیاڵی ناساغی پیرانە.› هەموو ئەو نووسەر و کۆلکەنووسەرانەی خەڵاتکردنی من نیگەرانی کردن، ئەوانە بوون کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، پشکۆی ڕەخنەمیان پێدا چزابوو، ئەگەر نا زۆربەی خوێنەران و نووسەران، خەڵاتکردنی منیان بە ڕێزلێنان لە وشەی جوان و بوێر لێک دایەوە.

ئەو ماوەیەی لە هەولێر بووم، ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دیمانەیان لەگەڵدا ساز کردم و هەر چیم گوت وەک خۆی بڵاویان کردەوە. هەر ئەو بەیانییەی خەڵات کرام، ‹سمکۆ ئەحمەد›ی پەیامنێری ‹هاووڵاتی› بە گیری هێنام، چەند پرسیارێکی لێ کردم و پێی گوتم، دڵنیا بە، وەڵامەکانت وەک خۆیان بڵاو دەکەینەوە، وەلێ چونکە تاڵە تیشکێکم خستبووە سەر نهێنییەکانی هاووڵاتی، وتووێژەکە بڵاو نەکرایەوە. ئەوە یەکەمین جارمە، پرسیارم لێ بکرێت و وەڵامەکانم بڵاو نەکرێنەوە. ستافی هاووڵاتی بە مافی ڕەوای خۆیانی دەزانن، ڕەخنە لە هەموو کەس، دیاردە و لایەنێک بگرن، وەلێ چونکە متمانەیان بە خۆیان لاوازە، بەرگەی دێڕێک ڕەخنەی دروست کە ئاڕاستەی خۆیان بکرێت، ناگرن.

2005. 03. 25



## ٢

کە بۆ ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنەکەی دەزگای ئاراس، بانگهێشت کرام، پێشیان گوتم، پێش ئەوەی بەرەو کوردستان بەڕێ بکەویت، پێویستە پێمان بڵێیت، کەی دەگەیتە دیاربەکر، تا لەوێ چاوەڕێت بکەین. من وام نەکرد، ڕێی کوردستانم گرتە بەر و لە هەولێر لە هۆتێلی چوارچرا دابەزیم. بەرپرسی دەزگای ئاراس پێی وابوو، من چونکە دادگای هەولێر بە دوومدا دەگەڕێت و ناوم وەک تۆمەتبارێکی لە دەست داد و یاسا هەڵاتوو لە بازگەکان هەیە، چونکە ڕەخنەی توندوتیژم لە پدک، ئیسلامی سیاسی و ینک گرتووە، مەترسی ئەوە هەیە بگیرێم، یان گوێی شەیتان کەڕ بێت، تەنانەت بشکوژرێم، بۆیە وا باشترە بە ئۆتۆمۆبیلی ئەنجوومەنی وەزیران کە هیچ بازگەیەک دەست ناهێنێتە ڕێی، تا دەزگای ئاراس بێم و دواتر بچمە ئەو شوێنە تایبەتییەی بۆم تەرخان کراوە.

٢٠٠٤/١٢/٢٠ گەییشتمە ئیبراهیم خەلیل، پێم خۆش بوو کەسی ناسیاو نەبینم، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت تا نەگەمە هەولێر، هەواڵی گەڕانەوەم بڵاو نەبێتەوە، وەلێ هێندەی نەبرد، دۆستی دێرینم، ڕێزدار ‹حاجی مەمۆ›م، کە تازەکی پێوەندیی بە ‹ینک›ەوە نوێ کردووەتەوە، بینی و پێی گوتم: فەرموو بەم ماشێنەی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئیدارەی ئەودیوی دێگەڵە، تا سلێمانیت ببەم. بەرپرسی دەزگای ئاراس بە هیوابوو، تا ٢٠٠٤/١٢/٢٦ (ڕۆژی ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنەکە،) چونکە مەترسی لەسەر ژیانم هەیە، بە نیمچە خۆوەشێری لە کوردستان بم، کەچی هەر لە سەعاتی یەکەمەوە، هەواڵی گەڕانەوەم (ئاگرئاسا لە پووشی کوردستان بەربوو!) ئاخر هەر لە ئیبراهیم خەلیل، وێڕای حاجی مەمۆ، تووشی چەندان کەسی دیکە کە دەیانناسیم و سەر بە ‹ینک›یش بوون، هاتم.

دوو سەعاتێک دەبوو لە هۆتێل بووم، لە دەرگەیان دا و گوتیان: بۆ تۆ

قەدەغەیە لە هۆتێل بیت، فەرموو با بچین بۆ دەزگای ئاراس. من دەمویست ئازاد بم و هێژا ‹بەدران ئەحمەد حەبیب›ی بەرپرسی دەزگای ‹ئاراس›یش دەیگوت، پاراستنی ژیانی تۆ، لە ئەستۆی منە و دەبێت پاسەوانت لەگەڵدا بێت و لەو جێگە تایبەتییەش بیت کە بۆت دەستنیشان کراوە. هێندەی نەبرد خۆم لە سەری بلند،(*) لە میوانخانەیەکی سەر بە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیراندا بینییەوە کە هۆتێلی پێنج ئەستێرە لە چاویدا وێرانەیە.

2005. 03. 28

---

(*) سەری رەش.

## ۳

۲۰۰۵/۵ یەکیەتیی نووسەرانی کوردی لقی هەولێر، لە هۆڵی میدیا کۆڕێکیان بۆ ساز کردم، تێیدا باسی ئەزموونی نووسینی خۆمم کرد و هەندێک هۆنراوەشم خوێندەوە، لە کۆتایی کۆڕەکەدا پەیمان عەبدوڵلا، نامەیەک، چەپکێک گوڵ و ئالایەکی کوردستانی پێشکەش کردم. نامەکەی لەم چەند وشەیە پێک هاتبوو: (لە ئالای کوردستان بەنرخترم شک نەبرد، بیکەم بە مەدالیای سەرفرازیی بۆت. تەنیا تۆی بە پەیڤە جوانەکانت خێزانی شەهید، ئەنفالکراو، بێسەروشوێن و منداڵە بێنازەکانی کوردستان بەسەر دەکەیەوە و بە ئێش و ئازارەکانمان ئاشنایت.)

کە ساتیر دەنووسم، ئیدی بە شیعر بێت یان بە پەخشان، بەوپەڕی هۆشیارییەوە هانا بۆ ‹گرتن›ی هەستیارترین ‹دەمار›ی(۳) رەخنەلێگیراو دەبەم، بە زەبری چەند وشەیەک وای دەوروژێنم، هەر کە هاتە پەیڤین، هەموان پێی بزانن، هاوسەنگیی تێک چووە. لە هەمان کۆڕدا، توێژەرەوەی هێژا حەکیمی مەلا سالح گوتی: (من بە ساتیرەشیعری



حەمەسەعید حەسەن زۆر سەرسامم، شیعری داشۆرین دوای دەورانی شێخ رەزا خەریک بوو دەمرد، ئەو بە شێوازێکی جوان و نوێ، زیندووی کردەوە.)

ناڵە عەبدولرەحمان کە دوو بەرنامەی ‹دیوان›ی تەلەڤیزیۆنی سەتەلایتی کوردستانی بۆ شیعری من تەرخان کرد، لە رادیۆی ‹هەرێم›یشەوە دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز کردم، کە لە ئێزگەی رادیۆی هەرێم ئافرەتێکی پێ ناساندم، گوتی: ئەمە هەواری خوشکمە، من تەنیا پێت سەرسامم و هیچی تر، بەڵام ئەم، هێندە پێت سەرسامە، عاشقت بووە. خوشکە هەوار عەبدولرەحمانی رێزدار لەو ریپۆرتاژەدا کە سەبارەت بە کۆڕەکەم، لە کوردستان تیڤییەوە پێشکەشی کرد، گوتی: (وەرن با لە قەڵەمە سەرکێشەکەی ئەم نووسەرەوە، فێری بوێریی ببین.)

شاعیر و رۆژنامەنووس ئیسماعیل بەرزنجی، لە رادیۆی دەنگی کوردستانەوە دەیدواندم، زۆر نووسەر و خوێنەری رێزدار، زەنگیان لێ دا و بەرهەمی منیان بەرز نرخاند، پرۆفیسۆر شوکریە رەسووڵ گوتی: (حەمەسەعید حەسەن بە کوردییەکی هێندە باڵا دەنووسێت، هەر نووسینێکی تازەی بخوێنمەوە، دوو سێ وشەی تازەی وای تێدایە، کە ناچار دەبم بۆ زانینی واتاکانیان سەیری فەرهەنگ بکەم. ئەم نووسەرە کە بەردەوام خەریکی شەرەنووسینە، هێشتا لە هیچ شەرێکیدا نەیدۆڕاندووە.) نهێنییەک هەیە، پێم خۆشە ئاشکرای بکەم، لە هیچ کام لەو شەرەنووسینانەدا من دەستپێشخەر نەبووم، دەشێت لە سۆنگەی ئەوەوە کە ناحەزانم بە نهێنی لە پشتەوە پەلاماریان داوم و منیش بە ئاشکرا بەرەو روویان بوومەتەوە، خوێنەر، من بە دەستپێشخەر بزانێت.

کاک شوان مامە لە ‹بیرمینگەهام›ەوە، بۆم دەنووسێت: (تەنیا لەبەر نووسینی تۆ، سەردانی پێگە کوردییەکان دەکەم، تیرۆریست نیم، وەلێ ئامادەم لەسەر تۆ خۆم بتەقێنمەوە.) کانی دلاوەر لە ‹لەندەن›ەوە زەنگم بۆ

لێ دەدات و دەڵێت: (لەمێژە تووشی شێرپەنجەی جگەر بووم، ئەوە بە زەبری نووسینی تۆیە، هێشتا زیندووم.)

ژنێک لەو کۆڕەدا کە لە ستۆکهۆڵم بۆ یادکردنەوەی مەرگی‹فادیمە شاهیندالْ› ساز کرابوو، باوەشێک گوڵی پێشکەش کردم و پێی گوتم: هەندێک کەس تەنیا بە نووسینی شیعرێکی جوان، دەبن بە شاعیر، وەک عەلی عارف ئاغا و میرزا مارف، کە ئەمیان بە (نەمام و عەرعەری ساواش لە تۆ خنجیلەتر نابێ) و ئەویان بە (دڵم هەر ئەو دڵەی جارانە ئێستاکەش ئەناڵێنێ،) بوون بە شاعیر. تۆش کورتەشیعری (بەعسی)ت بەسە، بتکات بە شاعیر.

شانازی بە خەڵاتی دەزگای ‹ئاراس›ەوە، کە چالاکترین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیە، کورد بە خۆیەوە بینیبێت، دەکەم، وەلێ هێژاترین خەڵات لە کن من، ڕستەیەکی جوانە، کە لە خوێنەرێکی ڕاستگۆی دەبیستم، خوێنەرێک کە هەر لە یەکەمین گفتوگۆوە، وا دەپەیڤێت وەک لەمێژ بێت، لە نزیکەوە بمناسێت. نایشارمەوە گەلێک جار بە زەبری قسەی ئەو خوێنەرانەم، چاوم فرمێسکی تێ دەزێت. کە دەست بە نووسین دەکەم، دڵم لای قسەی ئەو خوێنەرانەمە، بۆیە هێندە بە دوودڵی و ترس و لەرزەوە دەنووسم. بۆیە سەروەختی نووسین، خۆم بە پێشمەرگەیەکی ئابڵووقەدراو دەزانم و هەوڵ دەدەم گوللەی هیچ وشەیەکم بە خەسار نەچێت، ئاخر ناخوازم هیچ کام لە شەیدایانی وشەکانم، نائومێد بکەم.

هاوڕێ عەزیز محەممەد کە دلۆڤانی دەنوێنێت و ناو بە ناو زەنگم بۆ لێ دەدات، دوو هەفتەیەک پێش گەشتەکەم، پێی گوتم: (حەز دەکەم سەرێک لە وڵات بدەیەوە، ئاخر ناکرێت بۆ نووسین دەربارەی کوردستان، هەر پشت بە یادەوەرییەکانت ببەستیت.) کەچی کە کاک نێچیرڤان بارزانیم بینی، گوتی: (ئەوە ئەو هەموو زانیارییە دەربارەی کوردستان لە کوێوە دەهێنێت.!) ئەوە چونکە هەر بە جەستە لە تاراوگەم، بە ڕۆح لە



کوردستانم، ئەوە چونکە کەسانێکی زۆر متمانەم پێ دەکەن و زانیاریم بۆ دەنێرن.

لەو فێستیڤاڵەدا کە لە دوا هەفتەی ساڵی ڕابردوودا، لە هەولێر، بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەندی نەمر کاویس ئاغا بەڕێوە چوو، حەوت کەس خەڵات کران، شانازیی بەخشینی خەڵات بە پێنجیان، کە یەکێکیان هێژا ناز عەبدوڵڵا بوو، بەر من کەوت، کە خەڵاتەکەم دایە دەستی، گوتی: (ئەوەم بە لاوە گرنگ نییە، خەڵات کراوم، ئەوە مایەی شانازیمە، تۆ خەڵاتەکەم پێشکەش دەکەیت.) هەر لەو فێستیڤاڵەدا ئافرەتێک خۆی پێ ناساندم، کە ڕۆژی دواتر بینیمەوە و لێم پرسی: بۆچی هێشتا شووت نەکردووە، گوتی: هێشتا وەڵامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارەم، کە سەدان جار لێم کراوە، بە کەس، تەنانەت بە دایکیشم، نەگوتووە، بەڵام بە تۆی دەڵێم: (هاوینی ١٩٨٣ بەعسییەکان دڵخوازەکەمیان شوێنبزر کرد، لەو کاتەوە تا مانگێکیش دوای ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٣ هەر بە هیوای هاتنەوەی بووم!)

2005 . 03. 31

.................................................

(١) دۆڵی مەرگ: وادي الموت. لە ٩ی حوزیرەانی ١٩٦٣دا، بەعس لە سلێمانی، لەو دۆڵەدا، ٨٦ کوردی زیندە بە چاڵ کرد.

(٢) بای مەرگ: کیمیاباران.

(٣) دەمارگرتن: provocation: ئیستیفزاز.

# ٤

منیش بۆ ئەو ئاهەنگەی کە بۆ پێشوازیکردن لە ساڵی 2005 لە هەولێر ساز کرا، بانگهێشت کرابووم. هونەرمەندان: چۆپی، قادر ئەسعەد و بەنگین، گۆرانییان دەچڕی. بە ئاگاداری چۆپی کە ئەستێرەگەشەی شەوەکە بوو، گوتمە (ناز عەبدوڵڵا) کە ئاهەنگەکەی بەڕێوە دەبرد: (قادر ئەسعەد کە گۆرانی دەبێژێت، دەڵێی نیازی هەیە بفڕێت، ئەوە بۆچی کەسێک پێی ناڵێت، واز لە باڵەفڕێ بهێنێت؟) گوتی: (مەگەر خۆت بوێریت ئەوەی پێ بڵێیت.) (شیرینێ لەیلانێ)ی مامۆستا تاهیر تۆفیق کە دوو جار بۆ تیڤی تۆمار کراوە، لە یەکێکیاندا، هێندە دەستی دەبات و دێنێت، بینەر ترسی ئەوەی هەیە باسکی لە شانی بترازێت، لەوی دیکەیاندا، هەر دوو دەستی لە پشتییەوە وا توند گرێ داوە، دەڵێی تیرۆریستە و دەست مارینز کەوتووە. ترۆتسکی دەڵێت: (یان هەموو شتێک، یان هیچ.) پێ دەچێت کورد، نە بڕوای بە چاری مامناوەندی هەبێت و نە لە هیچ بوارێکدا میانڕۆ بێت، ئەوە نییە سترانبێژمان هەیە، بە چوارمەشقییەوە بەستە دەچڕێت و هەمانە بە دەم فڕینەوە، مەقام دەڵێت؟

کوردیش قەلە،
ئەگەر نا چۆن فلانە کەس
دوای ئەو هەموو
ناپاکی و نسکۆ و فەشەلە،
هێشتا هەر پێشەوای گەلە!

کەناڵی سەتەلایتی کوردستان ئاهەنگەکەی ڕاستەخۆ پەخش دەکرد و داواش لە من کرا، هۆنراوەیەک بخوێنمەوە. من شیعرێکی ڕۆمانتیکم دەخوێندەوە و هەندێک لە ئامادەبووان، داوای ساتیرەشیعری (کوردیش



قەلە)یان دەکرد، لە کۆڕەکەی نووسەرانی هەولێریشدا، بەرەو ڕووی هەمان داواکاری بوومەوە. با شەیدایانی ئەو ساتیرەشیعرە، دڵیان لێم نەڕەنجێت، ئەوە بۆیە داخوازییەکەیانم جێبەجێ نەکرد، چونکە من لە سەری بڵندەوە، شیعر بە قەڵاچوالانەوە نانێم.

ساڵی 1987 دوای نزیکبوونەوەی ینک لە ئێران، لە ئۆردووگای زێوە، ساتیرەشیعری ‹ئاشتبوونەوەی گشتی›م نووسی، دوای ڕاپەڕین بە هۆی نووسینێکی ‹ئاسۆ›ی شاعیرەوە، زانیم ئەو ساتیرە لە هەفتەنامەی ‹ئاسۆ›دا، بڵاو بووەتەوە. تا ئەم دواییەش نەمدەزانی، ئەو شیعرە کە من لە کوردستانی بن دەستی ئێراندا نووسیومە، چۆن گەییشتووەتە بەغدای بن دەستی بەعس؟

ئیبراهیمی کاکەحەمەی دێلیژەیی کە لەمێژە لە سوێد دەژی و دژایەتیکردنی بەعسی کردووە بە پیشە و پیاوانی سەددام برایەکیان لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتووە، ماڵی ئاوەدان بێت، شەوێک زەنگی لێ دا و گوتی: (ئەوە من بووم، ئەو شیعرەی تۆم لە ‹قوبرس›ەوە، بۆ حەمەساڵح عەبدولکەریم بەرزنجی، کە لە ‹هاوکاری و ئاسۆ›دا دەینووسی، هەنارد، دەشێت لە ڕێی ویوەوە، دەست هەفتەنامەی ‹ئاسۆ› کەوتبێت.) من گەر چی گەلێک جار بە توندی ڕەخنەم لە دەسەڵاتی کوردی گرتووە، وەلێ فاشیستترین دەسەڵاتی کوردیم، لە دیموکراتترین دەسەڵاتی داگیرکەر پێ باشترە. بۆیە ئەوە لە من ناوەشێتەوە، لە سەنگەری بەعسەوە، تەقە لە لایەنێکی کوردی بکەم.

ناپاکی پەڵەیەک نییە بە پۆشاکەوە، تا بە ‹تاید›ی ئەمنستییەک شوێنەواری نەمێنێت، مۆرێکە بە نێوچاوانەوە، سڕینەوەی لە توانای هیچ دەسەڵاتدارێک و هیچ لایەنێکی فەرمانڕەوادا نییە. دەزانم سەرانی کوردی باشوور، ئەنفالچییان و فایلڕەشانیان عەفوو کردووە، وەلێ نە من، نە

کەسوکاری قوربانییان، نە گەلی کورد و نە مێژوو، لە هیچ کام لەو ناپاک و خوێنرێژانە، خۆش نەبووین و نابین.

ئێمە خۆمان بەخت ئەکەین

ڕێ بۆ کەریم تەخت ئەکەین. وەک ئێمە شۆڤڵ بین! عەبدولکەریم قاسم، زوو زوو، دەیفەرموو، (ئەوی چوو، چوو.)(*) سەرانی کوردیش لە شەیدایانی هەمان تاکتیکن، ئەوە نییە قەت شەن، لە کای کۆن نادەن!

2005. 04. 03

(*) عفا الله عما سلف.

## ٥

به میعراجی سلووکی سالیکاندا، تا نەچی ڕۆژێ
لەناو جەهلی مورەککەبدا، دەمێنی هەر وەکوو ماوی
(نالی)

نازانم ئێوە شێخ حسێن دەناسن، یان نا؟ ئەوی لە سۆڤییەت پەیینی خوێندووە، پەیینی ئاسایی نا، هی کیمیکاڵ. پەیینی کیمیکاڵ چونکە ژینگە پیس دەکات، بۆیە لە ئەورووپا، لەمێژە بەکارهێنانی قەدەغە کراوە و هەر کەسێک لەو بوارەدا بڕوانامەی هەبێت، نەک هەر کاری ‹دەستگیر› نابێت، بەڵکو هیچ دوور نییە بە تۆمەتی ئەوەی نیازی پۆخڵکردنی ژینگەی هەیە، ‹دەستگیر›یش بکرێت. یەکەم جار ئەز ئەو شێخ حسێنەم لە مەد تیڤی بینی، هەر چییەکی گوتبا، قادر ئەلیاسی پێی دەگوت: (لەگەڵ ڕێزم بۆ تێزەکەت، بە هەڵەدا چوویت!) نامیلکەیەکی هەیە، بە سەقەتترین کوردی، دەربارەی مێژوو نووسیوبەتی، بیخوێنیتەوە، هیچ لە بارەی دیرۆکەوە فێر نابیت، وەلێ هێندە باسی (گێڕ، کلاج،



برێک، دای بە ‹بەگ!› دای بە گێڕی قورس، دای بە گێڕی سووک و پێی لە بەنزین گیر کرد)ی، تێدایە، فێری شوفێری دەبیت!

کە بەرەو کوردستان گەڕامەوە، خاتوونی هێژا دۆکتۆر گەلاوێژ حەوێزی کە لە بواری (شێخحسێنۆلۆژیا)دا، شارەزاییەکی باشی هەیە، بە ڕێکەوت هاوسەفەرم بوو، کە دووریی ڕێ بێزاری دەکردین، بەسەرکردنەوەی دۆکتۆری بڕوانامە ئێکسپایەربوو، بە هانامانەوە دەهات. ئەوەش بۆ خۆی پارادۆکسێکی دیکەیە، کەسێک بڕوانامەکەی بەشێک بێت لە (ڕابردوو،) کەچی خۆی بە شیاوی ئەوە بزانێت، ببێتە مامۆستای زانکۆی (ئایندە!)

من بە هیچی (کامیل) سەرسام نیم، بەوەی نەبێت، پاشناوی (ژیر)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە! کامیل ئەگەر نازناوەکەی پێ حەڵاڵ بووایە، داوای لەسەر شێخ حسێنێک تۆمار نەدەکرد، کە ئەگەر دەست خەڵکی قەدرزان بکەوێت، هەر جنێوێکی بە لیرەیەک لێ دەکڕن. ئەگەر دۆکتۆر فەرهاد پیربالێ کە پێی وایە، (ئەوی هۆگری بەرهەمی وی نەبێت، گێلە!) ڕێم بدات، دەڵێم: ئەوی بە قسەی شێخ حسێن سەغڵەت ببێت، هەق نییە خۆی پێ ژیر بێت.

لە هۆڵی میدیا، بە کاک فەخرەدین تاهیرم، کە نێوانی لەگەڵ دۆکتۆر فەرهاد پیربالێ و کاک کاروان عەبدوڵلاشدا ساز نییە، گوت: وەرە لەگەڵ کاک کاروان ئاشت ببەوە و توانای خۆت بۆ شەڕی د. فەرهاد تەرخان بکە! چونکە ئەوی بە دوای دوو کەروێشکدا ڕا بکات، هیچیانی پێ ناگیرێت. گوتی: نا، شەڕی هەردووکیان دەکەم، ئەوە نییە تۆش هاوزەمان لە چەندان قۆڵەوە دەجەنگیت؟ (فەرهاد هاوارە)یەکم نووسیبوو، تێیدا هانام بۆ د. پیربالێ بردبوو، تا هەمدیس بە سینگی ڕووتەوە، بێ ئەوەی گوێ بە سەرما بدات، بەر لە تانکی لەشکری تورکیا بگرێت. کە لە ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنەکەدا بینیم، پێی گوتم: (زۆر سوپاست دەکەم، کە لەو دوورەوە هانات بۆ من هێنا.) د. فەرهادیش سەیرە، لە پێناوی ئێمەدا، گا خەریکە

ئاگر لە خۆی بەر بدات و گا خەریکە لە سەرمان ڕەق هەڵێ![1]. تا بۆ کوردستان نەگەڕابوومەوە، پێم وابوو (جەلالینامە) هەر کتێبێکە و هیچی تر، کەچی بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوت، هەر کتێب نییە، ناسنامەیەکی باوەڕپێکراویشە. لەو ڕێگەوبانەی دەوروبەری هەولێر و هەورازتریش، ڕووم لە هەر کوێ کردبا، کە دەگەییشتمە هەر بازگەیەک و لەبری ناسنامە، جەلالینامەیەکم دەردەهێنا، بەو پەڕی ڕێزەوە بەڕێیان دەکردم و لەگەڕانەوەشدا دەمدیت سەریان بەسەر کتێبەکەدا، شۆڕ کردووەتەوە و کە دەیانناسیمەوە، پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکردم.

بۆ خەڵکی هەولێر تەنیا فولکەیەکی ترسناک هەیە کە (بە تەمای خودای) خۆیانی لێ دەدەن، من بە تەمای خودای سەرم لە کوردستان دایەوە، ئاخر هیچ دوور نەبوو، بەر زەبری تۆڵەی بەسەبر بکەوم،[2] یان بە فەرمانی دادگای هەولێر لە زیندانی محەحەتە توند بکرێم. ٢٠٠٥/١/٤ بە کاک بەدران ئەحمەد حەبیبم گوت، پێم خۆشە سەرێک لە زیندانییەکانی بەندیخانەی محەحەتە بدەم. زەنگی بۆ بەڕێوەبەری زیندان لێدا و داخوازییەکەمی پێ ڕاگەیاند، بەڕێوەبەری زیندان گوتی: پێویستی بە مۆڵەتی بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتییە، زەنگی بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی لێدا، بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی گوتی: پێویستە وەزیری ناوخۆ داخوازییەکەی پەسەند بکات، زەنگی بۆ وەزیری ناوخۆ لێ دا، وەزیری ناوخۆ گوتی: بە دەست سەرۆکی وەزیرانە، زەنگی بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران لێدا، دەرەنگانێ ڕێزدار سەرباز هەورامی بە ناوی سەرۆکایەتیی وەزیرانەوە، گوتی: خۆ حەمەسەعید حەسەن، نوێنەری ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشیۆناڵ نییە، چی داوە لە زیندانییان! ئەوە بە ڕاست (شیردا بۆ داپیردا)تان بیر ناکەوێتەوە؟

2005. 04. 06

..............................................

(١) لە سەرمان ڕەق هەڵێ، دوو مانای هەیە:



(*) لەسەر ئێمە، واتا لە پێناوی ئێمەدا ڕەق ببێتەوە.

(**) لە تاو سەرما و سۆڵە ڕەق هەڵێ. هەژار دەفەرموێت:

شەوە ئەستێرە بە زریوەن لە سەرمان*
لە مانگی ڕووت هەناسەم بۆتە خەرمان**
تکەی ئاونگی کولمت تەڕ دەکا لێو
گەزۆ باری لە گەرمان و لە شەرمان.

* زریوە: تروکە، تروسکە، جریوە. واتا ئەستێرەکان لە تاو سەرما، کزکۆڵەیان کردووە و کز کز دەسووتێن، یان دەلەرزن.

** خەرمان: خەرمانە.

(٢) سەروەختی شەڕە ناوخۆییەکان، زوو زوو ئێزگەی ینک، ئەو (قسە نەستەقە!)ی دەگوتەوە.

## ٦

ئەگەر بە گەوجت بزانن، دەشێت شەوێک تەنەکەیەکت بدەنە دەست و پێت بڵێن، تۆ بچۆ لەو سەرەوە، بە بەرد لەم تەنەکەیە بدە و ئێمەش لەم خوارەوە، ژیشکەکان کۆ دەکەینەوە. کەسێک لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤دا، پێوەندیی بە ڕادیۆی شۆڕشەوە دەکات و دەخوازێت لە ئێزگە کارێکی بدەنێ. کۆنە(زەبت)ێکی هەرزانبەها و دوو سێ (نەوار)ی خاڵیی دەدەنە دەست و پێی دەڵێن: تۆ بچۆ هاوولاتییان بدوێنە، ئێمەش لە ڕادیۆوە بۆت بڵاو دەکەینەوە. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٥دا شۆڕش تووشی نسکۆ دێت و دەقیقەیەک لە هیچ کام لەو هەڤپەیڤینانەی، (ڕۆژنامەنووس!)ی بۆ ڕاوەژیشک نێردراو سازی کردبوون، بڵاو ناکرێتەوە. ئەو سەروەختەی لە هەولێر بووم، ئەو قارەمانی ڕاوەژیشکە، (ئەدەب)ێکی بڵاو دەکردەوە، شانی نەدەگەییشتە داوێنی (ئەدەب)ی سەر دیواری ئەدەبخانەی مزگەوت و خوێنەری تووشی هێڵنجدان دەکرد. ئەوە دەقی ئەدەبییە کە کارێک دەکات، ڕۆحمان بەرەو بەرزایی هەڵبکشێت، دەقی وەها تەنیا ئەوانە

دەتوانن بینووسن، کە خاوەنی زەوقێکی ناسک، خەیاڵێکی باڵا و عەقڵێکی بەرین بن.

لەگەڵ هاورێی هێژام (پشکۆ نەجمەدین)دا هەر لە ستۆکهۆڵمەوە تا هەولێر هاوسەفەر بووین، وەلێ ئەوە سنووری دەستکردی خۆمان بوو، بواری نەدام بەرەو شاری سلێمانیش کە بە خۆشترین شاری دنیای دەزانم، هاوسەفەری بم. ئەگەر بەردەوامبوونی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکادا گونجابا، نە شای ئێران لە جەزائیر دەستی دەخستە نێو دەستی سەددام حسێنەوە، نە ئەستێرەی بە زەبری ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار کوژاوەی تاڵەبانی، دەکەوتەوە درەوشانەوە و نە منیش بەبێ دیداری ڕوخساری شاری سلێمانی، بۆ تاراوگە دەگەڕامەوە.

ئەوی سڵ لە گوتنی ڕاستی نەکاتەوە، پێویستە باجەکەشی هەر چییەک بێت، بیدات، ئیزۆپ چونکە هەقبێژ بوو، یۆنانییەکان لە چیاوە هەڵیاندێرا. چونکە ڕاستی دەبێژم، بۆم نەلوا سەردانی زێدی خۆم بکەم، ئەگەر باجی گوتنی ڕاستی زۆر دژوارتریش بێت، تا دەستم قەڵەم بگرێت، لەسەر گوتنی ڕاستی مکوڕ دەبم، یان هیچ نەبێت، نە قەڵەمەکەم شەرمەزار و نە خوێنەرانیشم نائومێد دەکەم، کە نەمتوانی ڕاستی بنووسم و بڵێم، قەڵەمەکەم دادەنێم و کڕ دەبم. دەزانم ڕاستی شتێکی ڕێژەییە، دەزانم ئەوی پێی وابێت، هەمیشە لەسەر هەقە، ئەگەر ساختەچی نەبێت، ساویلکەیە، دەزانم نێچە گوتەنی، تەنانەت هەر وشەیەک بگریت، دەشێت حوکمدانێکی پێشوەخت بێت، وەلێ گرنگ ئەوەیە، هەرگیز فێڵم لە ویژدان و لە هەستی خۆم نەکردووە.

2005. 05. 04



## دۆی دادە ڕوونە

من پێم وایە بە چاوپۆشین لە چۆنیەتی بیروڕای هەر ڕەخنەگرێک سەبارەت بە هەر بەرهەمێک، تەنیا خوێندنەوەی بەرهەمەکە و پاشان هەڵسەنگاندنیشی، ڕێز دانانە بۆ بەرهەمەکە و ماندووبوونی نووسەرەکەیشی. گەورەترین سووکایەتی بە بەرهەمێک بکرێت، ئەوەیە کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە.

ماوەیەک لەمەو بەر سروە نوری عەزیز ‹ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە و گەڵاڕێزان›ی بۆ ناردم، منیش چونکە وا ڕاهاتووم بەو پەڕی ڕێزەوە سەرنجی بەرهەمی قەڵەمی ژن بدەم، بۆیە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن، ئەو دوو کتێبە و بەرهەمەکانی دیکەیم خوێندەوە و ئەم نووسینە لە دایک بوو، کە تێیدا هەوڵم داوە تێبینییەکانم وا ڕێک بخەم، بەراوردکردنیان لەگەڵ نووسینەکانی نووسەردا، بۆ ئەوی مەبەستی بێت، کارێکی ئاسان بێت.

### * شێر و مشکە بچکۆلەکە ١٩٨٧

شەش چیرۆکی فۆلکلورییە، سروە ئامادەی کردوون و کۆی کردوونەوە، خالید ستار نیگاری بۆ کێشاون. سروە ئەگەرچی نووسیویەتی: هەندێک لەم چیرۆکانە لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام تەنیا سەرچاوەی یەکێکیانی دەستنیشان کردووە، بۆیە خوێنەر نازانێت ئەوانی دیکەی چۆن ئامادە کردووە؟ نووسەرەکانیان کێن و لە کوێی کۆ کردوونەوە. ئەم کتێبە کە شەست و چوار لاپەڕەیە، تەنیا شەش حەوت دێڕی بەرهەمی

کۆششی سروەیە، لەو شەش حەوت دێڕەشدا، شەش حەوت هەڵەی کردووە. دوو جار وشەی ‹کوردییە›ی نووسیوە، بەڵام بە دوو ڕێنووسی جیاواز و هەر دوو جارەکەش بە هەڵە. ‹کوردییە›ی جاری یەکەم بەم جۆرە نووسیوە: کوردی یە، جاری دووەمیش: کوردیە. بێ گومان نووسەر پێویستە بە درێژایی کتێبەکەی هەمان ڕێنووس ڕەچاو بکات، کەچی ئەم لەو شەش حەوت دێڕەدا ئەوەی بۆ جێبەجێ نەکراوە.

ئەگەر بکەر کۆ بوو، دەبێ فرمانیش کۆ بێت. کەچی ئەم لەو شەش حەوت دێڕەدا، لەم بوارەدا بە هەڵەدا چووە. نووسیویەتی: ‹منیش تەنها کۆمکردوونەتەوە و لەم بەرگەدا ئامادەم کردووە.› دەبوو ‹ئامادەم کردوون›ی نووسیبا. یان دەنووسێت: منداڵانی خۆشەویست ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی لەبەر دەستتایە. کە دەبوو بنووسێت: لەبەر دەستتاندایە، چونکە منداڵان ‹کۆ›یە.

لە ڕستەی کوردیدا فرمان دەکەوێتە کۆتاییەوە. کەچی نووسیویەتی: ‹هەندێک لەم چیرۆکانە لە گۆڤارە کوردیەکانی کوردستانی عێراق دا بڵاوکراونەتەوە لە ژێر ناونیشانی چیرۆکی فۆلکلۆریدا. ل٥›

دەبوو بنووسێت: لەژێر ناونیشانی چیرۆکی فۆلکلۆریدا بڵاو کراونەتەوە.

دەبوو وەک چۆن ‹دا›ی بە فۆلکلۆرەوە نووساندووە، بە ‹عێراق›یشیەوە بنووسێنێت. بەڵام ئەگەر ‹دا› فرمان بوو، وەک: ئازاد لە دەرگای دا. ئەوا بە جیا دەنووسرێت.

نووسیویەتی: ‹کۆمکردوونەتەوە و ئامادەم کردووە.›

ئایا دەتوانێت پێمان بڵێت: بۆچی ‹کۆمکردوونەتەوە›ی پێکەوە لکاندووە و ‹ئامادەم کردووە›ی لێک جودا کردووەتەوە؟

لە نووسینی ناونیشانەکانیشدا کەوتووەتە هەڵەوە، ئاخر کۆمەڵەچیرۆک، مریشکەسوورە و پشیلەزەردە، پێکەوە دەنووسرێن، کەچی هەرسێکیانی



دوو لەت کردووە. ‹لەژێر،› تاقە وشەیەکە، دوو لەت ناکرێت وەک ئەو کردوویەتی، بەڵکە پێکەوە دەنووسرێت. خاڵبەندیشی ڕەچاو نەکردووە، ئەگەر نا لە دوای ‹عێراقدا›وە، وێرگولێکی دادەنا.

سروە نووسیویەتی: ‹پێش کەش بێت بە منداڵانی چەوساوەی کوردستان.›

دەبوو بنووسێت: بە منداڵانی چەوساوەی کوردستان پێشکەش بێت. پێشکەش بێت، فرمانە، دەبێت بکەوێتە دواوە. پێشکەش پێکەوە دەنووسرێ، کەچی ئەو لە ناو قەددا دوو لەتی کردووە. لە نووسینی وشەی ‹نییە›شدا، بە هەڵەدا چووە، ئاخر نییە، بە دوو ‹ی› دەنووسرێت، نەک یەک.

لەو تاقە چیرۆکەیاندا کە نووسەر و سەرچاوەکەی دیاری کراون، کە نووسەری چیرۆکەکە: سەردار فەتاح ئەمین گوتوویەتی:

من کلکی ئەو کەوگیرەم
لە گشت مەنجەڵێکدایە

سروە لە کۆتایی کتێبەکەوە لە پەراوێزی سێیەمدا، نووسیوێتی: ‹لە پەندێکی کوردییەوە وەرگیراوە کە ئەڵێ وەک کەوچک وایە لە هەموو ئەسکوێیەکدا هەیە. ل٦٤›

* پەند نییە، idiom زاراوەیە.
* زاراوەکە دەڵێت: لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێیە.[١]
* ئەسکوێ: کەوچکێکی گەورەی دەسکدرێژە، لە دار دروست دەکرێت.
* دیزە: دەفرێکە لە گڵ ‹قوڕی سوورەوەکراوە› دروست دەکرێت.
* ‹پەندەکەی› سروە دەبێتە: لە هەموو کەوچکێکدا کەوچکە.
* نووسەری چیرۆکەکە زانیویەتی چی دەڵێت، ئەوە کۆکەرەوەیە لەبری ئەوەی یاریدەی منداڵان بدات، سەریان لێ دەشێوێنێت.

چونکە سروە نە خاوەنی چیرۆکەکانە و نە بێجگە لە خۆی، کەسی دیکەش دەزانێت، لە کوێوەی هێناون، هیچ سەرنجێک سەبارەت بە چیرۆکەکان دەرنابڕم، تەنیا دەپرسم: ئایا کوردێکی سوێدنشین مافی ئەوەی هەیە لە خۆڕا، بەرهەمی نووسەرانی کورد کۆ بکاتەوە و لە چاپی بدات؟

ساڵی پار فەرهاد شاکەلی و خەبات عارف ‹ئەلفوبێ›یەکەی ئیبراهیم ئەمین باڵداریان نەک هەر بێ پرسی نووسەرەکەی، ئاخر کۆچی دوایی کردووە، چاپ کردەوە، بەڵکە بێ ڕەچاوکردنی چۆنیەتی گوتنەوەی ئەلف و بێ، دەستکاری ڕێنووس و دەقەکانی کتێبەکەیان کرد و تەنانەت چەند بابەتێکیان لێ دەرهاویشت و هەندێکی تازەیان لە جێیان دانا.

پەنجا ساڵە منداڵی کورد بەو کتێبە فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی دەبێت. لەو ماوە دوور و درێژەدا، کتێبەکە لای کەم سی و سێ جار چاپ کراوەتەوە و چەندان کەڕەت گۆڕانی بە سەردا هاتووە، بەڵام هەمیشە هەر باڵدار خۆی گۆڕانکاریی تێدا کردووە. ناڵێم کتێبەکەی باڵدار دەقێکی پیرۆزە و کەس ڕایەکی ناکەوێت بژاری بکات، بەڵام ئایا هەموو کەس ئەو مافەی هەیە؟ بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسە ئەلفوبێی نەگوتبێتەوە؟ دەستکاریکردنی ئەلفوبێی باڵدار، یان دانانی ئەلفوبێیەکی تازە ‹ئیشی شارەزایانی پەوەردە و پسپۆڕانی بواری گوتنەوەی ئەلفوبێیە. لە کوردستانی باشوور، منداڵ هەفتانە یازدە دەرسی کوردیی هەیە، کەچی ساڵ تەواو دەبێت و مامۆستا فریای تەواوکردنی ئەلفوبێیەکە ناکەوێت.›[٢] نازانم پاساوی ئەو دوو نووسەرە بۆ ئەوە چییە، کە کتێبەکەی باڵداریان سەختتر کردووە، بە مەرجێک منداڵ لە سوێد هەفتەی یەک جار کوردیی هەیە، ئەویش دوای تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە؟ شیاوی گوتنە ئەو دوو نووسەرە لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبی منداڵاندا، گەلێک کاری چاکیشیان کردووە.

*



AKIN HITTAR HEM چیرۆکێکی منداڵانە، بینی کریستال ئەندەرسۆن بە سوێدییەکی گەلێک ئاسان نووسیویەتی. سروە کردوویە بە کوردی و ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کراوەتەوە. ناونیشانی کتێبەکە بە کوردی دەبێتە: ئەکین نیشتمان دەبینێتەوە، بەڵام وەرگێڕ کردوویە بە: ئەکین لە باوەشی نیشتمانێکی نامۆدا!

پێش ئەوەی بەراوردی نێوان دەقە سویدییەکە و کوردییەکە بکەم، ناچارم هەندێک مەرج دەستنیشان بکەم، کە وەرگێڕ ناچارە ڕەچاویان بکات:

* وەرگێڕ دەبێت بەو پەڕی دەستپاکییەوە مامەڵە لەگەڵ دەقە ئۆرگینالەکەدا بکات.
* نابێت وشەیەکی بۆ زیاد بکات، یان وشەیەک فەرامۆش بکات.
* وەک چۆن بۆی نییە، لە بەهای دەقەکە کەم بکاتەوە، هەروایش نابێت جوانتری بکات.
* دەبێت وەرگێڕانەکە وشە بە وشە وەک ئۆرگینالەکە بێت.
* وەک چۆن بۆمان نییە دەستکاری دەقێکی پیرۆز بکەین، دەبێت هەروایش ڕەوتار لەگەڵ بیر و بۆچوونی نووسەری دەقە ئۆرگینالەکەدا بکەین .
* دەبێت وابەستەی شێوازی style نووسەری ئۆرگینال بین.
* ئەگەر وەرگێڕ خۆی شاعیر نەبوو، دەبێت بۆ وەرگێڕانی یەک دێڕ شیعر داوای یارمەتی لە شاعیرێک بکات.
* تا وەرگێڕان بە بەراورد لەگەڵ دەقە ئۆرگینالەکەدا کورت بێت، چاکترە.
* سەرکەوتووترین وەرگێڕان ئەوەیە خوێنەر بە ئۆرگینالی تێبگات.
* دەبێت ‹بۆ نموونە› لە بری letter بنووسین: نامە، نەک کاغەز، دەنا ئەگەر بکرێتەوە بە ئینگلیزی، دەبێ بە paper

* وەرگێڕیش وەک هەر نووسەرێکی دیکە، دەبێت بەسەر زمانی دایکدا زاڵ بێت، ئاخر نووسین بریتییە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، بۆیە ئەوی نەتوانێت بە ڕەوانی هەست و بیری خۆی بە زمانی خۆی دەرببڕێت، باشتر وایە نە هیچ بنووسێت و نە هیچ وەربگێڕێت.

*

سروە لە بری nästan کە بە مانای ‹نزیکەی› دێت، ‹هەمیشە›ی نووسیوە. ل٤

* لە بری Jag hade havet. Det vackra blåa havet. نووسیویەتی: دەریایەکم هەبوو. دەریایەکی شینی جوان. کە هەرگیز چاو لە جوانی تێر نەدەبوو. ل٤

(١) نووسەر جوانی پێش شین گوتووە، وەرگێڕ شینی پێش جوان خستووە.

(٢) کە هەرگیز چاو لە جوانی تێر نەدەبوو. داهێنانی وەرگێڕە.

(٣) دەریا فارسییە، زەریا کوردییە.

* لە بری Polisen ville sätta mamma och pappa i fängelse för att de arbetade mot fattigdom och för frihet.

وەرگێڕ نووسیویەتی: پۆلیس دەیویست دایک و باوکم بگرێ و بیان خاتە بەندیخانەوە لەبەر ئەوەی تێ دەکۆشان لە دژی هەژاری و لە پێناوی سەربەستی و ڕزگاری دا. ل٧

(١) بگرێ، زێدەیە.

(٢) تێدەکۆشان، فرمانە دەبێت لە کۆتایی ڕستەکەوە بێت.

(٣) ڕزگاری لە دەقەکەدا نییە.

(٤) arbetade کاریان دەکردە، kämpade بە مانای تێدەکۆشان دێت.



وەرگێڕ دەبوو بنووسێت: پۆلیس دەیویست دایکم و باوکم زیندانی بکات، چونکە دژی هەژاری و بۆ ئازادی کاریان دەکرد.

* لە بری upp i bergen کە بە مانای سەرچیا دێت، بناری چیای نووسیوە. ل٧

* لەبری Bandit کە بە مانای جەردە، یان ڕێگر دێت، پیاوکوژی، نووسیوە. ل٨

* وەرگێڕ لە بری: En flygande fågel ‹باڵندەیەکی باڵدار›ی ل١١ نووسیوە، وەک باڵندەی بێباڵیش هەبێت.

* لە بری Den nya dockan är vacker کە دەبێتە: بووکە نوێیەکە جوانە، نووسیویەتی: هەرچەندە ئەو بووکە کە کڕیمان جوان بوو. ل ١٨ واتا: (١) ‹هەرچەندە و کە کڕیمان›ی بۆ زیاد کردووە.

(٢) ڕانەبردووی کردووە بە ڕابردوو.

* لەبری Jul کە جەژنی لەدایکبوونی عیسایە، سەری ساڵی نووسیوە، ل١٨ بەڵام پاش دە ساڵ هەستی بەم هەڵەیەی خۆی کردووە و لە ل ٢١ی ‹گەڵاڕێزان›دا ڕاستی کردووەتەوە.

لە بری tyst کە بە مانای بێدەنگ دێت، ‹بێدەنگ بوو، هیچی نەووت›ی نووسیوە. ل١٩

* لە بری gyllene hattar کە بە مانای کڵاوە زێڕینەکان دێت، کڵاوە ئاسنینەکانی نووسیوە، بە مەرجێک لە نیگارە ڕەنگینەکەی لاپەڕەکەدا، کڵاوەکان زەرد دەچنەوە. ل٣٤

* لە بری babbel کە بە مانای هەڵەوەڕی و قسەی نابەجێ دێت، بۆڵەبۆڵی نووسیوە.ل٢٠ gnäll: بۆڵەبۆڵە.

* لە بری Har inte ni svartskallar nåt bättre att göra än glo på oss svenskar som arbeter! وەرگێڕ نوسیویەتی: ئێوە

قـڕژەشینە هیچ شـتێکی ترتان نیـیـە بیکەن جگە لەوەی کە لە ئێـمـەی سوێدی بخوێنن لەسەر کارەکانمان! ل٢٣

(١) glor بە ئینگلیزی دەبێتە glare و بە مانای چاو لێ زەقکردنەوە، بە تۆڕەییەوە سەرنجدان و خراپ سەیرکردن، یان مۆڕە لێ کردن دێت، نەک لێ خوێندن.

(٢) svartskallar کەللە یان سەرڕەشینەیە نەک قژڕەشینە.

(٣) کارەکانمان نییە، کار دەکەینە.

(٤) دەبوو بنووسێت: ئێـوە سـەرڕەشـینە، بێـجگە لەوەی چاو لە ئێـمـەی سوێدی کە ئیش دەکەین، زەق بکەنەوە، هیچ شتێکی دیکە نازانن!

* لە بری .Så började vi bygga tillsammans ‹پێکەوە دەستمان کرد بە یاری کردن›ی نووسیوە. ل٢٩

(١) کرد و کردن لەو ڕستە کورتەدا ناجۆرە.

(٢) bygga یاری کردن نییە، ڕۆنان و چێ کردن و بنیاتنانە.

## ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە

سـالّی ١٩٩٠ پەلکەزێڕینە و ڕاهێنانی پەلکەزێڕینە کـەوتنە بەر دەسـتی منداڵان. ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە هەر هەمان ئەو دوو کـتـێبـەیە بەڵام سروە گوتەنی: ‹دوای پێداچوونەوە و گۆڕانکاری› لە سالّی ١٩٩٩ هاتووەتەوە بەر دەسـتی زارۆکـان. ئەگـەرچی نۆ سـالّ بەشی گـەشـەکـردنی نـووسـەرێک دەکات، کەچی چاپی دووەمیش وەک یەکەم لە هەڵە تژییە.

لەم کتێبەشدا نووسەر بۆی ساغ نەبووەتەوە:

* ڕستە چییە؟ ل١٠٢

* لە ڕسـتـەی کـوردیدا، فـرمـان لە دواوە دێت. ل٦ دێڕی ٦ دەیان جـاری دیکەش.



* کـە بکەر کـۆ بوو، دەبێ فـرمـانیش کـۆ بێ. ل٦ دێڕی ١٦ دەیان جـاری دیکەش.

* ڤاوڵەکان ‹پیتە بزوێنەکان› حەوت نین، ل٧٦ هەشتن: ا، ە، و، وو، ۆ، ی، ێ، وێ. ئەوی ئەو لە بیـــری چووە، ‹وێ›یە، وەک لـە وشـــەی ‹سوێر›دا هەیە.

* کردن، فرمان نییە، چاوگی سادەیە. ل١٣١ گەڵاڕێزان

* نەزم دەبێت کێش و سەروای هەبێت.

* با ‹دوانەکـەوین› لە قـوتابخـانە. ل٢٤ دوا نەکـەوین، بە سـەر یەکـەوە نانووسـرێت. ئەمـە سـەرەڕای ئەوەی بۆ منداڵی پۆلی یەکی کـوردی لە سوێد لەدایکبوو، ناشگوترێت.

* پاییـــز، بە دوو ‹ی› دەنووســرێت، نەک یەک. ل٢٩ و ل١١٦ و چەندان جاری تریش، گەرچی دوا کتێبی ‹گەڵاڕێزان›ی ناوە.

*

ئەوی کتێبی خوێندن بۆ منداڵان بنووسێت، دەبێت ڕێسای: لە ئاسانەوە بۆ سەخت، ڕەچاو بکات. ئەلفوبێی نوێی باڵدار بە وشەی ‹دار› دەست پێ دەکات و سەرەتا ئەو حەرفانە فێری قوتابی دەکات، کە تەنیا بە یەک شێوە دەنووسرێن. وەک: د، ا، ر، و، ۆ، ز، ژ. گەرچی لە ل١٠دا حەرفی ‹ی› لە وشـەی: ‹داری›دا هەیە، بەڵام فـۆرمی دووەمی ئەو حـەرفە وەک لە وشـەی ‹زیو›دا هەیە، .چونکە دەزانێت بۆ منداڵ زەحـــمـــەتە هەر لە ســەرەتاوە حەرفێک بە دوو شێوە بناسێت و بنووسێت› بۆ ل٢٠ دوا دەخات. (٣)

لە بابەتی یەکەمی کتێبە کۆنەکەی سروەدا وشەی: ‹قوتابخانە› هەیە، کە گوتنی بۆ منداڵە کوردێکی لە سوێد لەدایکبوو، لە حوکمی مەحاڵدایە. کتێبە نوێیەکەشی بە وشەی ‹ئاڵاکەی› دەست پێدەکات، کە نووسینی‹ڵا› ئەوەندە زەحـمـەتە، باڵدار ئەگـەرچی لە ل٤٣دا منداڵ فـێـری ‹ڵ› دەکـات،

بەڵام 〈ڵا〉ی هەڵگرتووە بۆ ل٥٠ و یەک  بابەتیشی بۆ تەرخان کردووە.

مامۆستا کە حەرفێکی تازە بە منداڵان دەڵێت، دەبێت لە بیری بێت، هەندێک وشەی وا بکات بە نموونە، کە ئەو حەرفەیان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییدا تێدا بێت. نووسەر لەم بوارەشدا بەخت یاری نەبووە. بۆ نموونە لە حەرفی 〈ش〉دا بیری چووە وشەیەکی  وا بهێنێت کە بە 〈ش〉 کۆتایی بێت و 〈ش〉ەکەش بە حەرفەکەی پێش خۆیەوە لکابێت. وەک: کشمیش. لەم حەرفانەی دیکەشدا تووشی هەمان غەفڵەت بووە: 〈ح، خ، ع، غ.〉 بۆ نموونە دەیتوانی ئەم وشانە بنووسێت: بلّح،  پخ، قانع و تیغ. هەروەها بیری چووە 〈خ، ع، غ〉 وا بنووسێت کە لە ناوەڕاستدا بن و بە حەرفی پێش خۆیانەوە لکابن، وەک: بخۆ، شیعر، قەڵغان.

سروە بە مەبەستی ئاسان ناسینەوەی حەرفەکان، هەندێک جار کەڵکی لە شیعری شاعیران وەرگرتووە و هەندێک جاری دیکەش خۆی ڕۆڵی شاعیری بینیوە، بەڵام بە هەردوو بارەکەدا هەر بۆی جێبەجێ نەکراوە.

جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە. ل٣٩

وا پێ دەچێت مانای 〈بە هاتەوە〉ی بۆ لێک نەدرابێتەوە، بۆیە بەسەر یەکەوە نووسیوێتی. هات: بە مانای بەخت و فەڕ دێ. ساڵێکی هاتە، واتا: ساڵێکی بە بەرەکەتە. وەک چۆن 〈بە〉ی لە خۆشی، جیا کردووەتەوە، دەبوو لە 〈هاتەوە〉یشی جیا کردباوە.

لە ل٢٨دا داوای لە قوتابی کردووە، وشەی دروست لەگەڵ وێنەی دروستدا بە یەک بگەیەنێت، یەکێک لە وێنەکان هەورە، کەچی لە بیری چووە، وشەی هەور بنووسێت. لەمەش سەیرتر ئەوەیە، یەکێک لە وشەکان: 〈وێنە〉یە. لەم حاڵەتەدا دەبێت قوتابی وێنە بە وێنە بگەیەنێت!

ڕێوی گیانلەبەرێکی فێڵبازە
حەزی لە خواردنی مریشک و بازە. ل٥٠



باز مەلێکی هێندە ئازا و بەهێزە، بە پێشمەرگەیان دەگوت: باز. تۆ بڵێیت ڕێویی هێندە ساویلکە هەبێت، بیر لە خواردنی باز بکاتەوە! ڕێوی دەشێت قاز بخوات، بەڵام دەستگیرکردنی باز، لە لایەن ڕێوییەوە مەحاڵە. باز خۆی ڕاوچییەکی گەلێک چاپووکە.

باڵدارەکان کۆچ دەکەن
بۆ لانەی گەرم بار دەکەن. ل٥٣

ئەمەیش هەر 〈هەڵبەست〉ی خۆیەتی. کۆچ دەکەن و بار دەکەن، هاوواتان، باشتر وابوو، 〈باڵدارەکان بۆ لانەی گەرم کۆچ دەکەن〉ی نووسیبا. ئەمە بێجگە لەوەی لانە، زێتر ماڵی شێرە، بۆ ماڵی مەل، هێلانە لەبارترە.

دارتوو و دارشاتوو
زۆرە لە شارەزوور. ل٥٩

* گوتنی نیوە دێڕەکەی سەرەوە بۆ گەورەیش زەحمەتە.
* زۆرن، ڕاستە نەک زۆر.
* شارەزوور تووی زۆرە، بەڵام شاتووی زۆر نییە.
* زۆرن، دەبێت لە کۆتاییەوە بێت.
* 〈هەڵبەست〉ی خراپ، یان کێشی لەنگە، یان سەروای سوار نییە. ئەمی سروە بێجگە لەو چوار خەوشەی دەست نیشانم کردن، نە کێشی تەواوە، نە سەروای هەیە.

هەڵبەستێکی خۆش هەبوو، منداڵی فێری ژمارە دەکرد، تا بڵێیت جوان و ڕەوان بوو، ئەمە یەکێکە لە دێڕەکانی:

پێنج و شەش
هەستامە سەر تەختەی ڕەش.

منداڵ نەبوو لەبەری نەبێت. سروە لە بری ئەوە، خۆی یەکێکی داناوە،

پێ ناچێت هیچ منداڵێک حەزی لێ بکات.

سێ و چوار و پێنج
چێشتی برنج. ل٦٩

شیعر مەرج نییە کێش و سەروای هەبێت، بەڵام نەزم دەبێت هەم وەزن و هەم پاشبەندیشی هەبێت. ئەوی ئەم دەینووسێت، نە شیعرە، نە نەزم.

سروە لە چاپی دووەمدا ، تەنانەت نەیپەرژاوە هەڵە چاپییەکانی چاپی یەکەم ڕاست بکاتەوە. لە ل٤٧ی ‹بخوێنە و بنووسە›دا لە بری پێچەوانەی پیس،‹پان›ی نووسیوە، لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەشدا، پێچەوانەی پیس، هەر پانە، ل٩١ نەیکردووە بە پاک. بە گشتی چاپی دووەم هەڵەی چاپی لە چاپی یەکەم زێتر تێدایە. لە بابەتی ‹باران›دا، ل٧٠ی پەلکەزێڕینە، چاپی یەکەم، یەک هەڵەی تێدا بوو. لە بری داکاتە، دەکاتەی نووسیبوو، لە چاپی دووەمدا ل١٤٣ ئەو هەڵەیەی ڕاست کردووەتەوە، بەڵام دوو هەڵەی دیکەی کردووە: ‹یاریمان›ی بە سێ ‹ی› و نەنکمی بە یەک ‹ن› نووسیوە.

من منداڵم، من منداڵم
دڵم پاکە، وەکوو گوڵم. ل٨٢

دەقی شیعرەکە بەم جۆرەیە:

من منداڵم، وەکی گوڵم
هەر وەکوو تۆ پاکە دڵم.

نووسەر چەند بێباکە! ‹هەڵبەست›ی نامۆ بە جیهانی منداڵ، دەنووسێت، هۆنراوەی پیرەمێرد بە هەڵە دەگوێزێتەوە، دەستکاریی شیعری شاعیرانیش دەکات!

سەرماوەز لە دوای گەڵاڕێزانە
هەردووکیان مانگی ساڵی کوردانە. ل٨٩



دەبوو ‹کوردانن› بنووسێت، چونکە بکەر کۆیە.

سروە ‹بەرات›ی بە پۆسک لە قەڵەم داوە. ل٩٢

بەرات دەکەوێتە ناوەڕاستی مانگی شەعبانەوە و گوایە لەو ڕۆژەدا ڕزق و داهاتی خەڵکی دیاری دەکرێت. پۆسک یادی لە خاچدانی مەسیحە و دەکەوێتە ئەپریلەوە.

پێچەوانەی ئەم وشانە بنووسە، کە ‹هێڵی› بە ژێردا کێشراوە. ل٩٤

هێڵیان، ڕاستە.

نووسەر لە ل٩٩دا شەش ڕستەی نووسیوە کە بۆشاییان تێدایە، لە بری ئەوەی بنووسێت: ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە، نووسیویەتی: وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە. لە ل٢٠٥یشدا تووشی هەمان غەفڵەت بووە.

شەست شووتی سەوز.
هەوڵ بدە ئەم ڕستەیە شەش جار بێ هەڵە بڵێ! ل١٠٢

ئەوەی نووسەر بە ڕستەی دەزانێت، ڕستە نییە. ‹شەش شووتیی سەوزم سەند،› ڕستەیە. لە کوردستان منداڵ لە پێنجی سەرەتاییدا، لە یەکەمین دەرسی ڕێزماندا فێری ڕستە ناسینەوە دەبێت. لەو ئاخاوتنەدا لە دوای ‹شووتی›یەوە، دەبێت ‹ی› کە ئامرازی پێوەندییە، هەبێت. شەش شووتیی سەوز. یان دوو هەناری شیرین. لەوەی نووسەردا ئەوانەی سەوزن، ‹شووت›ن، نەک شووتی.

سێشەممە و چواشەممە
بۆ دارستان دەڕۆین ئێمە. ل١٠٥

نووسەر بە ‹هەڵبەست›ێکی بێ کێش و لاواز، ڕۆژەکانی هەفتەیشی بە دەردی ژمارەکان بردووە.

نووسەر لە ل١٤٢دا، لە دێڕی چوارەمدا دەنووسێت: چی وت بە ئەژدەهاک؟ کەچی لە دێڕی پێنجەمدا دەنووسێ: چ گۆرانییەکیان دەگوت؟

‹وت یان گوت؟› نووسەر دەبێت خۆی ساغ بکاتەوە. هەروەها لە ل١٤٧دا مقەست و لە ل١٤٩دا مەقەستی نووسیوە. یان لە ل١٢٦دا ‹پاسکیل› و لە ل١٣١دا ‹پایسکیل› نووسیوە.

‹جێگای سەیرانگا و گەشت و گوزارە. ل١٥٩›

سەیرانگا: بە مانای جێگای سەیران دێت، کەواتە دەبوو: ‹جێگای سەیران و گەشت و گوزارە،› بنووسێت.

نووسیویەتی: ‹خێزانەکەی خەرمان لە سەربان دەنوون. ل١٨٢› دەنوون، ناوچەییە، زمانی نووسین نییە، دەخەون: ستانداردە.

‹شوانێک مەڕەکانی لە دێ دوور دەخاتەوە و دەیانبا بۆ لەوەڕ. ل٢٠٧›

ئەگەر چیرۆکبێژ بە ڕانەبردوو دەستی بە گێڕانەوە کرد، دەبێت تا کۆتایی بە هەمان زەمان چیرۆکەکە بگێڕێتەوە. نووسەر ئەم ڕێسایە ڕەچاو ناکات و دەنووسێت: گورگیش ‹کەوتە› ناو ڕانەمەڕەکە و هەموو مەڕەکانی ‹خوارد.› بەڵام دەبوو: دەکەوێتە و دەخوا، بنووسێت. یان: ‹دوو مار لەسەر شانی پەیدا دەبێت، خواردنی ئەم مارانە مێشکی لاوان بووە. ل٤٩ گەلارێزان.› دەبوو لە ڕستەی دووەمیشدا فرمانەکە: دەبێت، بێت.

کتێبەکە سێ خشتەی وشەوازیی تێدایە، ل٤٣، ل٨١ و ل١٠١ لە یەکەمیاندا سروە پێی وایە وشەی (دەزوو) لە پێنج حەرف پێک دێت، گەرچی چوار حەرفە: د، ە، ز، وو. لە دووەمیاندا حەرفی ‹د›ی لە شوێنی گونجاوی خۆی دانەناوە و وێنەی ژمارە ‹٩›یشی لە بیر چووە، لە سێیەمیشیاندا وێنەی ڕاستەیەک کە دەبوو هەبێت، نییە. سروە بۆ نیشاندانی حەرفی نوون، هانای بۆ: ‹نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب.› بردووە. ل٧٧ ئەگەر نووسەر ئەو ڕێسایەی ڕەچاو کردبا، کتێبی بۆ منداڵ نەدەنووسی. یادتان بەخێر، هەی زانایان: باڵدار، شەونم، فەرەیدوون عەلی ئەمین، عومەر عەبدولڕەحیم، نوری عەلی ئەمین، عەبدوڵڵا شاڵی، تاهیر سادق، محەمەد مستەفا کوردی، شوکور مستەفا و عیززەدین



مستەفا ڕەسووڵ. ئێمە چەند بەختەوەر بووین، ئەو مامۆستایانە و تەنانەت عەلادینی سەجادی و شێخ موحەممەدی خاڵیش کتێبیان بۆ دەنووسین! ئای لە بەدبەختی ئەوانەی لە غەریبی دەستیان بەو کتێبانەدا ناگات.

## گەلارێزان

**١٩٩٢** سروە ‹ڕەزبەر›ی بڵاو کردەوە، گەلارێزان، هەر ڕەزبەرە دوای پێداچوونەوە و گۆڕانکاری و لە ١٩٩٩دا چاپ کراوەتەوە. لە پێشەکیی گەلارێزاندا نووسیویەتی: ‹سوپاس بۆ ئەو دڵسۆزانەی بە سەرنج و تێبینییەکانیان لەسەر ڕەزبەر، گەلارێزانیان دەوڵەمەند کرد. ل٦› با بزانین گەلارێزان دەوڵەمەندە، یان ئەویش وەک ڕەزبەر زەکاتی پێ دەشێت.

یەکێک لەو دڵسۆزانە، پشکۆ نەجمەدینە، کە بە ‹نووسەر›ی ڕەزبەری گوتووە:

(١) دەبوو ئاماژە بۆ ئەوە بکەیت، کە ڕەزبەر نووسینی خۆت نییە، کۆکردنەوەیە.

(٢) دەبوو سەرچاوەکانت، لە جێی خۆیاندا و بە وردی دەستنیشان کردبا.

(٣) نەدەبوو پەندی کوردی بە هەڵە بنووسی.

(٤) نەدەبوو مانای وشە سەختەکان بە هەڵە لێک بدەیتەوە.

(٥) نەدەبوو زانیاریی هەڵە بگوێزیتەوە.[٤]

ئەگەرچی ئەم تێبینییانە مشتومڕ هەڵناگرن، کەچی سروە، لە هیچ یەکێک لەو بوارانەدا، گوێی لە پشکۆ نەگرتووە. لە ل٦دا دەڵێت: ‹ئاشناکردنی منداڵانی کورد بە کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەکەمان، ئەرکێکی گرنگە.›

کولتوور و فەرهەنگ، هەر یەک شتن، دوو شت نین، جیاوازییەکەیان تەنیا هێندەیە، یەکەمیان لاتینی و دووەمیان فارسییە.

لە (گـــەلاڕێزان)دا هـەر لە ســـەرەتاوە بەڵگەی لاوازی و هەژاریی زمانەکەیان دەداتە دەست. لە یەکەم ڕستەی یەکەم بابەتدا دەنووسێت: ‹لە دەشتێکی پڕ گوڵاڵەسوورە و نێرگزدا خۆم بینییەوە، کە پڕ بوو لە کۆتر و منداڵ. ل١٢›

* دەبوو بینییەوە، چونکە فرمانە لە کۆتایی ڕستەکەوە بێت.
* خۆم ، بکەرە، لە سەرەتای ڕستەکەوە بووایە، جوانتر بوو.
* دووبارەکردنەوەی ‹پڕ› لە یەک ڕستەدا، نیشانەی هەژاریی قامووسی نووسەرە.
* کوردییەکەی بەم خەوشانەشەوە تەنیا چوار دێڕ بڕ دەکات، لە دێری پێنجەمدا فارس ئاسا، دەنووسێت: جۆرەها.ل١٣ یان لە بری ڕێبەر، کە کوردییە، ڕابەر، دەنووسێت، کە فارسییە. ل١٤٤ یان لە بری گۆل، ‹دەریاچە› دەنووسێت.

لە ل ٤٣یشدا نووسیویەتی: باعەباعی مەڕ و بزن.

باعە، دەنگی مەڕە:

بزن باڵەی دێ، مەڕ: باعە و کاڕە

مرقەی دێ بەران، بەرخۆلە: باڕە.(٥)

لە ڕەزبەردا نووسیویەتی: ‹هەرزەکار: لاوە، جەوانە و مێردمنداڵە. ل٣٧› لە گەلاڕێزاندا گوایە دوای تێبینییەکانی پشکۆ نەجمەدین، ئەم هەڵەیەی ڕاست کردۆتەوە، کەچی ئەم جارە نووسیویەتی: ‹هەرزەکار: قۆناغێکە لە نێوان ١٤- ١٨ ساڵیدا لە ژیانی مرۆڤدا.ل٥٢›

* هەرزەکار: قۆناغ نییە، هەرزەکاری: قۆناغە.
* هەرزەکار: بە هەموو مرۆڤێک ناگوترێت، تەنیا بە کوڕ دەگوترێت.
* ساڵیدا، هەڵەیە، ساڵی، ڕاستە، ‹دا›ی پێویست نییە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم: لە مەسەلەی ‹هەرزەکار› بە ‹قۆناغ› لێکدانەوەدا،



پشکۆ، سروەی بە هەڵەدا بردووە. جێی سەرنجە سروە هەموو تێبینییە دروستەکانی پشکۆی پشتگوێ خستووە، کەچی تەنیا لەو تاقە خاڵەدا گوێی لێ گرتووە، کە دەبوو پشتگوێی بخات.

لە (ڕەزبەر)دا نووسیبووی: تەویلە: ئەو شوێنەیە مەڕوماڵات تێیدا دەژین.ل٦٧ پشکۆ نەجمەدین پێی گوتبوو: تەویلە شوێنی وڵاغی بەرزەیە، وەک: ئەسپ. کەچی لای سروە لە (گەلاڕێزان)یشدا، تەویلە هەر شوێنی ژیانی مەڕوماڵاتە.ل٨٣ بەو هیوایەی لە چاپی سێیەمدا ئەم هەڵەیە ڕاست بکاتەوە، منیش دەڵێم: تەویلە: ئەستەبڵە، کە بە سوێدی stall و بە ئینگلیزی stable ی پێ دەڵێن.

سەرنجی ئەم ڕستە ڕەقوتەقە بدەن، کە خوێنەر تووشی ژانەسەر دەکات. ‹خانی لە بایەزید مردووە. ل٩٣›

بە ڕاست بۆ ڕێزلێنان لەو شاعیرە، کە خاوەنی گرنگترین شاکارە بە زمانی کوردی نووسرابێت، نەدەبوو لە بری مردووە، کۆچی دوایی کردووە، ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، چاوی ئارامی لێک ناوە، یان هیچ نەبێ وەفاتی کردووەی، نووسیبا!

سروە دەڵێت: ‹لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا شۆڕش لە کوردستانی باشوور پەیدا دەبێت. ل٦٤›

لە ١١ی ئاداری ٧٤دا شۆڕش پەیدا نابێت، لەسەر کەرکووک و چەند مەسەلەیەکی دیکە، نێوانی پدک و بەعس تێک دەچێت، ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار هەڵدەوەشێتەوە، ‹یان ڕژێم لە ڕوانگەی خۆیەوە جێبەجێی دەکات،› ئیدی هەمدیسان شەڕ دەست پێ دەکاتەوە. شۆڕش لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا هەڵدەگیرسێت.

پرۆژە: بە عەرەبی مەشرووعە، بەعس بە ئەنفالەکانی نەدەگوت: پرۆژە، وەک سروە نووسیویەتی.ل٦٤ عەمەلیاتی پێ دەگوت. شەڕی پارتیزانی لە

کوردستانی ئێران، بەردەوام نییە، ل٦٤ ئێران دێت لە کوردستانی عێراق ڕاوە کۆمەڵە و دیموکرات دەکات. قاسملوو، سەرۆکی حدکا نەبوو، سکرتێری بوو.ل٦٥ پەکەکە: پارتی کرێکارانی کوردستانە، نەک کارگەران.ل٦٥

سەرنجی ئەم کوردییە ڕووت و ڕەجاڵە بدەن! ‹لە ژێر ناوی مەستوورەدا نووسینەکانی نووسیوە. ل٩٩› ئەمە لە بری ئەوەی بڵێت: بە ناوی مەستوورەوە دەینووسی. جێی سەرنجە نووسەری ئەم کوردییە، داوای نووسینی پارچە پەخشان، لە قوتابیان دەکات! ل١٤٢

نووسیویتی: ‹گەورەیی کوردستان ٥٢٠ هەزار کم چوارگۆشەیە.ل٥٩›
گەورەیی هەڵەیە، ڕووبەری ڕاستە.

گەلێک جاریش دەربڕینەکانی عەرەبین، وەک: نیوزلەندە،ل١٤ ڤییەنا،ل٢٩ کیمیاوی.ل٦٤ یان لە بری مانگی مارس، ‹مارت›ی نووسیوە، ل٢١ گەرچی بە کوردی ‹ئادار›ی پێ دەڵێن. ئادار نەبێ خەتاکار، خەلە دێنێ چنگ و بار. واتا: ئەگەر ئادار کەم باران نەبێت، یەک چنگ تۆو، دەبێتە بارێک.(٦)

kristendom ئایینی عیسایییە، kristian یش کەسێکە لەسەر ئەو ئایینە بێت. کەچی نووسەری گەلاڕێزان وای بۆ چووە، کریستیان: ئایینی عیسایییە.ل٢١

نووسەر یان ڕاستتر ئامادەکەری کتێب، خودی خۆی لە بابەتی پەندی پێشیناندا پەند و قسەی نەستەق و زاراوەی تێکەڵ کردووە و لێکیان جودا ناکاتەوە، ل٨٥ کەچی لە ل١٤٧دا داوای پێناسەکردنی پەندی پێشینان لە منداڵان دەکات! کتێبێک بە مەبەستێک نووسرابێت، منداڵ فێری خوێندنەوە و نووسین بکات، نابێت هەڵەی چاپی تێدابێت. گەلاڕێزان هەڵەی چاپیشی زۆر تێدایە.

*



(**زەماوەندی کلێسە**) ڕۆمانێکی دوو سەد و پەنجا و نۆ لاپەڕەیی موا مارتینسۆنە، سروە لە‹ل٢٠٧› بەدواوە، دوازدە لاپەڕەی لێ کردووە بە کوردی و ناوی ناوە: قوتابخانە نوێیەکە. جێی سەرنجە تەنانەت نەهاتووە لە سەرەتای ئەو بەشەی ڕۆمانەکەوە دەست بە وەرگێڕانی بکات، بەڵکە بازی بەسەر نزیکەی دوو لاپەڕەی یەکەمیدا داوە. چونکە سەرچاوەکەی بە شێوەیەکی ڕوون دیاری نەکردووە، دەبێت لە سەرەتاوە تا ل٢٠٧ی ڕۆمانەکە بخوێنیتەوە، ئینجا دەزانیت لە کوێوە دەستی بە وەرگێڕان کردووە.

لەو دوازدە لاپەڕەیەی گوایە تەرجومەی کردووە، بە ئارەزووی خۆی بازی بەسەر پەرەگراف، دێڕ و وشەدا داوە. هەرچی بە سەخت زانیبێت، پشتگوێی خستووە. من بەش بە حاڵی خۆم بە پلەی یەکەم، لەبەر گەڕان بە دوای وێنە و دەربڕینی شیعریدا، ڕۆمان دەخوێنمەوە، کەچی سروە هەموو ڕستە شیعرییەکانی ئەو دوازدە لاپەڕەیەی فەرامۆش کردووە.

سروە نووسیویەتی: ‹بۆ یەکەم جار لەگەڵ دایکمدا چووم بۆ قوتابخانەیەک. ئەمەش نۆیەم قوتابخانە بوو کە تاقیم بکاتەوە. ل١١٤ گەلاڕێزان›

سەرەتا وامزانی قارەمانی ڕۆمانەکە، هەشت جارەکەی پێشوو لەگەڵ باوکیدا، بۆ قوتابخانەکان چووە، کەچی کە دەقە کوردییەکە و سوێدییەکەم بەراورد کرد، دەبینم موا: نووسیویتی: För sista gången کە بە مانای: ‹بۆ دوا جار› دێت، کەچی لای وەرگێڕ بووە بە: بۆ یەکەم جار!

stad کە بە مانای شار دێت، لای وەرگێڕ بووە بە: گەڕەک. äng کە بەمانای: مێرگ، یان گیاجاڕ دێت، لای وەرگێڕ بووە بە: دەشت. گەرچی slätt دەشتە. لە بری fru کە بە مانای: ژن، خانم، هاوسەر، خان و خاتوو دێت، (کچ)ی نووسیوە. snäll کە بە مانای: دلۆڤان دێت، لای ئەم بووە بە: لەسەرخۆ، ئەگەرچی lugn بە مانای لەسەرخۆ دێت.

لە بری auktoritet ‹کە بە مانای کەسێک دێت کە خەڵکی دانیان بە توانا و بەهرەیدا نابێت و مـــــرۆڤ بخــــوازێت شــــوێن پێی بکەوێت،› (یارمەتیدەر)ی نووسیوە، rätta efter کە بە مانای پێڕەوی کردن، یان ڕاستکردنەوە لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکی تازەدا، دێت، لای وەرگێڕ بووە بە: تووڕەکردن. پێ دەچێت لەگەڵ retaدا کە بە مانای تووڕەکردن دێت، تێکەڵی کردبێت. لە بری bomull خوری نووسیوە. ئەگەرچی bomull بە مانای لۆکە دێت، ull خورییە.

لە بری på ett dumt sätt کە بە مانای: گەوجانە، دێت، ئەو ‹بە شێوەیەکی تێنەگەیشتوو›ی نووسیوە. uppmuntra بە مانای: هاندان، دێت، کەچی ئەو ‹گوتن›ی نووسیوە. minut خولەکە، ‹دەقیقە› لای وەرگێڕ بووە بە: چرکە، گەرچی sekund چرکە ‹سانیە›یە. sluka بە مانای قووتدان دێت، ئەم پێی وابووە هەڵمژینە.

سەرەڕای ئەو هەڵانە، کە مشتێک بوون لە خەروارێک، هەندێک جار دێڕ و گەلێک جار وشەی بۆ دەقەکە زیاد کردووە و زەمانی فرمانەکانیشی گۆڕیوە. جێی سەرنجە من تەنیا ئەو وشە و دەربڕینانەم بەسەر کردوونەوە کە زێتر لە یەک لێکدانەوە هەڵناگرن. ئاخر دەشێت وشەیەک لە فلان ڕستەدا مانایەک و لە فیسار ڕستەدا واتایەکی دیکەی هەبێت. بۆ نموونە HEM بە گشتی بە مانای: ماڵ، دێت، بەڵام لە هەندێک ڕستەدا بە واتای: نیشتمان، دێت.

نووسەران بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زمانی نووسینیان گەشە دەکات. هەیە ئەو زمانەی پێی دەنووسێت جوان نییە، بەڵام خوێنەر لێی تێدەگات. سروە ئەوە سێزدە ساڵە سەرقاڵی بۆ منداڵ نووسینە، کەچی نەک هەر زمانەکەی پێش نەکەوتووە، بەڵکوو لە دوا کاریدا، گەلێک جار نەک هەر منداڵ، هیچ مامۆستایەکیش لێی حاڵی نابێت، مەگەر خۆی مەکتەب بە مەکتەب بگەڕێت و مەبەستەکانی ڕوون بکاتەوە. بۆ نموونە بەم



جۆرە چیرۆکەکەی موا مارتینسۆنی کردووە بە کوردی: ‹ئەوی ڕاستی بدوێت لەسەر بێگوێییەکەی، ئەوە ئەو کەسە خۆشی لێ نابینێت، ئەو مرۆڤە جێگەی بڕوا نییە. ل١٢٣ گەڵاڕێزان› ئایا نەک قوتابیی ژیر، هیچ مامۆستایەکی زیرەکیش دەتوانێت ئەو مەتەڵە هەڵبێنێت؟

*

‹**ئەو کوڕەی خزمەتکار بوو لای دێوەکە**، ل٨٠ گەڵاڕێزان› چیرۆکێکی فۆلکلۆریی سوێدییە، بە زمانێکی ئاسان، بۆ منداڵان نووسراوە. با بزانین سروە چۆنی کردووە بە کوردی. وەرگێڕ هەر لە ناونیشانی هەقایەتەکەوە بە هەڵەدا چووە، کاتێ لە بری dräng کە بە مانای: سەپان، ڕەنجبەر یان پاڵە دێت، ‹خزمەتکار›ی نووسیوە. لە بری korna کە مانگاکانە، مەڕوماڵات و لە بری imponera کە بە مانای سەرنجڕاکێشان و کارتێکردن دێت، ترساندنی نووسیوە. لە بری fura کە بە مانای: (کاژ) دێت، ‹دار› و لە جێی loppa کە بە مانای کێچ دێت، مێرووی نووسیوە. یان لە بری gröt کە پەڵووڵەیە، نانی بەیانیی نووسیوە. ئاخر کام دار؟ کام مێروو؟ کام خۆراکی بەیانی؟ هەر یەکێک لەوانە سەدان جۆری هەیە.

لە بری fjärdedel کە بە مانای چارەک دێت، ‹نیوە› و لە جێی skinn کە بە مانای: چەرم، کەوڵ یان پێست دێت، قایش و لە باتی piga کە بە مانای کارەکەر دێت، (کچ)ی نووسیوە. smörkärna کە (هیزە)یە، ئەو پێستەیەی ڕۆنی تێدا هەڵدەگیرێت، کەچی لای ئەم بووە بە: گۆزە. inte se sig om کە بە مانای ئاوڕ نەدانەوە، دێت، لای ئەم بووە بە: سەیری ئەملا و ئەولاش مەکە. لە بری höloft کە بە مانای: کایەن، کادان، یان کادێن، کە عەماری کایە، دێت، ‹تەویلە›ی نووسیوە.

لە دەقەکەی سروەدا کوڕەکە دەڵێت: ‹بە ڕۆژێک بە تەور سەد تەن گەنم بژار دەکەم.› ئەمەش لەوەوە هاتووە، وەرگێڕ slaga کە جەنجەڕە، وای زانیوە: تەورە. tröska کە گێرەیە، لێی بووە بە بژار. tunna کە

بەرمیل، بۆشکە، یان دەبەیە، لێی بووە بە: 〈تەن〉 کە دەکاتە هەزار کیلۆ! منداڵی کورد لە سوێد ناچارە ئەم بابەتە بخوێنێت، کە سروە 〈ببوورن ناچارم بڵێم〉 کردوویەتی بە پەند، نەک بە کوردی. دەغڵ بە داس درووێنە دەکرێت، بە جەنجەڕیش: گێرە و ئیدی نۆرەی شەنکردن دێت.

خەرمانی خەمان، ها وە دەم باوە
شەنکەر یەکێکە دوو شەن وە لاوە

چونکە کوردستان کۆمەڵگەیەکی جووتیارییە، قامووسی زمانی کوردی لە بواری کشتوکاڵدا، هێندە دەوڵەمەندە، وەرگێڕ بۆ هیچ وشەیە دانامێنێت. پێ ناچێت وەرگێڕ چیرۆکێکی حەزرەتی عەلادینی سەجادی، حەسەنی قزڵجی، یان شاکیر فەتاحی خوێندبێتەوە، ئەگەرنا بە تەن گەنمی بە تەور بژار نەدەکرد. بژار: خاوێنکردنەوەی شینایییە، لە گژوگیای زیانەخرۆ. گێرە: گێڕانی وڵاغ یان جەنجەڕە بەسەر دەغڵدا. وەرگێڕ لە خۆی ناپرسێت: ئایا مامۆستای کوردی، چۆن بە پشتبەستن بەم تێکستانەی ئەم، دەرس بڵێتەوە؟ سروە بێ ئەوەی مەبەستی بێت، زیان و ئازاری بە قوتابی و مامۆستای کورد گەیاندووە.

*

دەزگای کاروباری قوتابخانە Skolverket لە سوید بۆ هەر زمانێکی ناسوێدی، ئەرکی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی تەنیا یەک کتێب بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن دەخاتە ئەستۆی خۆی. سروە ئەگەرچی توانیویەتی ئەو کارمەندە سوێدییەی بەرپرسی ئەم پرۆژەیەیە وا لێ بکات، ئیشی کتێبی خوێندن بۆ منداڵانی 〈سۆرانی ئاخێوەر〉ی پێ بسپێرێت، بەڵام جێی داخە نەیتوانیوە کتێبی گونجاو بنووسێت. بەمەش چونکە بووەتە ڕێگر لە بەردەم خەڵکی بەتوانا لە بوارەکانی نووسین و پەروەردە و فێرکردندا، زەبرێکی گەورەی بە منداڵانی سوێدنشینی سۆرانی قسەکەر گەیاندووە.



فەهمی کاکەیی گەلێک کتێبی بۆ منداڵان ئامادە کردووە، بەڵام دوا کتێبی: گەرمیان، چونکە بە هاوکاریی سێ نووسەری دیکە: ئەمجەد شاکەلی، مەهاباد قەرەداغی و فەرهاد شاکەلی نووسیوە، لە کارەکانی پێشووی سەنگینترە. لە باشووری کوردستان، بێجگە لە ئەلفوبێی نوێ کە ئیبراهیم ئەمین باڵداری 〈مامۆستای نەوەکان〉 بە تەنیا نووسیویەتی، کتێبەکانی دیکەی خوێندن بەرهەمی ماندووبوونی دەستەیەک لە مامۆستایانی شارەزای بواری پەروەردە و فێرکردنن. لە سوێد گەلێک کەسی لە بواری بۆ منداڵ نووسیندا، خاوەن ئەزموون دەژین، ئەگەر سروە داوای کۆمەکی لێ کردبان، دۆی کتێبەکانی هێندە ڕوون نەدەبوو.

سروە وەک توانای دەربڕینی لەو ئاستەدا نییە، یاریدەی بدات، کتێب بنووسێت، وەک کوردییەکەی نە بە کەڵکی نووسینی پەخشانێ دێت و نە بۆ وەرگێڕانی کورتەچیرۆکێکی منداڵانیش دەست دەدات، سەلیقەی هەڵبژادنیشی بە هانایەوە نایەت. بۆیە باشترین خزمەتێک بە منداڵانی سۆرانی ئاخێوەری سوێدنشینی بکات، ئەوەیە: چی زووترە گۆڕەپانی کتێبی خوێندن بۆ منداڵ نووسین، کە دەمێکە قۆرخی کردووە، چۆڵ بکات و لێ بگەڕێت با کەسانی لێهاتوو خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پیرۆز و گرنگە بن. شیاوی گوتنە من خۆم بە یەکێک لەو لێهاتووانە نازانم.

ئەوی خەریکی نووسینە، ئەگەر سوودی لە تاقە دێڕێکی هەر نووسەرێک بینی، دەبێ ئەو تاقە دێڕە بخاتە نێوان دوو کەوانەوە و بە ڕوونی ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی بکات. واتا: ناوی نووسەری دێڕەکە، ناوی کتێبەکەی، لاپەڕەکەی، ساڵ و شوێنی چاپیش بنووسێت. خەوشی هەرە گەورەی گەلاڕێزان ئەوەیە، نزیکەی سێ بەشی بەرهەمی ڕەنجی کەسانی دیکەیە، بێ ئەوەی سروە وەک پێویست سەرچاوەکانی دەستنیشان کردبێت. چونکە خۆی وەک خاوەنی 〈نەک ئامادەکەر، کۆکەرەوە، گوێزەرەوە، یان وەرگێڕ〉 کتێبەکە لە قەڵەم داوە و بێ ترس و دڵەڕاوکێ ناوی خۆی لەسەر گەلاڕێزان

نووسیوە، ئەم ئیشەی ئەگەر نەڵێم تاڵانکردن، ئەوا لای کەم پێشێل کردنی مافی دەیان نووسەرە و یەکێکە لە جۆرە هەرە دزێوەکانی سووک سەرنجدانی ماندووبوونی خەڵکی دیکە. ئاخر کەس مافی ئەوەی نییە، بەرهەمی نووسەرانی تر، بێ ئەوەی پرسیان پێ بکات، لە دوو توێی کتێبێکدا کۆ بکاتەوە و ناوی سێقۆڵی خۆی لەسەر بەرگەکەی بنووسێت. ئایا کەس مـــافی ئەوەی هەیە، تووشی هەر پایسکیلێک هات، پارچەیەکی لێ بکاتەوە، تا پایسکیلێک بۆ خۆی پێکەوە بنێت؟

پەیامنێرتان لە هەڵەبجەوە[٧] نووسینێکی منە، ‹بێزار› ناوێک، کە بێ ئەوەی پرسم پێ بکات، هەشت لاپەڕەی بە ناوی خـــۆیەوە، لێ بڵاو کـردووەتەوە،[٨] تەواو وەک ئەوە وایە هەشت چەقـــۆی لێ دابێـــتم. بێ گومانم ئەو نووسەرانەیشی کە سروە بەرهەمیـان بە ناوی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە، هەر هەمان هەستی منیان هەیە. ئەوی زێتر جێی داخە، هەندێ لەو ئەدیب و زانایانەی ئەم مافی خواردوون، لە مێژە دنیـای فـانییـان جێ هێشتووە.

سروە ژنە، کەچی نووسینەکانی لە نووسینی ژن ناچن. هەر ژنێک توانای نووســـینی هەبێت، با بەرهەمی بە ناوێکی کــوڕانەشـەوە بڵاو بکاتەوە، خوێنەری وریا هەست دەکات نووسەرەکەی ژنە. هەر ژنێک سنووری زمانی زاڵی پیـاوانە نەبەزێنێت و وەک ئەم دەسەڵاتی بەسـەر زمـاندا نەشکێت، نووسینی هیچ خەسڵەتێکی ژنانەی تێدا نابێت. توانای زمانی ئەم کەڵکی ئەوەی پێوە نییە، بتوانێت هەست و بیری خۆی پێ دەربـڕێت. ئەوی ڕۆمانەکانی ژنە ڕۆماننووسی ئینگلیز جێن ئۆستێن بخوێنێتەوە، تێدەگات ئەدەبی ژنانە چییە. ئەو نووسەرە مەزنە کە داهێنەری ڕۆمانی کلاسیکە، لە ڕۆمانەکانیدا، ژنانە، بە قووڵی باس لە هەوڵی ئافرەت، لە بواری گەڕان بە دووی مێرددا، دەکات.



چەند بۆنخۆش بوون
ئەو گوڵانەی دات لە قژم.[٩]

لە نێوان ئەو ژنە کوردانەدا کە شیعر دەنووسن، بەرهەمی هیچیان هێندەی شیعری کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ژنانە و خۆڕسک نییە.

جێی داخە سروە هیچ شارەزاییەکی لە تەکنیکەکانی نووسیندا نییە، تەنانەت سەرەتاییترین زانیاریی، دەربارەی نیشانەکانی خاڵبەندیش نییە. چۆنێتی نووسینی ناوی سەرچاوە، لە ئەم چۆتە کوڵی شێر. بە درێژایی هەردوو کتێبەکەی، خوێنەر بە دەگمەن تووشی ڕستەیەکی جوان و ڕەوان دەبێت، کە بەرهەمی بیری خۆی بێت. ئەوە ئاساییە، کەسێک لەبەر هەر کۆمەڵە هۆیەک، دەسەڵاتی بەسەر بوارەکانی پەروەردەی منداڵ، پرۆگرامی خوێندن، سایکۆلۆژیا، کۆمەڵناسی، هونەری نووسین، زمانی خۆی و بێگانەدا نەشکێت، کارەسات ئەوەیە پێی وابێت شارەزای هەموو ئەو بوارانەیە و کتێبی خوێندنیش بۆ منداڵ بنووسێت.

من هەمیشە دەمەوێت لە کورتی بیبڕمەوە، ئەگەرنا کتێبەکانی سروە لە چەندان بواری دیکەشدا هەڵە و کەلێن و کەموکووڕییان تێدایە. چونکە هیچ وەختێ بۆ فێربوون، ئەگەر خۆمان ماندوو بکەین، درەنگ نییە، بۆیە هیوام وایە لە داهاتوودا، نووسەرێکی منداڵانی چاکی لێ دەربچێت.

2000. 06. 14

## سەرچاوەکان

(١) هێدی، دەستە بوخچە، زاراوەی ژنانی موکریان، ل١٩٨ سوێد ١٩٩٩ کتێبی هەرزان.
(٢) فوئاد قەرەداغی، بابەتەکانی پەروەردەی نوێ، ل ١٣٩ و ١٤٣ سلێمانی ١٩٩٩ چاپخانەی سەفوەت.
(٣) د، ئیبراهیم قادر محەمەد، ڕێگای وتنەوەی ئەلف بێیەکەی باڵدار، ڕامان ژ:

٤٧، ل١٣٢ دەزگای گولان، ئایاری ٢٠٠٠ هەولێر.
(٤) زریان عەبدوڵڵا (پشکۆ نەجمەدین) ڕەزبەر، گۆڤاری خەرمانە ژ ٧ ل٥٧ سوێد ١٩٩٣
(٥) ئیبراهیمی ئەفخەمی، دەنگ و مەتەڵی کوردی، انتشارات محمدی ١٣٢٨ سقز
(٦) علی معروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کورد، ل١٣ چاپخانەی الحوادث ١٩٨١ بەغدا د.
(٧) حەمە سەعید حەسەن، گۆرانییە باڵنەکراوەکان، ل٢٩ چ. ئاپێک ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم.
(٨) حلبجه تکرار هیروشیما، به کوشش: بهرام ولدبیگی ل ١٧٣- ١٨٠ انتشارات ن و القلم ١٣٧٤ سنندج.
(٩) گەلاوێژی نوێ، ژ: ١٧و ١٨ ، ل٢٩٦ بنکەی گەلاوێژ ٢٠٠٠ سلێمانی
(١٠) سروە، شێر و مشکە بچکۆلەکە، نووسیگەی تارا ١٩٨٧ سوێد
(١١) بینی کریستال ئەندەرسۆن، ئەکین لە باوەشی نیشتمانێکی نامۆدا، و: سروە، چاندی کوردی ١٩٨٩ ستۆکهۆڵم.
(١٣) سروە، ڕاهێنانی پەلکەزێڕینە، نووسینگەی سارا ١٩٩٠ ستۆکهۆڵم
(١٤) سروە، ڕەزبەر Skolverket Tryckop grafiska 1992 Stockholm
(١٥) سروە نوری عەزیز ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە Skolverket چ. ئاپێک ١٩٩٩ سپۆنگە
(١٦) سروە نوری عەزیز، گەڵاڕێزان Skolverket چ. ئاپێک ١٩٩٩ سپۆنگە.
(17) Binnie Kristal- Andersson, Akin hittar hem, Bohusläningens Boktryckeri Ab 1985 Uddevalla.
(18) Moa Martinson, Kyrkbröllop, s. 207- 218 Tryck SONY 1991 Finland.
(19) Ulf Palmenfelt, Sagor från svenska landskap, s. 166- 169 Vänersporgs Offset AB A1988 Vänersborg.
(٢٠) فەرهەنگی خاڵ، هەنبانە بۆرینەی هەژار و قامووسی زمانی کوردیی زەبیحی.
(٢١) ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ئەلفوبێی نوێ، بژارکردنی: فەرهاد شاکەلی و خەبات عارف، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٩ سپۆنگە.



## ناواخن

ڕۆشنبیر و دەسەڵات ........ 5
دیوانێکی بێ شیعر ........ 12
پاشایەکی نیمچەڕووت ........ 23
منداڵێکی سەرسپی ........ 27
ئەزموونی نووسین ........ 40
کورسی و سروود ........ 49
هەڵدانەوەی دوو لاپەڕەی کۆن ........ 54
مردن لە گەرمەی ژیاندا ........ 62
یەکەمین ئێس ئێم ئێسە شیعر ........ 68
ئایا من ئاگرخۆشکەری شەڕی براکوژی بووم؟ ........ 72
محەممەدی کەڵەگەت ........ 78
شاکاری بێکاران ........ 81
پەیامێکی عاجیل بۆ سەرنووسەرێکی فاشیل ........ 87
شیعری ئەویندارى ........ 96
سەرۆکی نووسەران یان نەمان ........ 98
کولتوور و کلدان ........ 101
ئەمشەو ........ 105
ژن و کلاون ........ 109
گەشتنامە ........ 111
دۆی دادە ڕوونە ........ 126